★ لەم چل و ئەوەندە ساڵەی دوایی‌دا ، کەنەوەی نوێی کورد مەقەستەی کردو خۆی لەبیروژانی کۆنەنەوەکان راپسکاند .. لە بانیا قەسیدەی نوێ کوردی قەقەگوڵی کردو سەری‌هەڵداو بوو بەتەرووبرترین بزوتنەوەی نو ئەدەبەکەمان ... بەگەلێناو (ئازاد ـ سەربەست ـ نوێ ـ نوێخوازی) ناوزەدکراو جۆرە (حەساسیەت)یکی ترو شێوازو خەوبینینو نوڕلانەیەکی‌تری هێنایەکایەوە .. بوو بە شۆرشێکی دیاری نووجیهانی ووشەی گەوارای کوردی ..

بێگومان ئەم بزوتنەوەیەش هەروا بەخت‌وخوڕایی نەکەوتەوە .. نە قارچك بوونە دومەلان ـ بەڵکو لەنەنجامی چەندین پێداویستیەکی جوانیلزێی و فیکری و شارستانی و رۆشنبیری‌بەوە شکۆفەی‌داو بۆنی‌هەڵانەی هات ، چونکە سەر بەکاروانێکی درێژخایەنی شیعر بوو .. رەگی‌هەبوو .. جاهەر لە قەسیدەی لیریك و گۆرانی ئامێزو ئاسانەوەوەرە ، تادەگەیتە ئەو قەسیدە شارستانیەی کە بناغەیەکی چڕوقایم و تەکنیکێکی قورس و ئیقاعێکی پڕلە هارمۆنی و دەنگی جیاو ئاسنی‌جیا ، تادەگەیتە قەسیدەی چیرۆك و قەسیدەی درامایی‌بەوە ـ گەر قەسیدەی درامایمان هەبێ ! ؟ ـ سەرەڕای ئەمەیش ـ ئەوبزوتنەوەیە ـ گەلێ دەساوێژی هونەری و کەرەسەی بنیادنانی تازەیشی لەتەك خۆی و لەبەر خۆری دیالیکتیکانەی وردو لە بارەوە رەبێش کردو رووی لەجۆرە کەژێکی تازەی ناخی ناخەوەی قەسیدەکرد .. بێگومان ئەبوایە شیعری‌نوێ ئەم هەمو هەڵچوونو کاروان قۆناغانە ببینێ ، چونکە جۆری زانو جۆری ژیانو کات و هەستو هۆش تادەهات بەگوردەگۆڕاو خۆی‌دەزاخاند ، تالەئەنجامابوە مایەی قاوغەشکاندنو کەمەربەستێکی تازەی بینینو چێژوروانگەیەکی تازەتری لەلای مرۆڤی شاعیردا هەنخست.. !! چل‌ساڵەو ئەم بزوتنەوەیە هەنگاوئەنێ .. هەنگاو .. چل‌ساڵو بتریش .. !! هەربۆیەشە ، ئەبێ بەحەزو گزوفتو چێژو خەونێکی تەپو تازەوە لەو بزوتنەوەو لەو شیعرە بگەین و زۆر بەوردیش ئەوراستی‌یە لەبەرچاوبگرین ، کە قەسیدەی نوێ ، خۆی لەخۆی‌دا کارێکی داهێنەرانەی مرۆڤی‌سەردەمە ، کەبە تاسەوتوانستێکی کەفەرێژەوە ، روو لە خەوبینین و نوڕلانەلێدانی هاوچەرخانە ئەنێو بەکارامەیی خۆی لەنێو چەنگەی شتەکان‌دا حەشار ئەداو بەزمانێکی بزۆزەوە گرفتەکانی ئەم چاخە لە هەمێز ئەگرێ .. کەئەمەیش ـ بێمقۆمقۆ ـ بێبوونی رێبازێکی زیرەك‌و نوێخوازانەی رەخنەوە نەبێت سەرناگرێ .. !!

★ بێگومان لە ئەمرۆکەی ئەدەبەکەی ئێمەدا ، دووجۆرە (دەنگەشیعر) هەیە .. یەکیان : (کلاسی)و ئەوی‌تریان دەنگێکی (نوێ) یانوێخوازە ... لەباڵ کلاسیەکەدا :

١ ـ هەندێ شاعیری فیچو رابورتنوسی‌وا هەن ، کەزۆر کوترانە وتووتیانە لاسایی کۆنە شاعیرە بلیمەتەکان ئەکەنەوە و کارەکەشیان بۆ مەیسەر نابێ .. !

٢ ـ هەندێ شاعیری‌تر هەیە ، بابەتی فەریك و هاوچاخ وەرئەگرێ و لەنێو کۆنە قاڵبەکەدا سات و سەوای لەگەل ئەکاو هیچ‌جۆرە نوێکردنەوەیەکی‌وا لەشکلدا داناهێنێ .. بێگومان نمونەی ئەو دایکەردانە هێشتا هەرماون ، بەڵام بەرەبەرە وابەرەو ئەمان ئەڕۆن و چش .. !

بێگومان هەریەك لەم دوو دەنگانەیش (کلاسی و نوێ) جۆرە رەخنەو رتبازو باری سەرنجو لێکۆڵینەوەی سەر بەخاسیەتەکانی خۆی هەیە .. ! بەڵام ئەوەی من ـ لێرەدا ـ سەرنجی بۆ رائەکێشم ، یەکەمیانیە ، دوەمیانە .. واتە : جوڵانەوەی شیعری نوێو لە باڵیشیا رەخنەی نوێو لێکۆڵینەوەی نوێیە .. چونکە ئەدەبی باڵای کلاسیکی ، چەند کەسێکی دەسپێشکە رولیتهاتووی بۆ پەیابوەو وردە وردە خەریکن تاوتوێ ئەکەنو بەوردی لێی ئەکۆڵنەوەو شاعیرو دیوانە شیعرەکان لە تاریکستانی چاخەکانو لەفەوتان رزگارئەکەن .. !! کەچی دووەمیان هێشتا هیچی‌وای بۆنەکراوە ... !

راستە : ئێمە تائێستا هەندێ لێکۆڵینەوەی جیاجیامان لەبارەی ئەم جوڵانەوەیە هەیە ، لێرەلەوێ .. لەنێو رۆژنامەو گۆڤارەکانا ، لەنێو هەندێ سیمارەو (پێشەکی) دیوانەکانا ، شۆکی‌داوەو وەکو پێداچوونەوەیەکی خێراو زۆرخێرای شاعیرێکی لاو ، یا دیوانە شیعرێکی تازەهاتوە .. بەڵام ئەفسوس تارۆژی ئەمرۆ ، لێکۆڵینەوەیەکی ئەکادیمیانەی پڕ لە چێژو تێکرای ئەم جوڵانەوەیەمان نیە ، تاتاسەمان بشکێنێ‌و دڵنەوازیمان بکات .. دور لەهاش‌و هووش‌و لەکۆشە سەرنجی یەکجاوانەی کتوکوڕانە .. دور لەدیما گۆگیەتی رەخنەو رەخنە (بازی)و شەڕفرۆشتن‌و پەلارو نوقورچو گازگرتن .... لێکۆڵینەوەو رتبازێکی وردەگیری‌وا ، کەبە تەواوەتی خەون‌و هەناسەو ژانی ئەوەی نوێ هەڵبخات ..!.. چونکە ئەدۆگماتیزمی رەخنەیی و ئەهەڵخستنی هەندێ کێشەی حازربەدەس‌و

بڕوانە : ل : ١١

باچاو لەهەڵەکانمان نەپۆشین

لێکۆڵینەوە لە هەر لایەنێکی زمانەوانی‌دا پێویستی‌یەکی قوولی بە تێگەیشتن و پێگەیشتنێکی رۆشنبیری رێزمانی ئەو زمانە هەیە کە لێی دەکۆڵینەوە ، هەروەها هەڵکشان‌و داکشان‌و قسە لە سەرکردن‌و لێکدانەوەی هەر مەسەلەیەك رەنگە لقی جیاجیای لێ ببێتەوە کە سەر بە مەسەلەکەی رەسەن بن ئەگەر لێکۆڵەرەوە شارەزایی‌یەکی زانستیانەو رۆشنبیرانەی دەربارەی نەژادی مەسەلەکە نەبێ ناتوانێ بەووردی‌و وەستایانە لقەکانی تری شی بکاتەوەو بە رۆشنایی‌یان شادبکات‌و ماڤی خۆیانی‌یان بداتێ .

لەم ڕوانگەیەوە دەمەوێ چەند تێبینی‌یەکی زمانەوانی دەربارەی ئەو بابەتەی کە لە گۆڤاری (بەیان) ژمارە (٤٠ـ ٤١) ئازادی ١٩٧٧ لەژێر سەرناوی (دەربارەی جووتەناو لە کوردیدا) کە لە نووسینی برادەر (مکرم رشید) بوو بڵاوبکەمەوە .

١ ـ پێشەکی دەربارەی ناوونیشانی بابەتەکە :

وەکو دیارە برادەری ناوبراو ووشەی (جووتەناو)ی کردووە بە سەرناوی ووتارەکەی کە ئەمەش هەڵەیە .. ! چونکە هەر بەشێکی رێزمانی بگرین لە (ناو، ناوەڵناو ، چاوگ ، کار بە هەموو جۆرەکانی‌یەوە ، ناوەڵکار ، .... هتد .) دەبینین هەموویان لە خاڵێکدا بەکتری دەگرنەوە ئەویش ئەمەیە کە هەموویان (ووشە)ن بەڵام هەرایەکەیان بۆ مەبەستێك بەکاردێن . لێرەدا ئەوەمان بۆڕوون دەبێتەوە کە (هەموو ناوێك ووشەیە بەڵام هەموو ووشەیەك ناو نییە.) کەچی ووتار نووس لەم ووتارەی‌دا هەموو جووتە ووشەیەکی زمانی کوردی خستۆتە ژێر رکێفی (ناو) کە ئەمەش لەگەل رەوتی ناوەڕۆکە بەر فراوانەکەی‌دا ناگونجێ‌و بکرە هەرستەمیشە. چونکە هەروەکو دەزانین جووتە ووشە بەر ئەنجامی کۆکردنەوەی دوو ووشەیە ئینجا ئەم دوو ووشەیە ناو بن وەك : (دەشت‌ودۆڵ.) یان ناوەڵناو بن وەك (گرژومۆن) یان ناوەڵکار بن وەك (شەوورۆژ).. هتد .

٢ لە دێریکدا ئاوا هاتووە : (ـ ((ووت‌وویژ)) ـ کە لە چاوگی ـ ((ووتن)) ـ و ـ ((بێژین)) ـ ەوە هاتوون (ووت) ڕاستە کە لە چاوگی (ووتن)ەوە وەرگیراوە بەڵام (وێژ) کە ووتار نووس دەتوانێ لەچاوگی (بێژین) وەرگیراوە، (شێخ محەمەدی خاڵ لە فەرهەنگەکەیدا جزمی یەکەم (بێژان) بە چاوگی (دالی) دەداتەقەلەم بە مەبەستی قسەکردن . ئەك (بێژین) .

شێخ محەمەدی خاڵ وابزانم ئەمە هەنەیەکی یەکجار هەروەها ووتارنووس دەڵێ (جمەوجوول) کە لە چاوگی (جمین)و (جووئین)ەوە هاتوون زەقو دیارە . چونکە شتێکی دیارەکە (جمانوجوولان) دوو ووشەی هاوەمەبەستی یەکترین هەتا ئێستاکەش هەر ئەمە بەکارهاتوە کورد دەڵێ : (دەستمجما ... ، ئەوەندەی هەوڵمدا هەر لەجێی خۆی نەجووڵا ..) لەفەرهەنگەکەیدا جزمی یەکەم بە چاوگی (دالی)یان دەداتەقەلەم . ئەك (یائی) ....! نازانم کاکی برادەر لە هێنانەوەی ئەم چاوگانەدا پشتی بە چ سەرچاوەیەکی زمانەوانی بەستۆتەوە ... !! ؟

٣ ـ لە شوێنێکی تری نووسینەکەیدا نووسراوە : (ئەو جووتە ناوانەی کە بۆ یاری بەکاردێن لە پێك هاتنیاندا بەگشتی ووشەکە یان ناوەکە دووبارە دەکرێتەوەو پاشان پاشگری (ێن)ی دەچێتە سەر وەك (تۆپ‌تۆپێن) . ئەم جووتە ناوانەی خوارەوە لەم بەشەن : پەت پەتێن ، غارغارێن ، بازبازێن ، حەچ‌حەچێن ،)

لێرەی زمان‌و زانستەکانی کۆڕی زانیاری کورد لەکتێبی (رێزمانی ئاخاتنی کوردی)دا لەلاپەڕە (٢٦١) دا لەم بارەیەوە دەڵێ : (صیغەیەك هەیە بەزۆری بۆ ـ ناوی‌یاری ـ بەکاردێت ، کۆتاییشی بە (انی) دێت .)

بۆیە دەبایە برادەر مکرم ئاگاداری لەم لایەنەش هەبوایە . ئاشکراشە ئەم ڕایە لەڕاستەقینە دا نزیك‌ترە.

وێنەش زۆرو زەوەندە لەم بارەیەوە . سەرەڕای ئەو وێنانەی کەووتارنووس هێناویەتیەوە گەلیکی‌تر هەنە وەك : (بڕبرانێ ، جگ‌جگانێ، جنجق‌جنجقانێ ، گوریس‌گوریسانێ ، کراوکراوانێ ، سنی‌سنیانێ ، ... هتد)

٤ ـ ووتارنووس وێنەیەکی‌ترمان بۆ دەهێنێتەوە کە لە بناخەی دووچاوگی دژیەك پێك‌هاتووە ئەمەیە : (هات‌وچۆ) دەڵێ : (کە لە بناغەی چاوگی (هاتن‌وچوون) وەرگیراوە .)

دەمەوێ پرسیار لە برادەر مکرم بکەم ئاخۆ چۆن بناخەی چاوگ دروستدەکرێ ...!؟ لە وانەیە بڵێ پرسیارێکی سەیر ... ! منیش دەڵێم زۆرسەیرە ... !!

بناخەی چاوگ لە رێزمانی (ن) لە چاوگ‌دا دروستدەبێ . کوردی‌دا بەفرێ‌دانی بیتی بانی (هاتن) بە فرێ‌دانی (ن) دەبێتە (هات) کە بناخەی چاوگە ئەمەیان زۆر ڕاستە . بەڵام ئەدی چاوگی (چوون) خۆ بەفرێ دانی (ن) ئەوا هێشتا دوو (و) دەمێنێتەوە کە هی دووەمیان نیشانەی چاوگەکەیە ، کەچی برادەر مکرم ووشەی (چۆ)ی نووسیوە هەروەکو لە ووشەی (چۆن) وەرگیرابێ نەك لەچاوگی (چوون) ... ! هەر لە هەمان شوێندا دەڵێ : (جووتە ناویشمان هەیە لە بناخەی دوو چاوگی دژیەك پێك‌هاتوون

بڕوانە : ل : ١١

کریم احمد حسین

Institut kurde de Paris

هه‌کته‌بی بلاوکردنه‌وه‌و راگه‌یاندنی نه‌ته‌وه‌یی‌و وه‌زاره‌تی راگه‌یاندن به‌داخه‌وه کۆچ کردنی شه‌هید عثمان محمد فائق راگه‌یه‌نن

هه‌کته‌بی بلاوکردنه‌وه‌و راگه‌یاندنی نه‌ته‌وه‌یی‌و وه‌زاره‌تی راگه‌یاندن کۆچ کردنی هاوڕێی شه‌هیدکراو عثمان محمد فائق ئه‌ندامی ئه‌نجوومه‌نی یاسادانانی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی‌و به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی‌ی ده‌زگای ڕۆشنبیری‌و بلاوکردنه‌وه‌ی کوردی ـ وه‌زاره‌تی راگه‌یاندن ـ راگه‌یه‌نن .. که‌به‌یانی پێنج شه‌مه‌ی ١٦ی حوزه‌یران پاش‌بی‌کانی له‌لایه‌ن تاقمێکی تاوانباری به‌کرێگیراوی ئیستیعماره‌وه کۆچی‌دوایی کرد



● دوای شۆڕشی حه‌فده‌ی ته‌موزی ساڵی ١٩٦٨ ، به‌به‌ڕێوه‌به‌ری له نیستگه‌ی به‌غدادا نیشی‌کردووه ، له‌باشا له‌ناو ده‌زگا جیاجیاکانی راگه‌یاندندا هاتوچۆی‌کردووه .

● دوابه‌دوای ساڵی ١٩٦٩ کاری سکرتێری له‌و لیژنه‌ی ناشتی‌یه‌دا کردوه که سه‌ر‌به‌رشتی‌ی به‌جێهێنانی به‌یاننامه‌ی یانزه‌ی‌نازاری ساڵی ١٩٧٠ی ئه‌کرد .

● بۆ ئه‌ندامیه‌تی‌ئه‌نجوومه‌نی یاسادانی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی‌و ئه‌مینداری‌گشتی ڕۆشنبیری‌و لاوان له‌ئه‌نجوومه‌نی‌راپه‌ڕاندنی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمیدا هه‌ڵبژێرا .

● دوا‌یه‌ی که تا ڕۆژی شه‌هیدبوونی له ١٦ی حوزه‌یرانی ١٩٧٧دا بینیوه‌نی به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی‌ی ده‌زگای ڕۆشنبیری‌و بلاوکردنه‌وه‌ی کوردی‌بوو ، سه‌ره‌ڕای پایه‌ی ئه‌ندامیه‌تیشی له ئه‌نجوومه‌نی یاسادانادا .

● هاوڕێ‌و برادەره‌کانی به‌تیکۆشه‌رێکی‌جه‌سوورو نازاو به‌وه‌فاو دڵسۆزیان ناسیوه ، له هه‌موو ئه‌و مه‌یدانانه‌دا که کاری تیداکردوون .

● خاوەن خێزانه‌و حه‌وت منالی هه‌یه .

هاوڕێی شه‌هیدکراو عثمان محمد فائق تێکۆشه‌رێکی‌به‌عسی بوو له‌ڕیزی جه‌ماوه‌ری کوردەوه هاتبوو .

بۆ خزمه‌تکردنی مه‌سه‌له‌ی حیزب‌و گه‌ل‌و مه‌سه‌له‌ی پته‌وکردنی یه‌کێتی نیشتمانی‌و په‌ره‌پێدانی ڕۆشنبیری کوردی له‌سه‌ر بناغه‌ی بیروباوه‌ڕه نیشتمانیه‌کان‌و گیانی شۆڕشی حه‌فده‌ی ته‌موزوه له‌کۆڕی سیاسی‌و ڕۆشنبیریدا نیشی کردووه .

پیاوانه به‌رگری له‌و مه‌سه‌لانه کردووه تا له پێناویاندا له‌سه‌ر ده‌ستی تاقمێکی ترسنۆکی به‌رگراو که ئیستیعمار‌و سه‌هیونیت‌و هێزه هه‌لگه‌ڕاوه‌کان‌و خۆیه‌ده‌سته‌وه‌ده‌ره‌کان ئه‌یان بڕوێنی شه‌هیدکرا .

شه‌هیدبوونی هاوڕێ عثمان به‌لگه‌یه‌کی‌زیندووی دروستی‌ی ئه‌و مه‌سه‌له‌یه‌یه که له‌پێناوی له‌پێناوی شه‌ره‌فی مه‌سه‌له‌که‌دا که‌وت ..

هه‌ر‌چه‌نده شه‌هیدبوونی زیانێکی گه‌وره‌بووه بۆ هاوڕێیانی خاوەن ئه‌و مه‌سه‌له‌یه‌ی ئه‌نوێنێ ، به‌ڵام له‌هه‌مان‌کاتدا هاندەرێکی شۆڕشگێرانه ئه‌بێ بۆیان که به‌رده‌وام له‌پێناوی مه‌سه‌له راسته‌قینه‌و پیرۆزه‌که‌یاندا خه‌بات بکه‌ن‌و پیاوانه‌و کۆڵنه‌ده‌رانه به‌رگری‌یان لێبکه‌ن .

له‌سه‌عات پانزه‌ی سه‌ر له به‌یانی ڕۆژی هه‌ینی ته‌رمی شه‌هید له مزگه‌وتی « الشاوی » له گرادەمریم الصالحیه ـ به‌رامبه‌ر باڵوێزخانه‌ی ئێران ، به‌ڕێ کرا .

له ئاڵمه‌نه‌ی لاوانی موسوڵمانانیشدا له منصور ، نزیك نیقابه‌ی پارێزەران له ڕۆژی هه‌ینی‌به‌وه له‌سه‌عات شه‌شی ئێواره‌وه تا سه‌عات نۆ (فاتحه) له‌سه‌ر گیانی پاکی‌دا درا .

کورته‌یه‌ك ده‌رباره‌ی ژیانی شه‌هید :

● له ساڵی ١٩٣٩ له پارێزگای سلێمانیدا له‌دایك بووه .

● ساڵی ١٩٥٨ خوێندنی ئامادەیی له‌به‌غدا ته‌واوکردووه

● ساڵی ١٩٦٥ باوه‌ڕنامه‌ی دیپلۆمی به‌رزی هونه‌ری شانۆگه‌ری‌ی ، له‌ئامۆژگای هونه‌رجوانه‌کاندا وه‌رگرتووه .

● کاری ڕۆژنامه‌گه‌ری‌و ڕه‌خنه‌گرتنی‌ئه‌ده‌بی‌و هونه‌ری‌ی له‌گه‌ڵی له ڕۆژنامه‌کانی عیراقدا کردووه .

● ساڵی ١٩٥٨ چۆته ڕیزی پارتی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیسته‌وه .

● به‌شداری‌له‌راپه‌ڕینه‌کانی حیزب‌و شۆڕشه‌کانیداکردووه

● دوای هه‌نگه‌ڕانه‌وه‌که‌ی ١٨ی تشرینی دووه‌می ساڵی ته‌له‌فزیونی به‌غدادا ده‌رکه‌وێ‌و ١٩٦٣ گیراوه‌و چه‌ند جارێکیش گرتنه‌وه‌ی له‌ساڵانی هه‌ڵگه‌ڕاوه ڕه‌شه‌که‌دا دووبات بۆته‌وه .

● له‌کاتی به‌ڕیابوونی شۆڕشی حه‌فده‌ی ته‌موزی ساڵی ١٩٦٨دا ، یه‌که‌م هه‌وال بلاوکه‌ره‌وه‌بوو له‌سه‌ر شاشه‌ی به‌یاننامه‌ی شۆڕش‌و سه‌رکه‌وتنه‌که‌ی بلاوکاته‌وه .

ناشتنی ته‌رمی شه‌هید هاوڕێ عثمان محمد فائق

پێش نیوه‌ڕۆی هه‌ینی ڕابوردوو ، ته‌رمی شه‌هید هاوڕێ عثمان محمد فائق به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی ده‌زگای ڕۆشنبیری‌و بلاوکردنه‌وه‌ی کوردی نێژرا ، که به‌یانی ١٦ـ٦ـ٧٧ به‌ده‌ستی تاقمێکی تاوانباری چه‌په‌ڵی به‌کرێ گیراوی‌ئیمپریالیزم له‌ناوچوو .

له به‌رێکردنی ته‌رمی شه‌هیدا که له مزگه‌وتی « الشاوی »یه‌وه له گراده‌مریم ده‌ستی‌پێکرد ژماره‌یه‌ك له هاوڕێیانی سه‌رکردایه‌تی قطری حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالست‌و به‌ڕێزان هه‌ردوو سه‌رۆکی‌ئه‌نجومه‌نی راپه‌ڕاندن‌و یاسادانانی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی‌و ئه‌مینداره گشتی‌یه‌کانی ئه‌نجومه‌نی راپه‌ڕاندن به‌شداریان‌کرد .

هه‌روه‌ها هاوڕێیان به‌ڕێوه‌به‌رو ئه‌ندامانی مه‌کته‌بی راگه‌یاندن‌و بلاوکردنه‌وه‌ی نه‌ته‌وه‌یی‌و ژماره‌یه‌ك له‌ئه‌ندامانی حزب لقی به‌غداو ژماره‌یه‌ك له جێگرانی وه‌زاره‌ته‌کان‌و به‌ڕێوه‌به‌ره گشتی‌یه‌کانی دام‌و ده‌زگاکانی راگه‌یاندن‌و ئوتێله‌رانی ڕێکخراوه میللی‌و پیشه‌یی‌و جه‌ماوه‌ری‌یه‌کان‌و ژماره‌یه‌کی زۆری هاوولاتیان به‌شداری به‌ڕێکردنی ته‌رمه‌که‌یان‌کرد .

دوای ئه‌وه‌ی له مزگه‌وته‌که ئوتێ له‌سه‌ر گیانی شه‌هیدکرا، ته‌رمی شه‌هید که به ئاڵای عیراق داپۆشرابوو له‌سه‌ر ئوتومبیلێکی عه‌سکه‌ری هه‌ڵگیراو به‌دوایدا جه‌بکه گوڵی سه‌رکردایه‌تی قطری حزب‌و مه‌کته‌بی بلاوکردنه‌وه‌و راگه‌یاندنی نه‌ته‌وه‌یی‌و وه‌زیری راگه‌یاندن‌و وه‌زیری ده‌وڵه‌تی راسپێردراو به ڕێکخستنی کاروباری نێوان ده‌سه‌ڵات داریه‌تی مه‌رکه‌زو ده‌زگاکانی ئۆتۆنۆمیداو وه‌زاره‌تی راگه‌یاندن‌و هه‌ردوو ئه‌نجومه‌نی راپه‌ڕاندن‌و یاسادانانی‌ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی‌و لقی راگه‌یاندنی حزب‌و دام‌و ده‌زگاکانی راگه‌یاندن‌و ڕۆژنامه‌گه‌ری‌و نه‌قابه‌ی ڕۆژنامه نووسه‌کان‌و یه‌کێتی نووسه‌ران‌و به‌رێ‌کران .

له‌ساحه‌ی جمال‌عبدالناصره وه ته‌رمه‌که به‌ره‌و گورستانی که‌رخ به‌رێ‌کراو له‌وی به خاك سپێیردرا .

ئه‌مه‌و مه‌جلسی فاتیحا خوێندن له‌سه‌ر گیانی شه‌هید عثمان محمد فائق له باره‌گای کۆمه‌ڵی لاوانی مۆسوڵمان له منصور له‌پاش‌نیوه‌ڕۆی هه‌ینی رابوردووه وه‌بۆ ماوه‌ی سێ ڕۆژ دانرا .

ئه‌نجومه‌نی یاسادانان هه‌والی کۆچ کردنی عثمان محمد فائق ئه‌ندامی خوالێخۆشبوی راگه‌یاند .

ئه‌نجوومه‌نی یاسادانان به‌داخه‌وه هه‌والی کۆچ‌کردنی شه‌هید عثمان محمد فائق به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی ده‌زگای ڕۆشنبیری‌و بلاوکردنه‌وه‌ی کوردی راگه‌یاند که به‌ده‌ستێکی چه‌ڵ به‌یانی ڕۆژی پێنج شه‌مه‌ی ڕێکه‌وتی ١٦ـ٦ـ٩٧٧ کۆچرا ، خوالێ خۆشبوو به‌کێبوو له‌ئه‌ندامه چالاکه‌کانی ئه‌نجووه‌ن که به دڵسۆزی‌یه‌وه کاری ته‌کرد له پێناوی چه‌سپاندن‌و په‌ره‌پێدانی ئۆتۆنۆمی‌و پته‌وکردنی برایه‌تی‌و یه‌کێتی نیشتمانی ، خوای گه‌وره باڵی ره‌حمه‌تی به‌سه‌ردا بکێشێ‌و له ناو به‌هه‌شتی به‌رینیا جێگای بکاته‌وه ، و سه‌بوورییش بدا به که‌س‌وکارو دۆستانی‌و (انا لله وانا الیه راجعون) .

فاتیحه دادان

له ڕۆژی ٢٠ـ٦ـ١٩٧٧ وه بۆ ماوه‌ی (٣) ڕۆژ له سه‌عات پێنجی ئێواره‌وه تا سه‌عات هه‌شت ، نیقابه‌ی ڕۆژنامه‌ڤانه‌کانی عیراق ، له باره‌گای گشتیه‌که‌ی خۆی له وه‌زیریه، فاتیحه له‌سه‌ر گیانی شه‌هید عثمان محمد فائق دانه‌دا .

خوا شه‌هید به به‌هه‌شتی به‌رینی خۆی شادبکا وانا لله وانا الیه راجعون .

پیاوه ئایینیه‌کانی پارێزگای نه‌جه‌ف په‌یمانی به‌رده‌وام‌بوون له‌سه‌ر به‌خشش بۆ سه‌رکردایه‌تی سیاسی تازه ده‌که‌نه‌وه

زانایان‌و پیاوه ئایینیه‌کانی پارێزگای نه‌جه‌ف په‌یمانیان به‌سه‌رکردایه‌تی سیاسی حزب‌و شۆڕش داوه بۆ چاکه‌و به‌خشش له‌پێناوی خزمه‌تی شۆڕش‌و بیروباوه‌ڕه‌کانیداو بۆ به‌رگری له‌سه‌رکه‌وتن‌و ده‌سکه‌وته‌کانی .

ئه‌مه له‌م بڕوسکه‌یه‌دا‌هاتوه که‌له‌کۆتایی کۆبوونه‌وه‌ی سه‌لاحی ئه‌نجومه‌نی ڕێنوینی ئایینیدا بۆ سه‌رۆکی ده‌رمانده احمد حسن البکر‌و به‌ڕێز صدام حسین یان به‌رز کرده‌وه .

ئه‌مه‌ش ته‌واوی بڕوسکه‌که‌یه :

ئه‌وانه‌ی له ئه‌نجومه‌نی ڕێنوینی ئایینیدا له‌نه‌جه‌فی پیرۆز کۆبوونه‌وه‌و ئه‌سه‌رکای شۆڕش ، ده‌وڕێ بیروباوه‌ڕی حزبی سه‌رکرده‌حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی ئیشتیراکی ڕێ پیشانده‌ریانه‌کۆبوونه‌وه‌ی ساڵانه‌ی خۆیان به‌ده‌رفه‌ت ده‌زانن بۆ ئه‌وه‌ی‌وه‌فاداری خۆیان به بیروباوه‌ڕه‌کانی شۆڕش‌و سوور‌بوونیان له‌سه‌ر ڕێشتن به‌دوای سه‌رکرداڕه‌تیماندا تا‌سه‌رکه‌وتنی ته‌واو تازه یکه‌نه‌وه‌و هه‌ر له‌و کاته‌دا‌بزاری توڕه‌ی خۆیان له‌و تاوانانه ده‌ربڕن که ڕژێمی سوریا دژی جه‌ماوه‌ری گه‌له‌که‌مان له ئوبنانی ئه‌به‌زداده‌یانکات‌و هه‌ڵوێسته‌و پیلانه‌کانی ئه‌ور ڕژێمه بۆ‌پاکژدانی مه‌سه‌له‌ی گه‌وره‌مان مه‌سه‌له‌ی فه‌له‌ستین بۆ خزمه‌تی هێزه ئیمپریالی‌و سه‌هیۆنیه‌کان گوناهبار بکه‌ن .

پیاوانتان بیده‌ده‌ین بۆ چاکه‌و به‌خشش له پێناوی خزمه‌تی شۆڕش‌و بیروباوه‌ڕه‌کانیداو بۆ به‌رگری له سه‌رکه‌وتن‌و ده‌سکه‌وته‌کانی هه‌تا له‌ژێر سه‌رکرداڕه‌تی شاره‌زایانه‌تاندا ئامانجه‌کانی ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب له‌یه‌کیه‌تی‌و ئازادی‌و ئیشتیراکیه‌تدا‌دیده‌دی .. ئه‌وه‌ی له‌گه‌ڵ حه‌ق بێ خواشی له‌گه‌ڵ ده‌بێ (ولا تهنوا ولا تحزنوا وانتم الاعلون) .

پیاوه ئایینی‌یه‌کانی به‌شدار له‌کۆبوونه‌وه‌ی ئه‌نجومه‌نی ڕێنوێنی ئایینیدا له‌پارێزگای نه‌جه‌ف .

میوانداری کۆشکی کۆماری

به‌ڕێز ئه‌دیم احمد الیاسین به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی ڕاگه‌یاندن له کۆشکی کۆماری ئامادەبووو ناوی خۆی له‌ده‌فته‌ری میوانداریدا تۆماركرد بۆ ڕۆژێ وه‌رگرتن له‌سه‌ر سه‌فه‌ر بۆ ده‌ره‌وه‌ی ولات .

هه‌روه‌ها به‌ڕێز موفق اسعد عسکر به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی (دار التحریه بۆ وچاپه‌مه‌نی) له کۆشکی کۆماری ئامادە بوو ناوی خۆی له‌ده‌فته‌ری میوانداریدا تۆماركرد به بۆنه‌ی گه‌ڕانه‌وه‌ی له‌ده‌ره‌وه‌ی ولاته‌وه .

نیقابه‌ی ڕۆژنامه‌گه‌ره‌کان هه‌والی کۆچی هاوڕێ عثمان محمد فائق ڕائه‌گه‌یه‌نێ

به‌داخێکی پڕخه‌م ئاراره‌وه ئه‌نجوومه‌نی نیقابه‌ی ڕۆژنامه‌چیه‌کانی ولاتی عیراق هه‌والی کۆچ‌کردنی هاوڕێ عثمان محمد فائق ئه‌ندامی ئیشکه‌ری نیقابه‌و به‌ڕێوه‌به‌ری گشتی‌ی ده‌زگای ڕۆشنبیری‌ی‌و بلاوکردنه‌وه‌ی کوردی ڕاگه‌یه‌نێ ، که ڕۆژی پێنج‌شه‌مه‌ی رابوردوو له‌لایه‌ن تاقمێکی‌تاوانباری به‌کرێگیراوی ئیستیعماره‌وه پێ‌کرا .

هاوڕێی شه‌هیدکراو ، له‌ڕووبه‌ڕوو وه‌ستانی‌دوژمنانی گه‌له‌که‌یدا تێکۆشه‌رێکی دڵێربوو وبێ‌وچان له‌پێناو به‌کێتی خاکی نیشتماندا کاری‌ئه‌کرد ..

له‌کاری ڕۆژنامه‌چیه‌کاندا به‌مرۆڤێکی (ملتزم) به به‌هابه‌رزه‌کانی نامه‌ی ڕۆژنامه‌گه‌ری‌و ڕه‌وشته‌کانی‌و ڕه‌خساندنی حه‌رفی (ملتزم) و ووشه‌ی سه‌ربه‌ست له‌خزمه‌ت کردنی ئامانجه‌کانی شۆڕشدا ناسرابوو .

شه‌هیدبوونی هاوڕێ عثمان مه‌زنیه‌تی تێکۆشه‌ران‌و سوور‌بوونی پیاوانه‌ی ده‌رکه‌خا ، که تا شه‌هیدبوونی ڕێی شۆڕشگێرانه‌ی به‌رنه‌داوه .

شه‌هیدبوونی هاوڕێ هانی هه‌موو تێکۆشه‌ران ئه‌دات که ئه‌و ڕێره‌وه پڕبه‌خشه به‌رنه‌سه‌رو ته‌واوی بکه‌ن .

سه‌بووری بۆ هاوڕێیانی عثمان‌و دۆست‌و برادەره‌کانی ئه‌مریی بۆ شه‌هید .

نیقابه‌ی ڕۆژنامه‌چیه‌کانی
ولاتی عیراق

بڕیندوه‌ی کرێی دوکتۆره‌کان له‌ئاییده‌ تایبه‌تیه‌کانیاندا

لێژنه‌ی باڵای نیقابه‌ی دوکتۆره‌کان له‌به‌یاننامه‌یه‌کداکه ده‌ریان‌کردوه کرێی دوکتۆری پسپۆڕو ناپسپۆڕی له عیاده تایبه‌تیه‌کانیاندا له هه‌مو ولاندا بڕیوه‌ته‌وه .

ئه‌حسێك که دوکتۆرێکی پسپۆڕ بیکات کرێکه‌ی دوو دینارەو ئه‌حسێکیش دوکتۆرێکی ناپسپۆڕ بیکات‌و ده‌ساڵیش زیاتر به‌سه‌ر ده‌رچونیا له کۆلیجی دوکتۆریدا تێپه‌ڕبوبێت دینارێکه .

هه‌روه‌ها کرێی ئه‌حسێك دوکتۆرێکی ناپسپۆڕ وه‌ری بگرێ که ده‌ساڵ که‌متر به‌سه‌رده‌رچوونیا له کۆلیجی دکتۆریدا تێپه‌ڕبوبێت نیو دیناره . ئه‌م کاره‌ش بۆ ئه‌وه‌کراوه که ئه‌و کرێ زۆره نه‌مێنی‌که دوکتۆره‌ـ کان وه‌ری‌ئه‌گرن‌و پێشکه‌ش‌ـ کردنی خزمه‌تی باشتری هاو نیشتمانیکانه به که‌مترین کرێ که ئه‌مه‌ش یه‌کێکه له‌و مه‌به‌ستانه‌ی ڕاپۆرتی سیاسی کۆنگره‌ی فوتری هه‌شته‌می حزب په‌نجه‌ی بۆڕاکێشاوه .

لێژنه‌که له به‌یاننامه‌که‌یدا دووباڵی‌کردۆته‌وه که هه‌ر دوکتۆرێك پێچه‌وانه‌ی ئه‌م ئامۆژگاریانه‌ی فه‌رمانه‌کانی بڕگه‌ی (٢٨) ی یاسای دوکتۆرانی ژماره (١١٤)ی ساڵی ١٩٦٦ی چاکراوی به‌سه‌ردا ئه‌چه‌سپێ که سزا‌ـ که‌شی له ئاگادار کردن‌و وریاکردنه‌وه (انذاروتنبیه) تاسه‌ندنی (٥٠٠) پێنج سه‌دا دیناره ، جا ئه‌گه‌ر هاتو سزادراو ئه‌م پاره‌یه‌ی نه‌دا بۆ ماوه‌ی دو ساڵ زیاتر ده‌ستی له پیشه‌که‌ی زیاتر ناکێشرێته‌وه خۆ ئه‌گه‌ر هاتو پێچه‌وانه کار کردنه‌که دوای سێ ساڵ سه‌رله‌نوێ پێچه‌وانه ڕۆیی سزاکه‌ی(١٠٠٠) هه‌زار دیناره .. خۆیێتو ئه‌م پاره‌یه ئه‌دات ئه‌وا بۆ ماوه‌یه‌ك ده‌ستی له پیشه‌که‌ی ئه‌کێشرێته‌وه که له چوار ساڵ زیاتر ناخایه‌نێت .

دیسانه‌وه فه‌رمانه‌کانی بڕگه‌ی (٣) سێی ماده (٥٤)ی یاسای نیقابه‌ش به‌سه‌ر ئه‌و کاره پێچه‌وانه‌دا ئه‌چه‌سپێ که ئه‌ویش لادانه له‌و ڕاسپاردانه‌ی سه‌رچاوه ته‌ندروستی‌یه ڕه‌سمیه‌که‌کان یان نه‌قابه له باره‌ی کاری قه‌ده‌غه‌کراوه‌وه ده‌ری‌کردون .

دکتۆر صادق حمید نه‌قیبی دکتۆره‌کان ئه‌وه‌ی ڕوون‌کرده‌وه که بڕینه‌وه‌ی کرێ ئه‌حسێ دکتۆره شاره‌زاکان‌و ناشاره زاکان له‌هه‌موو لایه‌کی ولاته‌اله ڕۆژی ده‌رچوونی به‌یاننامه‌ی باڵای نیقابه‌ی دکتۆره‌کانه‌وه که سه‌باره‌ت به‌وه‌به‌سه‌یه ، کاری پێ‌نه‌کرێ نه‌قیبی به‌ڕێزداوای له دکتۆره‌کانی ولات‌کرد به‌پێی به‌یاننامه‌که‌ی نیقابه بجوولێنه‌وه‌و پشتگیری‌یه‌و هه‌نگاوه بکه‌ن که به‌مه‌سی پێشکه‌ش‌کردنی خزمه‌تگوزاری پزیشکی‌یه بۆ هه‌موو هاوولاتیه‌کان ، هه‌روه‌کو ڕابۆرتی سیاسی هه‌شته‌م کۆنگره‌ی پارتی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست په‌نجه‌ی بۆ ئه‌و مه‌سه‌له‌یه درێژ کردووه .

Institut kurde de Paris

لە بریارێکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشدا :

هەڵوەشاندنەوەی یاسای تەقاوێتی مووچەخۆران و ئیشکەرانی دەزگا نیمچە رەسمیەکان، و هەموو خراندنەپاڵ فرماندکانی یاسای تەقاوێتی مەدەنی

ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ، بریاری‌دا بە هەڵوەشاندنەوەی یاسای تەقاعدکردنی موچەخۆرو ئیشکەرانی دائیرەو دەزگا نیمچە رەسمیەکانو گواستنەوەی هەموویان لە بەریوەبەریتی گشتی سنوقی تەقاعدی‌یەوە- بۆ بەریوەبەریتی گشتی تەقاعد بە هەمان موچەو ناونیشانی وەزیفیانەوەو ئەمەش دەقی بریارەکەیە :

بە پێی فرمانی بڕگەی «أ» لە مادەی چل‌و دووی دەستوری وەختی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش لە کۆبوونەوەی رۆژی ١٥-٦-١٩٧٧دا بریاری دەرکردنی ئەم یاسایەی‌دا :

یاسای ژمارە ٧٩ی ساڵی ١٩٧٧

هەڵوەشاندنەوەی یاسای سنوقی تەقاعدی کاربەدەستو موچەخۆرەکان لە دائیرەو دەزگا نیمچە رەسمیەکان ، ژمارە ٤٩ی ساڵی ١٩٦٧ :

مادەی یەکەم : یاسای سنوقی تەقاعدی کاربەدەستو موچەخۆرەکان لە دائیرەو دەزگا نیمچە رەسمیەکان ژمارە «٤٩»ی ساڵی ١٩٦٧ و پاشکۆکەی ژمارە «١٠٩»ی ساڵی ١٩٦٧ هەڵئەوەشرێتەوە

مادەی دووەم : فرمانەکانی ئەم یاسایە هەموو کاربەدەستانی دائیرەو دەزگا نیمچە رەسمیەکان ئەگرێتەوە کە لەوەبەر یاسای پێشوی سەردەم ئەیگرتەوە :

مادەی سێیەم : فرمانەکانی یاسای تەقاعدی مەدەنی - ژمارە (٣٣)ی ساڵی ١٩٦٦ معدل - بەسەر ئەو موچەخۆرانەدا ئەچەسپێ کە فەرمانەکانی ئەم یاسایە ئەیانگرتەوە .

مادەی چوارەم : ئەو دائیرەیەی کارگێرەکانی فرمانی ئەم یاسایە ئەیانگرتەوە ، بەشی تەقاعدیان لە موچەی موچەخۆرەکانی بە پێی نیسبەتی دیاری‌کراو لە مادەی پێنجی یاسای تەقاعدی مەدەنی ئەبڕێ‌و لە بڕچەکەی زیادەی دوو جارەی ئەخرێتە سەرو هەموو مانگێ بەو جۆرەی بەریوەبەریتی زمارباری گشتی بەیارمەتی لەگەڵ بەریوەبەریتی گشتی تەقاعد بریاری ئەدا لەخەزێنە دائەنرێ .

مادەی پێنجەم : هەموو ماف پێویستیەکانی یاسای هەڵوەشێنراوە تێکرا ئەگوێزرێتەوە بۆ خزینە (وەزارەتی دارایی)و لقی لە بەریوەبەریتی تەقاعدی گشتی ئەگرێتەوە کە تەسفیەکردنی مافو پێویستیەکانی لە ئەستۆ ئەبێ.

مادەی شەشەم : بەریوەبەریتی گشتی تەقاعد سەربەرشتی تەسفیەی ئەو بارانە ئەکات کە سنوقی تەقاعدی موچەرخۆرو کاربەدەستان لە دەزگاو دائیرە شیوە رەسمیەکاندا کێی کردۆتەوەو لە ئیرادی خزینە تۆمار ئەکرێ .

مادەی حەوتەم : هەموو بارەی کۆکراوە لە سنوقەکەدا ئەگوێزرێتەوە بۆ خزینەوەو دوا ئیرادی لە حسابی بودجەی ئاسایی تۆمار ئەکرێ.

مادەی هەشتەم : کاربەدەستو کارگێرانی بەریوەبەریتی گشتی سنوقی تەقاعدی هەموو ئەگوێزرێتەوە بۆ بەریوەبەریتی تەقاعدی گشتی بە هەمان موچەو ناونیشانی کاروو بارەکانەوە .

مادەی نۆهەم : مەلاکی هەردوو بەریوەبەریتیەکە بەمۆرکراوی ئەکرێن بە یەک میلاک .

مادەی دەیەم : بارەکەی مورکراوی هەردوو بەریوەبەرایەتیەکە ئەکرێت بە یەک بودجە .

مادەی یانزەهەم :- ئەم کاربەدەستو موچەخۆرانەی کە یاسای هەڵوێشێنراوە ئەیگرتەوە هەمان مافی خۆیان ئەمێنێ کە بە پێی فرمانەکانی هەیان‌بوو .

مادەی دوانزەهەم : بەندی (٩) لە بڕگەی «ب» لە مادەی چواری سیستەمی وەزارەتی دارایی ژمارە (٤٩)ی ساڵی ١٩٥٩ لائەبرێ .

مادەی سیانزەهەم : بۆ وەزیری دارایی هەیە راسپاردە دەربکات بۆ ئاسان‌کردنی رابەراندنی فرمانەکانی ئەم یاسایە .

مادەی چواردەهەم : ئەم یاسایە لە رۆژنامەی رەسمیدا بڵاو ئەکرێتەوەو لە رۆژی ١-٧-١٩٧٧وە کاری پێ ئەکرێ .

احمد حسن البکر

سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش

لە هویەکانی دانانی ئەم یاسایەدا هاتوە کە : لەبەر لەیەک چوونی کاروباری بەریوەبەریتی گشتی تەقاعدو بەریوەبەریتی گشتی سنوقی تەقاعدی کاربەدەستو موچەخۆرەکانی دائیرەو دەزگا شێوە رەسمیەکانو بەو پێیەی لە وەرزی شەشەمی دواروونوسی راسپاردە تایبەتەکانی ماڵو سیستەمە دارایەکاندا هاتوە ئەم یاسایە دانرا .

ئا.د.ع

چۆنیەتی نەقل‌کردنی مامۆستایانی قوتابخانە پیشەییەکان

بەبامنتری رۆژنامەی (الثورة)وای‌زانیوە کەدەزگای فێرکردنی پیشەیی ، لەم دوایەدا لەو مەرجانەی بڵاوکردۆتەوە بۆ گواستنەوەی‌ئەو مامۆستایانەی کە لە قوتابخانەکانیدا کارئەکەن

ئەم ئاگاداریانە بریتین لە دابەشکردنی نیستیمارەی تایبەتی بۆ ئەوانەی داوایان کردووە بێنە بارێزگای بەغداو پێنج‌ساڵ‌خزمەتیان هەیە یاخود ژمارەیەك خانی دیارکراو کە کۆیان‌کردۆتەوەو ..بۆ ئەوانەی کە داوایان کردووە بچنەوە شوێنی لەدایك‌بوونیانداو زیاتر لە سێ ساڵ خزمەتیان کردووە .

ئەم ئاگاداریانە پێشەکیان داوە بەو نافرەتە مامۆستایە کە مێردی کردووەو بەخوشك‌و ژنانی شەهیدو ئەفسەرەکان بێ‌ئەوەی ساڵانی خزمەتو خانەکانی رەچاوبکرێت .

ئاگاداریەکان ماوەی ئەوەیان ئەداوە کە زیاتر لە بارێزگایەك یاخود قوتابخانەیەکی دیارکراو یا شارێك داوابکات ، بەڵکو گواستنەوەیان لەسەر بنەمای بوونی شوێنی بەتاڵ (شواغر) ئەبێت .

هەروەها ئاگاداریەکە دەستنیشانی ئەوەی‌کردووەکە چەند خاڵ ئەبێ مامۆستاکە بۆ گواستنەوەی کۆبکاتەوەو بە گوێرەی ئەم ئاگاداریە ساڵێك لە مەتبەندی بارێزگا خانێکی ئەدرێتێ‌و دووخاڵ ئەگەر هاتوو ساڵێکی لە سنووری شارەوانی مەرکەزی بارێزگاکە بەسەربردبێتو سێ‌خاڵ لە مەرکەزی قەزاو چوارخاڵ بۆ ساڵێك لەوندەکان بەسەری بردووە .

هەروەها دووخاڵ ئەخرێتە سەر خاڵەکانی ئەوەی دەورێکی مەشق‌کردن یان پیشەیی بینیبێتو چوارخاڵ بۆ ئەوەی کە منداڵێکی لەزانکۆ ئەخوێنێت و لەبەشی ناوخۆیی وەرنەگیراوەو سێ خاڵ بۆ ئەوەی کە دوو ساڵ بەخۆرای لە مەلبەندەکانی ئەهێشتنی ئەخوێندەواری دەرسیان ووتووەو خاڵێك بۆ هەموو ستایشێك‌و ریزلێنانێك .

لەهەمان‌کاتیشدا سێ‌خاڵ ئەخرێتە سەر خاڵەکانی ئەو مامۆستایەی کە ئێراوە یاخود ئیعارەکراوە بۆ هەر ساڵێك کە لە دەرەوەی عیراق بووەو شەش‌خاڵ بۆ ئەو مامۆستایەی کە ئەیەوێ بگوێزرێتەوە بۆ ئەو پارێزگایەی کە لەوێ لەدایك‌بووە .

لەلایەکی ترەوە پێنج‌خاڵ کەم ئەکرێتەوە لەو مامۆستایە کە ئەیەوێ لە شوێنی لە دایك‌بوونی بگوێزرێتەوە بۆ بارێزگایەکی ترو پێنج‌خاڵ کەم ئەکرێتەوە بۆ هەر سزادانێك باخود تەو بیختك کە هەیەتی.

لیکۆڵینەوەی پێداویستی‌جێ‌بەجێ‌کردنی یاسای زامن‌کردنی تەندروستی لە دێهات‌و ولاتە یەکانمدا

پێرێ دکتۆر ریاض ابراهیم‌وەزیری تەندروستی سەرۆکایەتی کۆبوونەوەیەکی فراوانی سەرۆکی تەندروستیە کانی پارێزگاکانو بەڕێوەبەرانی عیادە پزیشکی‌یەکانی کرد بۆ لیکۆڵینەوەی نەوەی‌داویستانەی زامنی جێ‌بەجێ کردنی یاسای زامن‌کردنی‌تەندروستی لە دێهات‌و لادێکاندا ئەگا ئەگەل ئەوەی‌ورێبازانەش کە پەرە بەکاری عیادە پزیشکی‌یەکانیان ئەدا. بەڕێز وەزیری تەندروستی لەسەرەتای کۆبوونەوەکەدا ووتی :

سەرکردایەتی حیزب‌و شۆڕش بایەخێکی گەورەو زیاد بەبواری تەندروستی ئەدا ، بەشێوەیەکی پەردەوام بارەیەکی زۆری بۆ تەرخان ئەکا ، تاوەکو بتوانێ باشترین خزمەتگوزاری لە هەموو تاوچەیەکی وڵاتدا بێشکەش بە هاوولاتیان بکات ، هەروەها بۆهاندانیان یارمەتی‌مادی‌و مەعنەوی پێشکەش بەکارکەرانی بواری تەندروستی‌ئەکا .

وەزیری بەڕێز دەستی بۆ ئەوە راکێشاکە بتوانرێ هەموو پارێزگاکانی وڵات لەدروسالی داهاتوودا خزمەتگوزاری دەزگای کورچیلەی دەستگرد بیانکرێتەوە .

دوای ئەوە لەوکۆسپانەی کۆڵرایەوە کە دێنەری نیشوکاری‌دەزگا تەندروستیەکان‌لەگەڵ دۆزینەوەی شێوەکارێکی ئەوێ کە ئەو کۆسپانە تەخت‌بکات ، هەروەها لە پێویستی بەجێهێنانی زامن‌کردنی‌تەندروستی دێهات‌و لادێکانیش کۆڵرایەوە .

کۆبوونەوەکەرەکان ئەوەیان‌خستەبەرچاو کە پێویستە ئەوتۆ‌ی‌بیلی ئەواو بۆ تیبینەتەندرستیە ئەرۆکەکانی لادێکان مسۆگەر بکرێ ،تاوەکوەدەوری خۆیان لە ووشیاری تەندروستی‌و پاراستنی‌مەتیەندی نادەمیزاد لەبەسی بکێرن ، هەروەها هەموودەزناوبرژە بیشەسازیەکانیش پابەند بکرێن کە ئەوکردارەخۆپاراستنانە بکرنە بەر کە رادەی بیس‌بوونی مەتیەندی نادەمیزاد کەم ئەکاتەوە .

هەروەها لە کۆبوونەوەکەدا لە ئامادەکردنی دکتۆرو کادیری ناوەندی‌و دەزگایزیشکی‌یە نوێ‌و پەرە سەندووەکانی عیادەی پزیشکی‌ئەڵو زامن‌کردنی‌خزمەتگوزاری تەندروستی بۆ هاوولاتیان‌وکاروباری دەرمان کەری‌و ئەجزاخانەو پێکهێنانی دەوری‌مەشق کردن بە کارکەرانی دەزگا تەندروستیەکان کۆڵرایەوە .

پاشماوە پاشماوە پاشماوە پاشماوە پاشماوە

پاشماوەی : وەڵامی ڕاست .

هەولێر ئەڵێن : دەی ڤزیتەوە، وەلەئەوچەی سلێمانیشدا دەڵێن : دەی‌ڤزیتەوە ، وەهەر دوو مانا‌کە بزکەسی تاکی سرپەمە ، لەترخی کردارەکە کەم ناکات‌و نای بڕێ .

٩ ـ کاك هیوا ئەڵێ : انترس : امتلا : بڕبوو .

ئیمەش دەڵێن : ئەمە ئیمە ناتوانین زمان چ بکەڕ کوردەواری ودراخود عەرەب دابنیین ، ئەمە برا عەرەبەکان لە زۆر ڕوەوە بەشەوەی (عاص) ئەم دوو ووشەیە بەمانای یەکتری بەکار دەهێنن هەر بەیەکە لە سەوەی (فصحی) انترس : بەمانای (امتلاء) هاتبێ ، جا ئیمە بزمان نی‌یە دەستماریان بکەین ، وەڵام وابێ لەلایەکی بەرنامەی پەرتووکەکەم دا ئەمەم شی کردووەتەوە کە ئەیماز لەم پەرتووکەدا فرکردنی چەند ووشەو رستەیەکی (عامی)یە بەکوردی‌و عەرەبی (فصحی)

١٠ ـ بەرز ئەڵێ : شوێنی: حبی ، خۆشەویستم،راستەکەی شوێ : شوقی : پەرۆشیم .

ئیمە دەڵین : کاك هیوا بەداخەوە تا ئێستا لەمانای ووشەی بەپەرۆشیم نەگەیشتووە چونکە مانای ووشەی پەرۆش بەم مانایانەی خوارەوە ماتووە .

پەرۆش : حزن الولع حسرە .

پەرۆشیی بوون : تأسف .

پەرۆشیی : تألم . تأسف .

وە هەروەها بەرامبەر ووشەی (عامی) شوێنی : (حبی) لە (فصحی) بەکار دەهێندرێ وە ووشەی شوێنی‌یە ردخنەی لەشتێك ئرت باشتر کراوە بە (شوقی) لە (عامی)دا .

١١ ـ أ ـ بەڵێ ڕاستە ووشەی رفیق : تەنکە نەك رفیع .

ب ـ بەڵێ ، ڕاستە کاك هیوا : زاراوەی (شوبرا)مان هەیە بەرامبەر ووشەی (اخ الزوج) بەڵام لێرەدا ئێمە دەمانەوێ بە ئاسانترین ووشە براعەرەبەکان فێرە کوردی بکەین وەیا خود برا کوردەکان فێرە عەرەبی بکەین. جا ئەگەر ئێمە لەپێشا ووتمان : اخ : برا .

جا لەدا نموبرامان بەکار هینا ، زۆر دوور ئی‌یە ئاکسی عەرەب بزاری لەزمانەکەمان بکات ، بەڵام ئەو بەرای مێردمان بێ نورسی لام وایە بۆی ئاسانترە .

ب ـ بەڵێ ، ڕاستە ئەگوردیا زاراوەی (شوبرا) بەکار دەهێنرێ بەرامبەر ووشەی: حمە : اخ الزوج .

ئیمەش دەڵین : بۆ ئاسانی برای مێردمان بەکار هێناوە لبریتی شوبرا ..

١٢ ـ أ ـ کاك هیوا ئەڵێ : متزوج : بەژن ، ڕاستەکەی (ژندار ، خاوەن ژن) مامۆستا (خۆی ئەڵێ : اقامه : بەژن لەلایەرە (٢٩) .

ئیمە دەڵێن : چ بڵێن: (بەژن) خاوەن ژن ، ژندار) هەموویان ڕاستن ، بەڵام جیاوازی نێوان بەژن بۆ (متزوج)و بەژن بۆ (القامه) ئیمە دەتوانین لەگەڵی بەکار هێنانیان جیایان‌بکەینەوە، وەکو بڵێین : ئەو پیاوە بەژنەوە یاخود ئەو پیاوە بەژنی کورتە. وەهەروەها لەمەبەستی ووشەی (داوات)دا کە دەڵێن : بڕوانە شایی‌یە (داواتە) لەوماڵە . بڕوانە زریان خۆی (داوەتە) کۆشش .

ب ـ کاك هیوا دەڵێ : الفرق : خنکاو ، ڕاستەکەی : الفرق : خنکان یان المفروق : خنکاو .

بەڵێ ، ڕاستە ، الفرق : خنکانە ، بەڵام بەداخەوە لەگەڵی ڕاستکردنەوەی هەڵەو ڕاستی‌دا نەبینراوە وەهەروەها منیش ئەڵێم :

المفروق : خنکاو ئی‌یە کاك هیواکە دەڵێ خنکاوە، وەڕاستەکەی : المغریق خنکاوە، وە (المفروق) : خنکێنراوە .

١٣ ـ کاك هیوا دەڵێ : امیر : ئەمیر : الحمیر : ئێدریژەکان ، ڕاستەکەی امیر : میر . الحمیر : کوی دریژەکان .

ئیمەش دەڵێن : ووشەی ئەمیر و میر هەردووکیان ڕاستن بەڵام ، ووشەی ئەمیر هەر عەرەبی‌یەکەیە، من بەکوردیم نووسیوەوە ، وەهەر وەهاش ووشەی بیدر زەکێ‌و شوێ در زەکن هەردوکیان ڕاستن، چونکە لەزاوەیەی هەوایەر دەڵین : بیدر ز وە لە ناوچەی سلێمانیش‌دا دەڵێن : شوێ در .

١٤ ـ کاك هیوا دەڵێ : بەرتووکی ناوبراو ، لە ل ٣ دا لیستەی هەڵەو ڕاستی تیایە ، ئەوەی بوار نەمێنێتەوە کە بووترێ هەڵەی چاپەمەنی‌یە .

ئیمە دەڵێین : بەڵێ ڕاستە .. ئافەرین ، بەڵام لێرەدا دەمانەوێ پرسیارێك ناراستەی کاکی ڕەخنەگر بکەین :

ئایا هەر بەرتووکێك بگرین هەر چەندە دانەرەکەی ماموستایەکی تۆ هاتوو زانا‌و دانابێت ، بەدەیان هەڵەی چاپەمەنی تیایە یان‌نا ، ئەماش ئەوەی کە لیستەی هەڵەو ڕاست کردنەوەشی بۆ کرابێ؟ هەڵە هەر دەبێ ، ئەمە شتێکی نایابی‌یەکە بەرتووك بێ هەڵەبێ .. بەڵام کاکی ڕەخنەگر دیارە لەکۆتایدا دووبارە زۆر سوپاسی بۆ ئایانی برای نازیزم کاك هیوا ئەکەم ، وە تکام وایە جارێکی تر ئەم بچێتە بنچ‌و بەوانیەوە ..!

پاشماوەی : ئاەوژتاری‌یەکی ئرنگ ..

بابە پەستۆی خوێنی شریانیش لەکاتی خۆماندووکردنیکی زۆردا بەرز ئەبێتەوە .. دوای خۆماندووکردن دوو دقیقە، یا ٣ دەقە، ئی‌دەبێت ئەمەکە لەدانی دل ئەکەوێتەوە وئەچێ‌ڕۆیەکەی خۆی‌و بەرەبەرەی خوێنیش دێتەوە سەر رادەی خۆی .

لەکاتی پێش‌بڕکن کردنی وەرزش‌کاریدا خۆ ماندووکردنیکی زۆر لەدانی دڵو یالەپەستۆی خوێن لەشریانەکانداا بەرز ئەکاتەوە ، وە هەرس‌کردنی خواردەمەنیش زیاد ئەکات ، ئەمەش بەو جالاکی‌و وورباکردنەوەیەوە بەندەئەلە مرخەوە بەرەو جووەمگەکانو دوا ئەندامانی لەش ئەچێت ..

ئیکرا وەرزش لەهانتەوەیەکی ماسوولکەکانو خاوبوونەوەیاندا هاوڕێیەکی زیك‌وبێك دروست‌ئەکات .

لە تاقی کردنەوەیەکدا کە دکتۆر ئۆبی لەخەستەخانەی (جروت‌شور) لەکیب تاون دەربارەی ئەو بارو دۆخە کردی کەبوو بەهۆی دردنی (٢١) وەرزش‌کەر ، دەرکەوت کە بەدەرکەسیان بەهۆی ئیرو ترشی‌ی دل مردوون کە ئەمەش لەئەنجامی ئەوە بووەکە زۆربوونی کولسترول لەخوێن‌دا شریانی تاجی‌یانی داخستووە (ترتووە) .

خۆماندووکردن لەوەرزش‌کردنداو لەلەش دەکات کە زۆرستی‌ی بە ئۆکسیجین ئەوەندە زیاد بێت کە هەندێ چار بیتەوە ئری ئەرسی‌ی ئی درن .

ئەوەش دەرکەوتووە کە گیرانی دەمارەکانی خوێن لەوکاتەدا زوو ئەدات کە سەرق خرۆنیکی تونەدو زیر ئەکرێت یاخود لەکاتی پیش‌بڕکن کردنەکاندا ڕەیا لەکاتی لەو حەسانەوەدا کە ڕاستەوخۆ لەدای یازی‌کردندا ئەکرێت ، دکتۆر مایز فایق شەرەزای ئەخۆشیەکانی دل لەزانستەی پاسەکانی دل لەئەمبابەدا ئەڵێ :

لەکاتی پێش‌بڕکن کردن یاخود دەستی ئەوەی نوبەی زیاد دل بەخێرایی خوێن هەل ئەداتە ئەو شریانانەی ئەوە ئەو خوێنەش بەشیات ئەو پیتە پەوریی‌یەی دیواری ناوەوەی دەدەرکەکانی مۆتی راوەدە ئەکەن ئەوە ئەدەکەی‌و بەوەو شریانی تاجی ئەیبات‌و ئەبێتە مایەی ئیرانی شریانەکە .

بەڵام لەکاتی بشوودانا زادەی ئەو ترسەی‌کە پەوریی‌یانەی ئەخوێن‌دا سەریان هەڵداوە زیاد ئەکات‌و ئەم زیادبوونەش ئەبێتە هۆی درووست بوونی - جەلتە - .

ئەگەر وەرزش‌کەر جگەرە خۆرینت لەوانەیە زیاتر تووشی ئەو ئەخۆشی‌یە بێت ، چونکە جگەرەخواردن زیاتر کار لەوەرزش‌کەر ئەکات وەك لەوەی جگەرە خۆرەو وەرزش‌کەر نی‌یە .

پاشماوەی : پاف بۆ کەفتنەك بزانن گو ئوهدار دزیرەکەو شارەزانەو فان رەنگە سترانا ئاشکەرادکەن وئەز داخاز ژوان برادەرا دکەم گو بزڤرنەئە کانیا زەلالا فولکلوری مەبیێ تیرو بربەها ، زێبی هندێ ژی هندەکێت هەبن ئەیسینێت هندە شاعیرا بنانێ خو پێش‌کێش دکەن ... براستی ئەف تشتە جهێ ئەرازی بوونا، هەمیا یەو ... دڤی دەمی‌دا یێ‌گو ئەز رەخنا لێان برادەرا دگرم خوبهندێ نائینمە دەرێ کو من خەلەتی ئەبن و ئەز بسنگەکی فرهە رەخنا وا دێ ودرەم‌و من‌بوەرە کو ئەو چەندێ فایدە یێ تیدا هەیی‌و بلا ئەم هەمی بینە زێرەڤان لێکۆڵو دوو دا خەلەتیێت مە کێم بین .

● بەرسڤەکا دی یاکاك (محمد)ی لسەر تومارکرنا سترانا لرادیوا کوردی ..

برایا من تومار کرنا سترانیت کوردی‌ی زانیا نوکە تێنە بکارئینان کەلەك زەحمەتی چێترە .... چونکی سترانا ئش تێنە بەرچاف کرن‌و (فەحص‌کرن)و بەهرا پتر ژێ هەکە دباش نەبن - ژ لایێ شعرێڤە و ئاوازێ - ئالێنە قەبل کرن‌و ... نوکە هەکە ئاواز لسەربنیاتەکێ درست نەبیت‌و تومارکرن پابیرنجی نەبیت رێیا خو بوگوهدارا نابینیت . بەڵێ پاشتەکێدی یێ‌هەی لدژیتش کەفتنا سترانا کوردی‌یە ئەوزی تومارکرنا (٣) سترانا بتشێ د هەفتەکا دا .. هەکە ئەم بزانین ژمارا ستران بێژیت کورد چەندە ... دێ بو مە دیاربیت گو دچەند هەیفەکادا سترانەك بیەر ئێك ژمە ناکەفیت !! . هەروەها مەنەخوشیەکادی یاهەی ئەو ژی گیروکرنا ستران بێژی‌یە یێ‌کو بنە جهێ وی لبەهدا نەبیت ، ئێ چەندێ ژی دەراڤ‌و وەستیان بێدەبیە هەروەسا دویرکەفتن ژشولی‌و مالێ .**

لدیماهیێ ستران بژ (محمد طیب طاهر) ئوت:- هیڤیا من ئەوە :

● جارەکادی هیڤیا من ئەوە هونەرمەند بزڤرنە سەر فولکلوری‌و ساخ بێربکەن .

محمد صبری امام

پاشماوەی: دەفری ڤریوە. بۆ ئەم جیهانەی ئێمە نردراین .

ئایا ئەوەی ئەفسانە باسیکی ئەکا کاراستە ئایە کە ، نورتجونا ،یان حەوای دایکی نادەمیزاد لە ئەستێرەی زوهرەوە هاتووە شارستانیتی کە دەرکەوت بەیارمەتی ئەو بیاوانەوە بوە کە لە ئاسمان هاتونە خواری‌و یارمەتی ڕۆلەکانی زەویان داوەو وا سەر لەنوێ هاتونەوە بە هەر هۆزەکەوە بێت ئەیانەوێ سەر لەنوێ بیوەندی لە گەل زەویدا پەیدا کەن ؟

پایا ئەوەندی لەئێوان دەفری ڤریوو ئەو فرۆکەو ڤاڤۆڕانەدا هەیە کە لە سەر ئەوشەی بەرەزدا دون ئەبن ؟ ئایا ئەو ناوچەیە ئەهێنی جیهازێکی ئەی ئەکەنەڤزیا ئیشکەو وەی حەشار داوە ؟

لێکۆڵینەوەو کەران ناوەستن تا ئەو ڕۆژی ڕاستی دەوچاوی دنیای دەفری فریودەرئەخات جیهانێکی بێشکەوتو ئەبێت یاخود هەر وا دو دل بەسەر لێوەوە کەپرسێ دەفری فریو لە توتوە سەر هەڵئەدەن و بۆ گەری ئەچن ■

فاضل محمد

Institut Kurde de Paris

بیرورا بۆ ماڵەکەت

• شەوەنم •

● کاتێ جڵوبەرگی ڕەنگ تاریک پاک ئەکەیتەوە، بەتایبەتی جڵوبەرگی خوری، فلچە بەوشکی‌ی بەکارمەهێنە، بەڵکو فلچەکەبخەرە ناوێکی‌ساردی وا کە کەمێ سرکەی‌ی کرابێتەسەر، ئەمە خێراتر یارمەتی پاک‌کردنەوەی ئەدا، لەپاشا وتوی بکە، ئەبینی‌ڕەنگە جوانەکەی خۆی بەپاکردۆتەوە.

● ئەگەر خۆی لە چێشتەکەدا زۆربوو، بەبەلە بارچەیەک پەتاتەی بخەرەناوو لەکەلیا بیکوڵێنە تا خوێی‌یەکە هەڵمژێ.

● ئەگەر تێبینی ئەوەت‌کرد گۆشتەکە بەناسانی ناکوڵێت لەبەرئەوەی پیرە. کەمێ سرکەی بکە بەسەراو ماوەیەکی‌تر لەسەر ئاگرەکە بەجێی‌بهێڵە تا بەتەواوی نەکوڵێ.

● ئەگەر ویستت ماوەیەکی درێژ سەوزە وەکو کاهووو کەرەوزو گەلێن جۆری‌تری لەسەلاجەدا هەڵبگرێ، لەپێشانا بیشۆرەوە، ئینجا لەقابلەمەیەکی سەرنراوە یاخود لەناو کیسێکی نایلۆندا هەڵی‌بکرە.

مێیینەیی وەك ئەمڕۆتێی گەیشتون

لەگەل سەرەتای هێرش هێنانی لەشکری پانتۆڵو بەرگی پیاوانە بۆ سەر شاری بەرگەکانی حەوا .. ئافرەت لەهەمو شتێکا دەستی بەوەکرد پچێتەوە سەر پیاو، بەنارایشتی دەرەوەیان وازیان‌نەهێنا.

بەڵکو وایان لێهات شێوەی دووانو جوڵانەوەکانیشیان بگۆڕدرێو کە زۆر ئاشکرا جیانەکرێنەوە. بارشتو بارمەتی‌دەری ئەمانەش بۆ بونەوەی بزوتنەوەکانی‌ئافرەتان بو لە هەمو جیهاندا کەوا داوای هاوشانی ئێرو مێیان‌نەکرد..

ئەم کارەش هەندێك ئافرەتی گەیانە ئەوەی کاتێك ئەهانن بیریان لە مێیینەیی خۆیان نەکردەوە هەستیان بە تاوان نەکرد. «مێیینەیی» تازەترین شت بو کەوا کەوتە ناولیستەی قەدەغەکراوەکانی ڕژمەلایەتیەوە

بەڵام ئەمکارە هەر لەم سنورەدا نەمایەوە چونکە بەشێکی زۆری ئافرەتی هۆشمەند، ئەوانەی وا لە بیرو باوەڕیاندا زیادە خۆریان نەکردوە، بەو دروشمە ساختانە هەڵنەخەڵەتاونو کەوتونە ئەوەی کە بر سیاری ئەو پیوەندیە بکەن کە لە نێوان ئافرەتو پیاو لەم بارەیەوە چیە؟

یەکێك لە گۆڤارەکانی پێکانە لە هەلبژاردنێکا کە بۆ سەرنجدانی ڕای پیاوکردی بەرامبەر مێیینەیی ئافرەتو شی‌کردنەوەی ئەو مێیینەیی‌یە وەلامی ئەوەیە.

هەندێك ئەڵێن مێیینەیی ئافرەت لە بارستەی ئەو کارەدایە کە ئەکەوێتە ئەستۆی.. وێنەی ئەو ئافرەتە مل کەچ و خۆ بەدەستەوەدەرەی کەوا لە دایکەکانماندا دەرئەکەوێت پیاو توشی ئازارئەکات.

هەندێکی کە مێیینەیی ئافرەت بە گوڵدائەنێن بەمەرجێك ئەو ئافرەتە جوانبێت ئەتوانێت لە جوانی جیهانێك دروستبکات.

بە پێچەوانەی ئەو شتە باوانەی گوایە کاری ئافرەت‌ئەیکات مێیینەیی کەم ئەکاتەوە، بەشی زۆری ئەو ڕایانەی کە هەن شتێکی تر ئەخەنە سەر ئەم دەسمایە مێیینەیی‌یە کە ئەویش ئەوەی ڕوی دەرەوەی ئافرەت ئاوەژوی گیانی ناوخێی‌ئەبێتو ئاوەژوی یەکترن.

بۆ شی‌کردنەوەی مێیینەیی.. ڕاکان گشت گەیشتونە ئەو خاڵە کەوا مێیینە لەو وێنە جوانەدایە کە ئافرەتی تیا ئەبینرێ، لەو کەژە هێمنەدایە کە لە ماڵو شوێنی کارەکەیدا زۆری‌ئەکات، ئەو توانایەدایە کە بۆ هەست بە خۆشی‌و دڵنیایی‌کردن لە دەوری خۆی بڵاویان‌ئەکاتەوە.

ئەمڕۆ لە هەمو ڕۆژێکی ڕابوردو زیاتر مێیینەیی ئافرەت بشت بە هۆش‌و ئەندێشەو ڕۆشنبیری ئەبەستێ.

لە ئافرەتێکەوە بۆ ئافرەتێکی‌تر هەروەها لە وڵاتێکەوە بۆ وڵاتێکی کە ڕاکان لە بارەی ئەم مەسەلەیەوە ئەگۆڕێن. ئافرەتە ئەمریکاییەکان پێچەوانەی ئافرەتە فەرەنساییەکان لەو بیروباوەڕە ئازادیەی هەیانە زۆر خۆری‌ئەکەن. بەڵام ئافرەتە فەرەنساییەکان چەند پێیان بکرێت «خۆ وەدی‌هێنان» ئەخەنە سەر ئەو تەلیسمە شاردراوەیەی کە وەك ئافرەت خاوەنین‌و ئەیانەوێت کە دەسەڵاتیان زۆرتربێت.

بچکۆلەکان .. فێربن چۆن دانتان ئەشۆن!

زۆر منالی بچکۆلە هەیە، لە قوتابخانەشدایە، بەڵام بایەخی کرنکی پاکو خاوێنی‌ڕۆژانەی دەمودانی ئازانێو ئازانی جێن‌وابکات لە پیس‌بوونی ئەخۆشی بیان‌پارێزێ.

لەبەر ئەوە پزیشکەکانی‌دان، لە هەندێ وڵاتانی ئەوروبادا ئاوبەئاو، بە تاقمێ دانی‌دەسکردی گەورەو فلچەیەکی گەورەی پاککردنەوەی دەمودانەوە ئەچنە قوتابخانەکان‌و منالە بچکۆلەکان فێرئەکەن چۆن دانیان بشۆن‌و بەپاکو خاوێنی ڕابیگرن!.

لاوان وقوتابیان

چی ئەزانی دەربارەی یاری «تۆپی دەست»

ئەم یاریی‌یە یەکەکە لە باشترین یاری‌یەکانی ئەڵەمانیا هەرچەندە (چیکۆسلۆفاکیا) پێش ئەو هەبووەو پێی‌هەڵسساوە لە ساڵی (١٨٩٢)دا کە ناویان نابوو (حزنا.. هەروەها (دانیمارك)یش یەکێك بووە لەو وڵاتانە ئەم یاریی‌یە ئەکرێت بە دوو بەشەوە.

یەکەم: (تۆپی دەست) لە یاریکای بچووکدا بە تایبەتی لە هۆڵە سەرداخراوەکاندا ئەکێڕرێ وە (٧) یاری‌زان بەشداری تیادائەکات..

دووەم: تۆپی‌دەست) لە یاریکای تۆپی پێدا ئەکێڕرێ هەروەها (١١)یاری‌زان بەشداری‌تیدا ئەکەن یاری‌تۆپی دەست لەو یاریانەیە کە بۆ ئافرەتو پیاو ئەگونجێ.. چونکە ڕێگای فێربوونی ئاسانە..

یاری (تۆپی دەست) یەکێکە لەو یاریانەی ئازانی‌لە وڵاتەکەماندا بڵاوبۆتەوە.. هەروەها زۆر خێرایی ئامۆژگاو هەموو قوتابخانەکانی گرتۆتەوە.. تەنانەت کرێکاران تیی‌تایبەتی یان بۆ ئامادە کردووە..

لەکۆتایی‌دا ئەم یاری‌یە لە سەراسەری وڵاتدا بە شێوەیەکی تەواو بڵاوبێتەوەو لاوان‌و قوتابیان سوودێکی تەواوی لە بواری بەهێزکردنی مێشکو لەشدا لێوەربگرن.

شەماڵ عەلی قادر

ڕۆژنامەگەری قوتابیان

جمال الدین محمد امین

«قۆناغی ئایندە دەبێ، لە دایك‌بوونی ڕاستەقینەو تەواوەتی ڕاگەیاندنی شۆڕشگێڕانەی تیادا بێتەکایەوە، کاتی ئەوە هاتووە کە شۆڕش ڕاگەیاندن وڕۆشنبیری یەکی وای هەبێ کە بەووردی‌و ڕاستگۆیی‌و ئاهەنگێڕانە دەربڕی بیروباوەڕو ڕێبازەکەی بێ».

ڕاوێژی سیاسی کۆنگرەی هەشتەمی هەرێمایەتی حزب لە کۆڕ ڕۆژنامەگەری زۆبانی نیستا کرەلکەو چەماوەری نوفراوانی خەڵك بێ‌کۆڕمەلکەش بریتی بێت لە چین‌وکەرتی جیاواز جیاوازی بیاری ڕۆژشنبیری لەوا بێ‌کومان ئەرکی سەرشانی ڕۆژنامەگەری ئەوەندەی تر بەرە دەسێتێو زیاتر دەبێ. ڕۆژنامەگەری مولکی خەڵو چینەکانیەی‌و دەربڕی ویست‌و ئامانجەکانی جەماوەرەو بەشداری‌و بەرقوون کردنەوەی هوشیاری‌و بەداری لە ڕاستی و ڕاستەقینەو لە بزواندنی ڕیزدانی هاوبەشی خەڵك.

ڕۆژنامەگەری‌و هەموو دەزگەیانی ڕاگەیاندن لە ئەنجامی ئەرکەکانی جەماوەر دەگەن چەکی خەباتی بەرەپێدراون لە ڕێگای ئازادی زانیاری ئابووری‌و کۆمەڵایەتی‌و دەمونیزم بەرەنگاری بیلانەکانی لەمەمان کاتدا چەکیکی دروستیالزم ڕزایزنیزم دەکەن.

ڕۆژنامەگەری هەروەك «جیفرسن» دەڵێ: «چاکترین نامرازی ڕۆشنایی هۆش‌و بیری مرۆڤەکە هەوڵو ئەقڵەلای پشمەوتنی هەس‌و کەوتەکانی کۆمەڵایەتی ئەدات» ڕۆژنامەنەری پایەیەکی زیندۆو و بەبەرەتیە لەکردەی ڕاگەیاندنداو یان بابلێین چاوی ڕاگەیاندن‌و کانگای بەدەوکردن‌و فووڵ‌بوونەوەی باوەڕهێنانە بەقیمەی شۆڕشگێڕانەو تیشکۆی شەردنیکی بەردەوامە بۆ پایەماڵکردنی واقیعی کۆن‌و بنیاد نانی نوێ... ئەو جۆرە بێ ڕۆژنامەگەریە، ئەو ڕۆژنامەگەریە خەباتگێڕیە کە قۆناغی خەباتی ئەڵەکەمان بێ‌وبستیەتی، بەدەستەواوە یەکی تر ڕۆژنامەنەری ئەو بەتە نهێنی‌یەیە کە جەماوەر بەڕووداو دەبەستێتەوە باشترین هۆی ئەیشتنە بەجەماوەر.

دەبێ ئەوەش لەیاد نەکەین کە ڕۆژنامەنەری ئەم قۆناغە دەبێ مولتەزیم بێ، مولتەزیم بەمەبدەئی شۆڕشگێڕانەو دوور بێ لە هەڵگرتنی مۆرکی دواکەوتن‌و گەڕانەوە.

ڕۆژنامەگەری ئیستامان تا ڕادەیەك توانیویانە بگەنە ئاستی (طموح)ی شی‌ڕشە بیرۆزەکەی (١٧)ی گەلاوێژی ئەمڕ، بەتایبەتی ڕۆژنامەنەری قوتابیان کە ڕۆڵیکی دیارو باڵا دەنوێنن لە مەیدانی ڕۆژنامەگەری بەشیوەیەکی شتی.

ئایا پاساکانی یاری «تۆپی پێ» ئەگۆڕێت

• ئاوات مەحمود •

ئامۆژگاریی‌یەکی گرنگ بۆ هەموو ئەوانەی وەرزش بکەن:

وەرزش بکەن

● ئامۆژگاریی‌یەکی گرنگ بۆ هەموو وەرزش‌کەرێك:

حەوانەوە ڕۆژ لەوسەتەوە نابێ لە (١٢) سەعات کەمتر بێت!

● جگەرەکێشان مرۆڤ ئەخاتە بەر ئووشی‌بوونی ئەخۆشی‌یەکانی شەریانی تاجی وەرزش‌کردن بەتوندی‌و بەزبریی مەترسی‌ی گەورەی لەدوایە.

هەمور دکتۆرەکان بەڵایانەوە وایە کە هەمور چەشنە ئەخۆشێك یاخود ئەوانەی وەسواسن پێویستە وەرزش بکەن.. وەرزش‌کردن بۆتە یەکەم بەند لە ڕاچێتەی هەموو دکتۆرێك‌دا.

هەروەها وەرزش‌کردن دوای خواردن‌و حەسانەوە بۆتە مەرجی سێیەمی ڕاسپاردەکانی هەموو کۆنگرەیەکی دەوڵەتان، دکتۆرەکانی ئەخۆشی دەروونی و مێشك‌و جیهازی هەرس‌و دڵو باڵەبەستۆو قەنەویی، لەسەر ئەوە ڕێك‌کەوتوون کە وەرزش‌کردن زۆر پێویستە. (کاتێك دکتۆر لەئەخۆشەکەی دەپرسێ ئاخۆ چ جۆرە وەرزشێك ئەکات.. وئەخۆشەکە وەڵامی ئەداتەوە کە وەرزش‌ناکات.. یەکسەر ئەیگرێ‌و ئەڵێ ئەی ئەبێ هەموو ڕۆژێ وەرزش بکەیت.. هەر چەندە ڕەشتنیش بێت)!

لەو دوالیکۆلینەوەدا کە دەربارەی وەرزش‌و وەرزش‌کەران‌و بایەخو زیانی‌ی وەرزش‌کرا لەئەنجاما دەرکەوت کە ماندووکردنی لەش بەتوندی و بەزبریی، مرۆڤ تووشی‌مردن ئەکات.. وە لە سەر ژمارەیەکی دەوڵەتان‌دا دەرکەوت کە مردنی نزیکەی (٢١) باڵەوان لەساحە وەرزشیەکان‌دا بەهۆی خۆماندوو کردنێکی لەڕادەبەدەربووە، ئەوەش ئەوە ئەگەیەنێ کە مام ناوەندیی‌کردن لەوەرزش کردنا لەکەل حەسانەوە کەلێ پێویستن وەدوا ڕۆژی هەفتە ئەبێ بەهەمور جۆرێ بۆ پشوودان‌و حەسانەوە ئەرخان بکرێت.. بەڕێوەبەریی کاروبارە نوێکان دانی بەوەداناوە کە ئیش‌کردن وا ئەبەڕێوەبەری سەرکەوتوو ئەکات کە بەزۆر پشووی حەوانەوەی سەلانەی بەسەرایسەپێنێ بۆ ئەوەی زیاتر بەرهەم بهێنێت.. تا هەندێ دەوڵەتانی ئەوروپاش دانیان بەوەدا ناوە کە پێویستە پشووی کۆتایی ڕۆژانی هەفتە مەوداکەی زیادبکرێتو ببێتە (٣) ڕۆژ لە بەیانی‌ی ڕۆژی هەینی‌یەوە دەستپێبکات تابەیانی ڕۆژی دووشەممەی هەموو هەفتەیەك.

دکتۆر حلمی ریاض دکتۆری شارەزای قەڵەوی‌و نەخۆشی‌یەکانی سووڕی خوێن ئەڵێ: چالاکی‌ی ئەندامەکانی لەش تێکڕا وەبە تایبەتی ئیش‌کردنی ئەو جیهازەی تایبەتە بەسووڕی خوێنەوە، بەپێی حاڵەتی مرۆڤەکە ئەگۆڕێت، ئاخو بەحەساوەیی ئیش ئەکات.. یاخود بەڕێشتنەوە یا بەدانیشتنەوە یا بەپاڵکەوتنەوە یا بە ڕاکردنەوە.

ئەوەی عادەتا ڕوو ئەدات ئەوەیەکە هەرس‌کردنی خواردەمەنی بەشێوەیەکی تەواو، ئاشکرا بەرەو نزم بوونەوە ئەچێت کاتێك مرۆڤ لەحەسانەوەیەکی تەواو دابێت. بەڵام لەکاتێکا جیهازی هەرس لەچالاکی دابێت دەماری لەپەڵوێز کەوتوو ووریا ئەبێتەوەو لیدانی دڵ دەقیقە یەکدا دێتە سەر ٦٠ جار، پلەی گەرمای لەشیش ئەکاتە ڕادەی هەرەنزمی لە ٢ر٣٦ وە تا ٥ر٣٦ وە کاتێك لەش لەباری ڕاکشانەوە بەرەو باری وەستان ئەچێت دەماری (سمپاتاری) ووریا ئەبێتەوەو ئەبێتە هۆی زیادبوونی لیدانی دڵ لە ٧٢ وەوە بۆ ٧٥ جار لە دەقیقەیەکدا وە هەرس‌کردنی خواردەمەنیش کەمێ بەرز ئەبێتەوەو پلەی‌گەرمی لەش دێتەوە سەر دۆخی سرووشتی‌ی خۆی کە ٣٧ پلەیە.

لەکاتی جوولانەوەو خێراڕێشتن‌و هەشق‌کردنی وەرزش‌کاریی‌دا چالاکی‌ی هەرس‌کردنی خواردەمەنی بەرز ئەبێتەوەو هەرەها دەنگۆلیدانی دڵیش، وە پلەی ئەرمی‌ی لەشیش بۆ ٥ر٣٨ پلە بەرز ئەبێتەوە.. بەڵکە ئەو پلەیەش زیاتر بەرز ئەبێتەوە،

بروانە: ل: ٧

نوێترین ئامرازی سەك نەکردن لە «اسیوط»دا دێت

دۆزینەوەیەکی گەورە سەرنجی دایرە پزیشکیەکانی جیهانی ڕاکێشا، لە کۆلیجی پزیشکی‌ی زانکۆی «اسیوط» لەمیسر، دەرزی‌یەك دۆزراوەتەوە لەسك ئەدرێ، ئەم دەرزی‌یە کارێکی وانەکا ئەو ئافرەتە سك‌نەکا تاوەکو ئەو ڕۆژەی خۆی حەزئەکا تەئسیری ئەو دەرزی‌یە لابەرێ. ئەو دکتۆرەی ئەمەی دۆزیوەتەوە ئەڵێ:

دەرزی‌یەکە لەچەند دەقیقەیەك بەولاوە ناخایەنێو لەژێر تەئسیری سڕکردنێکی تەواوی ئەو ئافرەتە باشوێنێکدا لێئەدرێو هیچ ئاڵۆزیەکیش بەسەر لەشدا ناهێنێ.

هەروەها ئەو ئافرەتە هەرکاتێ بیەوێ بکەوێتەوە سك‌کردن. تائێستا ئەنجامی تاقیکردنەوەکە بەرژەی لە ١٠٠٪ سەرکەوتووە.

فکرە بنچینەیی‌یەکەشی بریتیە لەوە کە بەربەستێکی وەختی لەکەرووی «فالوب»دا پەیدا ئەکا، ئەوگەروەی هێلکەدان بەمنالدانەوە ئەگەیەنێ، هەموو کاتێکیش ئەتوانرێ ئەو یەربەستە لاببرێ.

کۆمەڵەی ئەندروستی جیهانی بایەخێکی تەواوی بە تاقیکردنەوەیەداو بریاری تەرخان‌کردنی پارەیەکی زۆری‌دا بۆئەوەی لە لێکۆڵینەوەی ئەو کارەدا خەرج‌بکرێت، هەروەها بریاری‌دا بەشداری‌کەرانی ئەو لێکۆڵینەوەیە بانگهێشتن بکات بۆسەردان لە ئامۆژگا شارەزاکانی ئەمەریکا، تاوەکو لەهەموو لاکانی تاقیکردنەوەکە بەتەواوی بکۆڵنەوە.

ئیستاکە گیروگرفتی بنچینەیی ئامرازەکانی سك‌نەکردن، زاڵبوونە بەسەر ئەو کارە لابەلایە ئاڵۆزانەی حەب‌و ئامرازەکانی‌تر بۆ ئافرەت بەیدا ئەکەن... کە بریتین لە زیادکردنی قورسایی ئافرەت‌و قژ ڕووتاندنەوەو مەمك سیس بوونی.

شتی تازەی ئەو تاقیکردنەوەیە ئەوەیە کە دکتۆرەکان چاویلکەی سکیان لەم کارەدا بەکارهێناوە، کەبریتی‌یە لە دەرزی‌یەکی ئەستوور بەسەر بەرباری خوارەوەی ناوکدا شۆڕئەبێتەوەو ئەتوانرێ بێ‌ی سەری گەرووی «فالوب» بکرێ، لەباشا ئالەتێکی باریکی لەچاویلکەکەوە تێئەخرێو ئەتوانرێ گەروی «فالوب»ی پێبگیرێو بەشێکی دابخرێ. شتێکی‌تری تازەش لەم‌رووەوە ئەوەیە کە بەخێرایی ئەو تاقیکردنەوەیە لەناو کۆڕی ئافرەتانی «اسیوط»دا بلاوبۆتەوە.

Institut kurde de Paris

گەشتی « هاوکاری » لە ناوچەی « ئۆتۆنۆمی »دا :

لەمەلبەندی ئۆتۆنۆمیدا چالاکی رۆشنبیری وچاوبڕینە پاشە رۆژێکی چاکتر

یەکێتی نووسەرانی کورد : وەرزێکی رۆشنبیری فراوان ٠٠ کۆمەڵی هونەرووێژەی کوردی : چالاکی هونەری هەمە چەشنە ٠٠

سالێك بەسەر کۆچ کردنیا ٠ بێجگە لە چەند کۆڕێکی تری نەدەبی و رۆشنبیری ٠

کۆمەڵی هونەرو وێژەو هەڵسووڕانی هونەری و رۆشنبیری

دیسان سەرەتان لەبارەی کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی لقی هەولێرداو لەوی چاوەتان بەکاك خلیل یابەی سەرۆکی کۆمەڵ کەوتو دەربارەی چالاکی یەکانی کۆمەڵە لەگەڵیا دواین ٠ کاك خەلیل وتی :

لەم دواییەدا دوو جیرۆکمان لە تەلەفزیون تزمار کردوە (کۆتی کۆمەڵ)و (هونەرو ژیان) ٠ بێجگە لەم دوو چالاکیە هونەریە ، بایەخمان بەکۆڕبەستی ئەدەبی و رۆشنبیری داوەو هەفتەیەك لەمەوبەر کۆڕێکمان بۆ چیرۆك خوێندنەوە سازکرد کە شەش چیرۆك نووس بەشداریان تیاکرد ، هەروەها لە ڕووی پێویستی لیکۆڵینەوەو باسی هونەریەوە کۆڕێکمان بۆ هونەرمەند (غازی بامرنی) سازکرد کە تیایدا باسی گیروگرفتی دەرهێنانی کرد لە شانۆی کوردیدا ٠

کاك خەلیل ووتی :

چالاکی داهاتووشمان ، هەڵسووڕانی زیاتر ئەبێ لەڕووی ئەدەبی و هونەری و رۆشنبیری ـ یەوەو ئەمانەوی کۆڕی فراوان بۆ لیکۆلینەوەی ئەدەبی بەهەموو لایەنەکانیەوەو هونەری بەهەمو لایەنەکانیەوەو کردنەوەی پیشانگای هۆنەری ئەشکیلی بگرێتەوە ، سەرەرای بەردەوامیمان لە ئامادەکردنی بەرهەمی نواندن بۆ ئەوەی لە تەلەفزیونیان لەسەر شانۆ پێشکەشیان بکەین ٠

ـ بەشی لیکۆلینەوە ـ

لە شاری هەولێر ، مەلبەندی ئۆتۆنۆمی ، هەست بە جوڵانەوەیەکی فراوانی رۆشنبیری ئەکرێ ، لایەنە رۆشنبیرەکان بەرنامەوامن لە بەستنی کۆڕی رۆشنبیری و لایەنە هونەریەکان چالاکانە خەریکی خوئامادە کردنن بۆ پێشکەش کردنی بەرهەمی بەکەڵکی هونەری لە زێر لایەنی ئەشکیلی و شانۆی و موسیقاو گۆرانیەوە ٠

لە کاتی گەشتەکەماندا بە ناوچەکەداو کە گەیشتینە شاری هەولێر ، چاومان بەبرایانی یەکێتی نووسەرانی کوردو کۆمەڵی هونەرو وێژەی کوردی کەوت و دەربارەی چالاکیەکانیان و ئەخشەیان لە وەرزی داهاتودا قسەمان کرد ٠

یەکێتی نووسەرانی کورد

لەیەکێتی نووسەرانی کورد لقی هەولێر ، چاومان بەکاك (عبدالله حداد)ی سکرتێری رۆشنبیری یەکێتی کەوتو داوامان لێکرد باسی چالاکیەکانی تا ئیستای یەکێتی نووسەرانمان بۆبکات ٠

کاك عبدالله بێی راگەیاندین کەیەکێتی نووسەرانی کورد ، لقی هەولێر ، لەئەن ئەوەشدا کە تازە کەوتۆتەوە کارکردن ، بەلام ، هەر لەدوای هەلبژاردنی ئەستەی بەرێوەبەرێتی نوێی کەوتە کارکردنی چالاکانە ٠ ئەوە بو لە ١٠ی شوباتدا زرپێکی فراوانی ووتار خوێندنەوەی بەبۆنەی (رۆژی نووسەری کورد)ەوە سازکردو زمارەیەك لە رۆشنبیرەکان و ئۆرو کرمەلە رۆشنبیری و ئەدەبی و میدلیەکان و ئاریان خوێندەوەو کاربەدەستانی ناوچەی ئۆتۆنۆمی ئامادەبوون و پیرۆزبایی لەنووسەرانی کورد کرا ٠ هەروەها بەبۆنەی رۆژی ئافرەتانی جیهانیەوە ، یەکێتیمان لەگەڵ یەکێتی ئافرەتانی لقی هەولێر کرد و رۆشنبیری فراوانی ئامادەکردو سێ باسی رۆشنبیری و ئەدەبی دەربارەی دەوری ئافرەت پێشکەش کرا ئەمە بێجگە لەوەی لە چەژنەکانی نادارو ئەورۆزدا یەکێتی یەکەمان کۆڕی ئەدەبی و رۆشنبیری سازکردوەو زمارەیەك لە نووسەرە ناسراوەکان شیعرو وتارو باسیان دەربارەی نادارو ئەورۆز پێشکەش کرد ٠ هەروەها بەبۆنەی رۆژی رۆژنامەگەری کوردی یەوە یەکێتی نووسەران کۆڕێکی تەورەی سازکرد ٠

ئۆتۆلابۆ چالاکیەکانی داهاتوو

کاك عبدالله حدادی سکرتێری رۆشنبیری یەکێتی رای ئەوەندکە دەستەی بەرێوەبەری یەکێتی بەردەوام بەرێوەندی بەکاربەدەستە بەرپرسەکانەوە ئەکات ٠

کاك عبدالله وتی : ئێستا کە یەکێتی بارەی ئایینەتی حزبی هەیە وەرزێکی پڕ جموجولی رۆشنبیریمان دانەوەر نیازمان وایە ئەم کۆڕانە بەبەستین :

ـ کۆڕێك دەربارەی (مەسەلەی کوردو ئاسۆی دوارۆژ) کە تیایدا بەرێز هاشم عقراوی باسێك پێشکەش ئەکات ٠

ـ کۆڕێك بۆیادی کوچی دوای (مەلا محمد شریف عثمان) بەبۆنەی تیبەڕبونی

وێنە
• بدریە •

بێدەرەتانانی هەموو چەشنە تەمەنێك !

لە سەر سەکۆی پەمەنتوینەکەی ژێر چەترە سوورەکە دانیشتبوو ، کە نایەتی یە بە جۆوەستانی پاسی مەسلەحەوە ٠٠ پیاوێك بوو لە دەوروبەری چل ساڵیدا ، دەڵێم پیاوێك ٠٠ لە ئەنجامی بەوەشدا دەزانم لەوانەیە بیبینە هەموو شتێك ٠٠ باوەشێك پیسی و ئەندو ئۆتان ٠٠ تۆبەلە دادەمیزادێکی پیس و ڕۆخڵ ، بەلام پیاوێك نەبوو بە ترکەیشتنی نشتەی ئەم ووشەیە ، ئەئەر ئەو بەدڵە کۆنە دراوە ئەبوایەت کە کردبوویە بەر ٠٠ چونکە ئەمە « هەر پیاو لە بەری دەکات » ٠٠ ئەو شتەی ژێر سەرنجتی رادەکێشا ئەو کرمە ئەشانە بوون لە پێشەوەی پێیەکیدا کە جۆرابێکی پڵکنی وێ کردبوو کۆ ببوونەوە ٠٠ هیچ وەمایەك لە لای بینەر ناهێنێت کە لە ژێر ئەو ئۆتەوەیەدا کێم و پڵکی بژێن کراو خۆی مات داوە ڕۆی سەری ئەژو وازو شەواو ٠٠ هەر دڕو چاو دەرەقیو ٠٠ سینەی چاوی بوو بوو بە رەنگێکی زەرد هەڵکەڕاوی کاو ٠٠ بە ڕقو قینو هەڕەشەوە سەرنجی خەڵکەکەی دەورو پشتی دەدا ٠٠ کە سەکۆ بە ردیئەکەیان بەجێ هێلاو ٠٠ بە ئەنجام ٠٠ بە ڕاوەستان ٠٠ بە زیان دەهاتەوە لە تەنیشتیەوە دابنیشن ٠٠ ئەم دیمەنە هەمیشە کە شەقام و ڕێگاو بانەکان دا لە سەر سۆستەو لە نێوان ئۆتۆمبیلەکانی ئواستەوەدا ٠٠ زۆرجار دووبارە دەبێتەوە ٠٠ تۆبەو کۆمەڵە نادەمیزادەی پیس و پڵکن و پیس و ڕۆخڵ بە پەوز کۆنەو تەنەک ، کۆنەو سندووقە کارتۆن خزیان داوشیوە ٠٠ یاخود هەر بەبێبان ٠٠ بە تایبەتی لەکاتی بەیانیانی زوودا ٠٠ کە ئەوانە نووستوونو دەڵێیت بێ هۆشن ٠٠ هەتاو

بروانە : ل : ١١

دەفری فریولە کوێوە بۆکوێ ؟

فاضل محمد

ماوەیەکی کەم لەمەوبەر لە یەکێك لەشارەکانی ئەمریکادا کۆنگرەیەك بەسترا و ژمارەیەکی زۆر زانا و شارەزایانی ناسمان بەشداریان تیاکردو ئەم کۆنگرەیە بەرزدا بو لەو ڕاپۆرتانە کۆئینەوە کە مەسەلەیەکی بایەخداری ئەوبەری پێ بایەخ کۆی کرد بونەوە کە ئەویش دەفری فریوە « الصحون الطائره » لە کوێوە بۆ کوێ ؟

لە ئەن ئەو هەمو بەکەو بینراوە زۆرانەدا کە هەبون کۆنترەکان لەو ئەنجامە زیاتروە دەستیان ئەهێنا کە لەو ڕوداوانە زیاتربێ کەوا ڕای گشتی ئەیانزانێت هەر وەها شتێکیشیان لەو ڕوداوە زانراوانەی لەبارەی شەوەی ئەو شتانەوە کە زانراون ، هەن لەوانی سەرچاوەی ئەم شتانەو لەو شوێنەوارانەی کە شارستانێتی مرۆڤ بەجێیان هێشتوە زیاد ئەکرد ٠

بەلام ئەوەی جێ ماوە وردە وردە ئەویش هەندێك شوێنەواری ساو لەدوای ساو بو بەژێرەوەو داپۆشران تایا ئەوانیشوەی کە بۆی ئەلێن سەدەتاریکەکان شارستانیەتێکی پێشکەوتو هەبو ؟ تایا بیرەندی لە نێوان ئەستێرە کەمان و شارستانیەتێکی پێشکەوتوی یەکێك لە جیهانەکانی تری ئاسماندا بوە ؟ ئایا مرۆڤی زەوی پێوەندی بەمرۆڤێکی پێشکەوتوی ئەگەڵ ئەزیای ئاسمانەوە بوەو ئەم پێوەندیە بەهۆیەکەوە ئەماوە ؟ ئایا ئەو جیهانانە هاتونەوە سەر لەنوێ پێوەندی ئەکەن جیهانی ئێمەدا بەیدا بکەنەوەو ئایا دەفری فریو پێشمەگی ئەڕانێکە بە ئەقەللادانی پێوەندی کردن لەگەڵ ئەستێرەکەماندا سەر لەنوێ ؟

نیویۆرک - ٢٧ - ناس . واع . نوێنەری هەمیشەیی عیراق لە کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتوەکاندا وتی ئیمپریالیەت شیوەو ڕوکەشی مەترسیداری زۆری هەیەکە یەکێک لەوان ئیمپریالیەتی ئابوریەو دەورێکی ویرانکاریانە ئەبینی بۆ کۆسپ نانەسەر ریگەی سەربەخۆیی گەلانی خواروی ئەفریقا بە هەر نرخێک بێت .

نوێنەری ناوبراو ئەمەی لەکۆبونەوەیەکدا وتوە کە لەبارەگای کۆمەڵی نەتەوەیەکگرتوەکان ڕۆژی ٢٧ی ئەم مانگە لێژنەی پاکوداتی ئیمپریالیزم پێکی هێنابو .

ئەوەی لە کۆبونەوەکەدا لەلایەن هەندێک لە نوێنەرەکانەوە وترابو هەمو ئەوەیان دووپات کردەوە کە ئیمپریالیەت گەلی شیوەی جۆراو جۆری وەک هۆی ئابوری و نەنگ پێهەڵچینی سیاسی بە کارئەهێنی بۆ مانەوەی دەست ڕۆیشتی خۆی لەناوچە دەست بەسەر گیراوەکانداو سەباندنی ڕژێمێکی ئابوری نارەوا بەسەریاندا بەجۆرێک کەوا بەری هەر رەنجی گەلەکانیان هەیان بێ و هەر بەهەمێکی سروشتی لە ولاتەکانیاندا هەبێت بەوپەری درندەییەوە تالانیان بکات .

سەرەوتار

نەخشەی پێنج ساڵەی بەرەپێدان

دووپات کردنەوەی رێبازی مەبدەئیانەیە لە مەیدانی تێکۆشان و بیناکاری شۆرشگێڕانەدا

ئەو دەسکەوتە شۆرشگێڕانەو ئەو شەڵەلە میللیانەی کە شۆڕشی حەفدەی تەمووز بۆ گۆمەڵانی خەڵکمانی وەدی هێناوەو هەوتستە ئازایانەیەی عیراق دژی ئیمپریالیەت و سەهیۆنیەت گرتوبەو ئەو پشتگیریەی لە ئەلانی تێکۆشەری دەکا ، هەموی رەنگدانەوەی هەلوێستێکی شۆرشگێڕانەی مەبدەئیانەیە کە سەرچاوەکەی لە بیروڕا نەتەوەیی و ئیشتیراکیەکانی حزبی فەرمانده و حزبی بەعسی عەرەبی سوشیالیستەوە هەڵدەقوڵێ .

خاسیەتی بنەڕەتی کاروانی شۆڕشی حەفدەی تەمووز لەوەدایە کەدەسکەوت و هەلوستەکانی یەکیەتێکی گونجاوی نێوان بیروڕاو پێداویستی شۆرشگێڕانە پێکدێنن لەبواری کرداری نەخشەکێشراودا کەواقیعی تواناکانی ئێستای تێدا رەچاوکراوە ، بێ یە ، ئەم شۆڕشە لەگەڵ رژێمی رژێمی جیاوازە کەتەنها لەهەلوێستی رووکەشی و قسەی زل زلی شورشگێڕانە بەولاوە هیچی تریان لەباردانیە ، ئەو رژێمانەی کەراستی بەیوەندیەکانیان لەگەڵ کۆمەڵانی خەڵکداو تێکشکانی ئاشکرایان لەبەجێهێنانی بەرنامەکانی بیناکاری ئابووریدا پەردە لەسەر ئاشۆڕشگێڕیان هەڵدەماڵێ و ئەو بیابانە چۆڵە دەردەخا کەراستی ئەمان واقیعی حالیان لەبەکتر جیاکەکانەوە .

بەسندکردنی یاسای نەخشەی بەرەپێدانی

((((هاوکاری))))

بڕوانە ل : ٦

Institut Kurde de Paris

بەیاننامەی ناوکۆیی عیراق وهەرەنسا

لەسەرخواستی بەڕێز جێگری سەروکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕشی صدام حسین بەڕێز ریمۆن بار سەرەك وەزیرانی فەرەنسا بەسەردانێکی کارو دۆستانە لە ٢٥-٦-١٩٧٧ هاتە کۆماری عیراقو سەردانەکەی تا ٢٦-٦-١٩٧٧ی خایان .

بەڕێز سەرەك کۆمار لەم سەردانەدا پێشوازی ریمون باری کردو وتووێژی هەردولاش کە بەڕێزان عدنان حسین وەزیری ئەخشە کێشانو دوکتۆر سعدون حمادی وەزیری دەرەوە بەشداربون کاروباری گرنگی نێو دەولەتانو بەیەندی نێوان هەردوو ولاتبو .

لەو وتووێژەدا کە لە بارێکی بڕ لەبڕوا بەکتردا کرا هەردوولا گرنگی هاوکاری فراوانی نێوان کۆماری عیراقو کۆماری فەرەنسایان دووپات کردەوە هەردوولا گەشەکردنی بەیەوندیان بە شێوەی هاوکێشی لە چوارچێوەی بەرژەوەندی کۆماری عیراقو فەرەنسادا پێخۆش بوو هەروەها لەبارەی هەمو ئەو هەسەلانەشەوە دوان کە بەیەوندی گرنگی بە هەردولاوە هەیەو دەستنیشانی بارەخی راوێژکردنی ریکوێکیان کردوە کە لە بلەیەکی بەرزدایە .

بەڕێز صدام حسین خواستەکەی بەڕێز ریمون باری پەسەندکرد کە پێش کۆتایی هاتنی سالی ١٩٧٧ بچێت سەر لە فەرەنسا بدات .

سەناتۆرێکی سەهیونی سەر لە قاهیرە ئەدات . .

واشنتۆن ٢٨ی حوزەیران -ئا.د.ع : سەناتۆری سەهیۆنی ئەمریکایی جاکوب جافیج رۆژی ١١ی مانگی تەموزی داهاتوو سەر لە میسر دەدا بۆ وتووێژ لەگەل ئەنوەر سادات سەرکۆمارو کاربەدەستانی میسر دەربارەی دۆخی ناوچەکە .

سەردانی جافیج لە میسر لە چوارچێوەی گەشتێك بۆ ناوچەی عەرەبیدایە کە رۆژی ٧ی تەموزی داهاتوو دەستی پێدەکاو عەرەبستانی سعودی و فەلەستینی داگیرکراویش دەگرێتەوە .

بەرنامەی چەکداری ئەمریکاو داواکاری ئاسایشی ساختە ..

ئەنجومەنی بیرانی ئەمریکا لەسەر لیستەیەك کە بەیوەندی بە تەرخانکردنی ٣١٨ بلیۆن دۆلارەوە هەیە بریاری داوە بۆئەوەی کە بۆ پێشخستنو بەرهەمهێنانی چەکی ئۆتۆمی سالانی ٧٧ و ١٩٧٨ خەرجبکرێت ... هەروەها لیستەی ناوبراوی ئەمریکایی ڕێگای بەرهەمی زیاتری سەرە ئۆتۆمی دارەکانو ساروخو بۆمباو پێشخستنی سەرەدوفلیچقا ئۆتۆمیەکانو دەرهێنانی جۆری تازەی چەکی کاول کردنیکی گشت ئەرەوەی داوە .

ئەم بڕیارەش لەکاتێکدایە کە حکومەتی واشنتۆن بە دوروودرێژی لەگەل سوفیاتدا سەبارەت سنور دانانی بەکارهێنان و بلاوبونەوەی چەکی ستراتیژی و کەم کردنەوەی پێشبڕکێی چەکداری لە جیهاندا . خەریکی ڕێکەوتن .

لەگەل ئەو ناکۆکیە ڕوکەشیانەی کە لە کردەوەکانی حکومەتی ئەمریکادا هەیە بەوەی سەرنجدەری ئەو ڕوداوانەی بۆی دەرنەکەوێ کە ئەم کارە مەسەلەیەکی سروشتیەو ئامانجی هەلخەلەتاندی گەلانەو تەقەللای دورخستنەوەی ئاگاداری گەلانە لەو تاوانانەی کە حکومەتی ئەمریکا یەددوای یەکدا ئەیانکات .

لەکاتێکدا کەوا بڕدجەی ئەمریکا بریتیکی گەورەی کەم دراوی تێبوەو وا چاوەنوار ئەکرێت ئەم سال ئەم کەمکردنە خۆی بدات لە ٨٩٫٦ ملیار دۆلار کەچی سالی ڕابوردو دراوێکی زۆرتری کە بە ٣٠٠٢ ملیۆن دۆلار ئەدرێتەقەئەم بۆ دروستکردنی سەربازگەی نوێی زیادەی تەرخانکردوەو هەروەها لێژنەی هێزە چەکدارەکانی سەر بە ئەنجومەنی پەرلەمانی ئەمریکا لەم دواییەدا پێشنیارێکی دەربارەی دانانی بۆدجەیەکی سەربازی پێشکەش کردوە کە نرخەکەی ٣٥ هەزارو نۆصەد ملیۆن دۆلارە بۆ تێرکردنی سوپای ئەمریکا بە چەکی هێرش بردنی ستراتیژی .

بەرنوە بەریتی نوێی کۆشکی سپی بۆ بڵندکردنەوەی پلەی ئاڵۆزی جیهان سەرساردتر نەبون لەگەل ئەوەشدا کە لە دەرپێنەکانی سەرەکی نوێی ئەمریکا جیمی کارتەردا « ڕەخنە » لە سەرۆکەکانی ئەمریکای پێش خۆی ئەگری تردا .

دەربارەی ئەو قەوارە فراوانەی چەك کە دروستیان کردوەو داویانە بە ڕژێمە دۆستەکان ، ئەم ڕەخنە ساختە کەریانە کە ئامانجی پروپاگەندەو دەستپێنی گەلی ئەمریکایە هەر کە بوە سەرۆکی ئەمریکا هەمویان ئاشکرابون ، ئەمە لەکاتێکدا کە لە کۆشکی سپیدا ئاشکرا کرا کە کارتەر بەلێنیدانی باوەشەها چەکی بە ولاتانی بەیمانی ئەتلەسی شەڕاوی داوە بە نرخی (٢٠٠٠) دوو هەزار ملیۆن دۆلار هەروەها بەلێنیدانی گەلێ باوەشەهای تر بۆ ولاتانی دۆست و لەپێش هەمویانەوە ... قەوارەی زایۆنی و کەوتنە لێکۆڵینەوەی خواستی لری جەکیش کە نرخەکەی ٦را بلیۆن دۆلارە .

سیاسەتی ئەمریکا گەورەترین باسەوانی فازانجی هۆنۆڕۆڵو کۆمپانیاو ئەو کارتلانەیە کە ئەم سیاسەتە و ئەرایەتیان ئەکاتو بای ئەوان لە کوتوە هات کەشتی ئەمیش وا ئەڕواتو ئەمە لەگەل ئەوەی کە بیچەوانەی خواستی گەلی ئەمریکایەو دژی نیازەکانی ژیانی ئاسایشی ئەو گەلەبە لەگەل هەمو ئەو گەلانەدا کە دەست بەرداری پیاوەتیو مرۆڤایەتی خۆیان نەبونو هۆنۆڕۆڵەکان دەستیان بەسەرا گرتون .

هەمو جیهان ئومیدەکانی ئەمریکا بەرامبەر ئاشتی تێکەیشتوە ئەمەش لەڕێی ئەو تاوانانەوە کە کردوویەتیو ئەیکات هەروەها لە ڕێی ئەو یارمەتیدانو پشتگرتنەوەشیەوەکە بەرامبەر قەوارەکانو ڕژێمە ڕەگەز پەرستەکانی لە فەلەستینی داگیرکراوو لە خواروی ئەفریقاو لە ڕۆدیسیاو لە کۆریای خواروو ناوچەکانی ئەمریکای پێش خۆی ئەگری تردا .

هەردوولا لەسەر ئەوەش ڕێکەوتن کە دەس گرتنی حکومەتەکانیان بە ئەنجامەکانی سەربەخۆی نیشتمانیو دەس تێوەرنەدان لەئیشو کاری ناوخۆی ولاتانیترو هاوکاری کردن لەنێوان هەمو ولاتێکی ناشتی خوازدا دووپات بکەنەوە .

هەروەها لەم بوارەدا سەر لەنوێ دووپاتی ئەوەیان کردەوە کە لاکردنەوەی بایەخدار لەو پەیوەندیانەی کە لەنێوان ولاتە عەرەبیەکانو کۆمەلی ئەوروپادا لە سنووری ووتووێژی عەرەبو ئەوروپادا هەن بە ئەنجامی ئەوەی لەیەك نزیك بکەوەو ڕێك بکەون هەردولا ئەتوانن خزمەتی ئاشتی جیهان بکەن .

ئەوەیان دووپات کردەوە کە پێویستە هاوسەنگی گیروگرفتی . نیز دەولەتان بە شێوەی ئاسایش وبەگوترەی بەرنامەی کۆمەلی ئەتەوە یەکگرتوەکانو یاساکانی نێو دەولەتانو پەیمانەکان بکرێ .

لەبارەی ئەوشەوە کە پەیوەندی بەو ڕۆژانبازیەوە هەیە کە لە ڕۆژهەلاتی ناوەڕاستایە هەردوولا هەلوێستی باووڕانراوی خۆیان دووپات کردەوەو گەینە ئەوەی کە هێنانەگایەی ئاشتیەکی هەمیشەیی بریتیە لەکشانەوەی هێزەکانی زایۆنی لەزەویە داگیرکراوەکانداو دانان بە مافی ڕەوای گەلی فەلەستیندا تووێژی نێوان ولاتە ئەوەشیان دووپات کردەوەکە پیشەسازیەکانو ولاتانی گەشە کردو بۆ چارەسەرکردنی ناوسانو وزەوکەرەسەی سەرەتاییو گەشەکردنو گیروگرفتیدا ڕای کە پەیوەندی بێوە هەیە ڕۆژ گرنگەو ئەبێت بایەخ بەبونی بدرێ . هەروەها دووپاتی کۆڵ ئەدانیان کردۆتەوە کە ئەبێت وتووێژی نێوان ولاتە پیشەسازیەکانو ولاتە گەشەکردوەکان لەسەر دانانی ڕژێمێکی ئابوری نوێو ئەلەقاوو ڕەپوراستبێ .

لەلێکدانەوەی هەردولاشدا سەبارەت بەو دۆخەی کە ئێستا هەیە هەردولا لەسەر ئەوە ڕێکەوتن کە دروستکردنی پەیوەندیەکی ئابوری چەسپاو بەتایبەتی لەزەمینەی پارەی ئەختدا هەبێت بەمەرجێك پێشکەوتنی ئابوری هەمولایەك ولاتانی شت نێرەرو ولاتانی شت بەکارهێنەر هەوگەر بکاتو ڕێزی بەرژەوەندی تایبەتیو ناوخۆیان بگیرێ .

لەبواری ئابوریەوە بەویەری دلنیاییەوە ڕەچاوی پێشکەوتنی ئەو پەیوەندیە ئابوریەیان کردوە کە لە نیوانیاندا هەیە لەگەل قەبارەی ئەو ئالوگۆڕیەی کە بە بلەیەکی زۆر بەرز کەیشتوە .

هەروەها سوربونو ئارەزویان سەبارەت بەپتەوکردنی ئەو پەیوەندیانەو فراوانکردنی هاوکاری لەڕوی ئابوریو زانیاریو هونەریو ڕۆشنبیریەوە دووپات کردەوەو لەسەر ئەوەش ڕێکەوتن کە لەپایزی داهاتودا بەگوترەی ڕیکەوتنناەی سالی ١٩٧٤ی پاریس لێژنەی هاوکۆی عیراقو فەرەنسا کۆبێتەوە .

بەڕێز ریمون بار بێخزشحالی خۆی بۆ بەڕێز جێگری سەرۆکی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شۆڕش صدام حسین دەربری سەبارەت بەو خزمەتەی کە لە بەغداکراوە .

سەناتۆرێکی سەهیونی سەر لە قاهیرە ئەدات . .

واشنتۆن ٢٨ی حوزەیران -ئا.د.ع : سەناتۆری سەهیۆنی ئەمریکایی جاکوب جافیج رۆژی ١١ی مانگی تەموزی داهاتوو سەر لە میسر دەدا بۆ وتووێژ لەگەل ئەنوەر سادات سەرکۆمارو کاربەدەستانی میسر دەربارەی دۆخی ناوچەکە .

سەردانی جافیج لە میسر لە چوارچێوەی گەشتێك بۆ ناوچەی عەرەبیدایە کە رۆژی ٧ی تەموزی داهاتوو دەستی پێدەکاو عەرەبستانی سعودی و فەلەستینی داگیرکراویش دەگرێتەوە .

پاشە ڕۆژی پەیمانی ژووروی ئەتلەسی و نیازە دەستدرێژی کەرەیەکانی

لەماوەی چواریەکە چەرخێکی رابردوودا پەیمانی ژووروی ئەتلەس ((ناتو)) دوو سروشتی تێداهەبووە کە ئەو پەیمانە بە « بناخەی حیکمەت لە کاری سیاسیدا » زانیون ، ئەم دوو سروشتەش بڵاوکردنەوەی گیانی دۆژمنایەتیو بەرەزووبردنی پلەی ئالوزی ناو دەولەتان .

بۆ پەیمانێکی ئەوتۆ کە ئیمپریالیەتی ئەمریکا سەرکردایەتی دەکا پێویستبوو بەرەنگار وەستان لە کزمەلی ناو دەولەتاندا هەرگەرم بێبو ئەوەی ئەو دەولەتە بچووکانەی لە هێلی سەرمایەداریدا دەرون لە دەوری خەتی پەیمانەکە کۆبکرێنەوەو پێشەسازیو فروشتنی چەك بروی پێبدرێتو بەرهەلستی ئەو مانە مرۆڤایەتیو کۆمەلایەتیانە درێژەی پێبدرێ کە گەلانی تر داوایان دەکەن .

ساڵی ١٩٧٦ لە زۆر بارەوە بۆسیاسیەکانی ئەتلانتیك ساڵی ناهومێدیو هیوابڕانێکی گەورەبوو ، ئەو ئالوگۆڕەی بەسەر هەلوێستی هێزە جیهانیەکاندا هات دەبوو لەگەل ئەو ئالوگۆڕەی لە ئەوروپادا روودەدا ڕێك بکەوێ .. ئەم دیاردە تازانە تەنیا لاوازکردنی سیاسەتبازەکانی پەیمانی ئەتلەنتیك نەبوون ، بەڵکوو لەوەش زیاتر پاڵی پێوەنان کە بە وردی بیر لەوەبکەنەوە کە ئەم پەیمانە لە سیاسەتی ناو دەولەتاندا بەگوترەی ئەو دیاردە تازانە دەبێ چ شوێنێك بگرێ .

هێندێ ئالوگۆڕو گۆڕانکاری بەسەر دنیادا هاتن کە پێویستبوو شوێنەوارێکی گەورەیان لەسەر ئەولایەنانە هەبێ کە تا ئەمرۆش لایەنی نەم پەیمانە دەکەن .

هەروەها ناوسانی دراوەیو بێکاری بەربڵاو لە ولاتانی سەرمایەداری رۆژئاواداو ئەو ئالۆزیە ئابووریانەی لەگەل ئەو هەلومەرجانەدا هاتوونە پێشێ کە باسمانکردن ، هەمویان بە چەشنێکی کاریگەر لەوەدا بەشداربوون کە پەیمانەکە دوای ئەوەی زیاتر لە ٢٨ ساڵ بەسەردامەزرانیدا تێپەڕبوە بەرەو ڕووخان رابکێشن ، خۆئەگەر تێکیش نەڕووخێ ئەوا دەبێتە پەیکەرێکی کاژۆر کە ئەو هەلو مەرجە ناسکەی ولاتانی رۆژئاوا لە باری سیاسیو ئابووریەوە پێیدا تێدەپەڕنو پەرەگرتنی هەلچوونی شۆڕشگێرانەی جیهانیو خەبات لە پێناوی رزگاریو سەربەخۆییدا بەرەبەرە هێزی لەبەردەبڕن .

لەئاوپەیمانەکە خۆشیدا هێندی گۆران لە شوێنی هێزەکاندا دێتەبەرچاو ، ئەو دەولەتە بچووکانەی تێیدا پەشدارن نیستا وەك جاران گوی لەمستی ئیمپریالیەتی ئەمریکانین و زمارەی دەولەتانی بازاری هاوبەشی ئەوروپاش کە لە پێشدا شەش بوو نیستا بزتە نۆ دەولەت کە بە هەمویان دەتوانن بەرەوروی پالەپەستۆی ئابووری ئەمریکابنەوەو لە ئەنجامدا ئەمە لە شەڕی ڕاکشان بەدوای ئازاوەچیەتی ئەمریکادا بیان پارێزێ هەروەك لە فیتنامدا رووی دا یان وەك ئەوەی بۆ دۆلاری ئەمریکا هاتۆتەپێش کە بارەی زمارەیەکی زۆر لە دەولەتانی رۆژئاواو دەولەتەکانی سەربەوان بەدۆلارەوە بەستراوە .

ئەوەی گومانی تێدانیە سیاسەتبازەکانی پەیمانی ئەتلەسی تا ئەمرۆش لووتی خۆیان ئەژەننە ئەو ئالوگۆڕانەوە کە بەسەر ناوچە هەلئیرساوەکانی دنیادادێن ، لەلایەکەوە ئەو پەیمانە رادەتەپەنێ کە پابەندی مەبدەئی راگرتنی خۆچەکدارکردنو هاوکێشی ستراتیژیەو دانبەوەدادەنێ کە دەولەتەکانی رۆژئاوا لەلایەن هیچ هێزێکی ترەوە هەرەشەیان لەسەرنیە ، لەلایەکی تریشەوە کەوتۆتە گیژاوی خۆچەکدارکردنێکی بەربڵاوەوەو دەیەوێ مەبدەئی هاوکێشی ستراتیژی هەلبگێزێتەوەو وادەنوێنێ کە گوایا لەرۆژهەلات دەترسێ .

ئەو کەسەی سەرنج بداتە قسەکانی رابەرانو نەخشەکێشانی ستراتیژی پەیمانەکە دەبینێ کە ئاتەبایەکی گەورەیان تێداهەیە هەرچەکەشی ئەوەیە کە ئەوان ناچارن داب و شوێن و عورفە کۆنەکان بەراوەژووبکەنەوەو بیان شێوێنن چونکە ئەمە لەگەل ئەوەی لە مەیدانە سیاسیەکانداهەیە باشتر ڕێك دەکەوێ .

داوای هەنگاوانی کاریگەر

بۆ بەهێزکردنی هێزی ئەتۆمی پەیمانی ئەتلەسی لەریگای بەرهەمهێنانی زیاتری چەکی ئەتۆمیەوە لە کزبوونەوەی وەزیرانی بەرگری ئەو پەیمانە دا کە سەرەتای مانگی حوزەیرانی ئەمسال لەئوتاوا بەسترا ، چاوەڕاوی دەولەتە رۆژئاواییەکانی سەر بە پەیمانەی هەلوەشاندەوە کە وتووێژدا کە دەکرێ بۆ گەیشتن بە کەم کردنەوەی بەرهەمهێنانی چەکی ئەتۆمی . هەروەها ماوەیەکی کەم دوای قسەکانی کارتەرە کە لایەنەکەی تری تاوانبارکرد کە ئزیا کەندوکۆسب دەخاتە سەر ڕێگای وتووێژەکان . لەرووبەکی تریشەوە تێدەکۆشن بۆ زیادکردنی چەکی ئەتۆمی بۆ پەیمانەکەی چونکە لەگەل نیازی دەستدرێژیکەرانەی پەیمانەکەدا ڕیك دەکەوێ .

کاروباری جیهان

جەزائیر

یەکێتی گشتی کرێکارانی پورتوگال دژی ئەو بڕیارە وەستان کە حکومەتی پورتوگال سەبارەت بە ئەیاندنی پلەی ئەمسیلی سیاسی بە پلەی سەفارەت لەگەل قەوارەی زایۆنیدا دەری کردوە . یەکێتی ناوبراوی پورتوگال لەبەیاننامەیەکدا کە لەم دواییەدا دەری کردوە ڕونی کردۆتەوە ئەو بڕیارەی حکومەتی پورتوگال دەری کردوە هیچ ئوێی ئەداوەتە بەرژەندیەکانی پورتوگال و ئەو بڕیارو ئامۆژگاریانەی کە کۆمەلی ئەتەوە یەکگرتوەکان دەری کردون .

بڕیارەکەی حکومەتی پورتوگال بەراستی سەرنجی سەرسوڕمانی بەشی زۆری ڕای گشتی جیهانو بزاریو ڕای گشتی ناوخۆی پورتوگال دەستەویەخەی بون .. ئەم سەرسوڕمانو بزاریەش لەزۆر شتەوە هاتوەو لەپێش هەمویانەوە ئەوەیە .. کە قەوارەی زایۆنی ئەنجامی سیاسەتی ڕەگەزپەرستانەی ئەمڕۆ توشی گوشەگیری نێو دەولەتان هاتوەو ئەم گوشەگیریەش بەپێی بڕیاری کۆمەلی ئەتەوە یەکگرتوەکان زایۆنیزم ئەیشتۆتە پۆپەی شێوەیەك لەشێوەکانی ڕەگەزپەرستایەتی ، هەروەها زۆر ولات .. بەتایبەتی لە ئەفریقاداهاتونەسەر ئەو ڕێکەیەی پەیوەندیان لەگەل قەوارەی زایۆنیدا بپچڕێنن ، جا ئەگەر ئەم گوشەگیریەی قەوارەی زایۆنی نێو دەولەتان فولترو فراوانتر بوە کە هەرگیز ئەئەکرا کە پورتوگال ئەو دیواری گوشەگیریەبشکێنێو بکەوێتە پتەوکردنی پەیوەندی لەگەل قەوارەی زایۆنیدا بەمەبەستی حکومەتی پورتوگال لە کرداردا ((وەکو یەکیەتی کرێکارەکانی پورتوگال دەریان بڕیوە خۆی لە بڕیارەکانی کۆمەلی ئەتەوە یەکگرتوەکان سەبارەت بە مافەکانی گەلی فەلەستین گێل دەکات .

دیارەوە پەرژەوەندی ڕاستەقینەو جەوهەری پورتوگال لەبەستنی پەیوەندیدا لەگەل ولاتانی عەرەبدایەنەك لەگەل قەوارەی زایۆنیدا .

کەوابو ڕای گشتی پورتوگال بەجێ بە کەوا چارەی گەشەکردنی پەیوەندی نێوان پورتوگالو زایۆنی ناوێ چونکە واتە سورە لەسەر پاراستنی بەرژەوەندی ڕەوای خۆیو ئەم سوربونەش وایان لێ ئەکات کە بۆ هەئەمانەی ڕووی زایۆنیو پتەوکردنی پەیوەندی لەگەل ئەتەوەی عەرەبدا بەشداری بکەن .

کرێکارانی پورتوگال بڕیاری حکومەتەکەیان کە بەرزکردنەوەی پلەی ئەمسیلی دیپلۆماسیەتە لەگەل قەوارەی زایۆنیدا کە داوانبار ئەکەن .. ئەم کارە هوشیاریو سوربونیان لەلایەکەوە بەرامبەر بەرژەوەندیەکانی پورتوگالو لەلایەکی ترەوە دەوری هەستکردنی نەقابی ئومەمی خۆشیان دەرئەبڕن .

بە دنیایی یەوە هەلوەستی حکومەتی پورتوگال بەهیچ جۆرێ خزمەتی پەیوەندی عەرەبو پورتوگال ناگاتو لەگەل ئەو درۆسمی دوشمنکاری کردنەی ڕەگەزپەرستایەتیدا ناگونجێت کە شۆڕشی پورتوگالی لە سەر هەلساو بوو بە هۆی ڕوخاندنی دیکتاتۆریەت .

تێکۆشەرو رۆشنبیری

تێکۆشەرکێیەو .. پێوەندی بەرۆشنبیریەوە چییەو • ئایا پێویستە تێکۆشەر رۆشنبیرێ، رادەی ئەورۆشنبیریە کەددەبێ بیگاتێ کامەیەو .. ئایا رۆشنبیری لەهەموو قۆناخەکانی خەباتدا لەچوارچێوەی بزووتنەوەی شۆرشگیرانەی حزبەکەیدا بۆتێکۆشەر پێویستە یانهەر بۆقۆناخێکی دیاری‌کراو پێویستە ؟

ئایا تێکۆشەر لەتوێی رەفتاری شۆرشگێرانەی تەنیادا بێئەوەی رۆشنبیری هەبێ سروشتی تێکۆشەرێك وەردەگرێ ؟

کاتێك باسی پێوەندی تێکۆشەر بەرۆشنبیریەوە دێتە گۆرێ ئەو پرسیارانە دێنەپێش، چونکە ئەوچەشنە پێوەندیە شوێنەوارێکی کەورەی لەژیانی حزبی شۆرشگێردا هەیە چ لە بزووتنەوەی ناوخۆیداو چ لەپێوەندی ئەو حزبە لەگەل جەماوەردایە .

بزووتنەوەی شۆرشگێرانە کە بە جەماوەری بەربلاوی گەلەوە بەستراوەتەوە ، لەبەرئەوەی هەلو مەرجی خەبات توانای تێکەشتنو لێکدانەوەیەکی قوولی راستەقینەی ئەشەسەدەی مێژوویی گۆمەلو گیروگرفتەکانی پێبەخشیوە ، بەپێشرەویکی پێشکەوتوو گەلەکەیەکی بنەرەتی دادەنرێ بۆ بنیانانی رۆشنبیری شۆرشگێرانەی جەماوەر .

هەربۆیە رۆشنبیر لەسەردەمی خەباتی سەلبیدا لە چوارچێوەی دووقوتبی دژی یەکتردا دەژی :

قوتبی یەکەم ... رۆشنبیر تاقمێکی تایبەتین کە بە رژێمی کۆنەپەرستو نیوە دەرەبەگایەتیەوە بەستراونەتەوە ، ئەو رۆشنبیرە هەوڵدەدا بۆ هێنانەوەو بێترس کردنیەو بارووزرووقەی رژێمەکەی تیدا دەژیو عەول دەدا زانستیو تێگەیشتنێکی تایبەتیو ئشنی بۆ ئەو کەسانە بکا بێنێ کە سەربەرژێمەکەن بۆئەوەی بەشێوەیەکی تایبەتی بەمەبەستە چینایەتیو سیاسیەکانی خۆی بەکاریان بێنێ .

قوتبی دووهەم ... ئەو رۆشنبیرە شۆرشگێریە کە لەناو رێزەکانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەدا هەیەو ئەو شوێنەوارانەن کە ئەو بزووتنەوەیە ئەناو جەماوەری بەربلاوی خەڵکدا بەجێیان دەهێڵێ .. رێبازی ئەوشێوە رۆشنبیرە سروشتێکی هاندەرانەی هەیە دژی دەسەلاتی کۆنەپەرستو راستەکیەکان .

ئەگەر بمانەوێ یەکێك لەسروشتەکانی ئەوشێوە رۆشنبیرە لەسەردەمی خەباتی سەلبیدا لەچوارچێوەی دووقوتبی دژی یەکتردا دەژی :

رژێمی کۆنەپەرستو نیوە دەرەبەگایەتیەوە بەستراونەتەوە ، ئەو رۆشنبیرە هەوڵدەدا بۆ هێنانەوەو بێترس کردنیەو بارووزرووقەی رژێمەکەی تیدا دەژیو عەول دەدا زانستیو تێگەیشتنێکی تایبەتیو ئشنی بۆ ئەو کەسانە بکا بێنێ کە سەربەرژێمەکەن بۆئەوەی بەشێوەیەکی تایبەتی بەمەبەستە چینایەتیو سیاسیەکانی خۆی بەکاریان بێنێ .

قوتبی دووهەم ... ئەو رۆشنبیرە شۆرشگێریە کە لەناو رێزەکانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانەدا هەیەو ئەو شوێنەوارانەن کە ئەو بزووتنەوەیە ئەناو جەماوەری بەربلاوی خەڵکدا بەجێیان دەهێڵێ .. رێبازی ئەوشێوە رۆشنبیرە سروشتێکی هاندەرانەی هەیە دژی دەسەلاتی کۆنەپەرستو راستەکیەکان .

ئەگەر بمانەوێ یەکێك لەسروشتەکانی ئەوشێوە رۆشنبیرە لەسەردەمی خەباتی سەلبیدا دەستنیشان بکەین دەبینین کە شتێکی ساکارەو بایەخ بەدروشمەکانی راستەوخۆ لەگەل جەماوەر دەدا .. بێچگەلەوەش ، تێکۆشەران کە پەیامێکی گەورەی بیروباوەریان هەڵگرتوە زۆر بەوەوە خەریك نین کە بچنە ناو بنچوبناوانی رۆشنبیرکردنەوە ، ئەویش لەبەرئەوە کەخەبات هەوڵو تەقەلایەکی سیاسی بەردەوامی لەژیانی ئەواندا گرتوەو بەچەشنێکیش تووسی راونان وزەبروزەنگ و ئازاردانو دەربەدەری دەبێ کەزۆر وەخت هەڕەشە لە تێشووی رۆشنبیری ئەوان دەکا ..

سەرەڕای هەمووی‌ئەوانەش رۆشنبیری شۆرشگێرانە پێش شۆرش ئەرکو پێویستیەکی خەباتە چونکە ئەو دەرەتانە بۆتێکۆشەری راستەقینە پێك دێنێ کە بزووتنەوەکەی لەناوجەماوەردا رێك‌وپێك بکاتو لەکانی تەنگانەداکە بزووتنەوەکەی لەلایەن دوژمنانەوە پەلاماردەدرێ ، هەڵوێستی خۆی دیاری‌بکا .

تاقیکردنەوەی حزبی‌بەعسی عەرەبی ئیشتیراکی ئەم سەرنجەی بەهێزکردوە ، چونکە حزب لە بزووتنەوەی خۆی لە ناو جەماوەردا بایەخێکی مەرکەزی بە رۆشنبیری شورشگێرانەدا.

بایەخدانی بزووتنەوەی شۆرشگێرانە بە رۆشنبیر لەپێش شۆرشدا تەنیا شتێکی کەشخەیان دیمەنێکی بەستراوەی ئەو بزووتنەوە بەپلەیەکی بەرزی تێکەیشتنو داهێنانی فیکریەوە نیە ، بەلکوو نیشانەی پێوەندیەکی قوولە بە جەماوەرو ئێش‌و ئازارەکانیەوە .

هەرچەند قوناخی خەباتی سەلبی‌سروشتی مەیدانخوازی راستەوخۆ لەگەل کاربەدەستاندا هەیەو ئەمەش پێویستی‌بەوە هەیە کە تێکۆشەران زۆر بایەخ بەو چەشنە ئەرکانەی خەبات بدەن ، بەلام رۆشنبیر هۆیەکی گرنگ بوو بۆوەدی هێنانی ئەو ئەرکانە کە حزب لەو قۆناخەدا دەستنیشانی کردبوون .

کەوابوو ناتوانرێ بکوترێ کە قۆناخی خەباتی سەلبی بایەخی بەرۆشنبیری ئەدا بەلکوو دەبێ بگوترێ کەتێکۆشەر لەو قۆناخەدا مامەلەیەکی ئەوتۆی لەگەل رۆشنبیریدا هەبوو کە لەگەل ئەرکو شێوەکانی خەباتەکەیدا بگونجێ .

تێکۆشەر دوای شۆرش چۆن مامەڵە لەگەل رۆشنبیریدا دەکا ؟

بێگومان ئەوە کەحزبی شۆرشگێر دەسەلات دەگرێتە دەست ، زۆرەرك و لیپرسراوی دەخاتە بەردەم تێکۆشەران کە بەئەوەی ژمارەی و جیاوازی سووچو قوژبێنەکانی گۆمەڵ لقوپێویان لێ زیاددەبێو کاتێك حزبی شۆرشگێر رووبەرووی ئەرکە نیشتمانیو نەتەوەییەکانی دەبێتەوە ئەو ئەرکو لیپرسراوی ئەمش بەرەوژووتر دەچێ .

تێکۆشەری شۆرشگێریش دوای شۆرش خۆی لە بەردەم زیانیکی تازەدا دەبینی .. ئەو زیانە تازەیەش هەر: ئەوئیە چونکە لەزوریەی کاروبارەکانی ئەوژیانەدا جەماوەری بەربلاوی کەلیشی لەگەڵە کە هیوایەکی بەهێزیان بەشۆرش هەیە بۆ کردن بیخەنە بەردەم دەزگای نیشتەجێکردنو رەزامەندی ئەو وەربگرن ، ئاوەکو دوای ئەوە ئیجازەی دروستکردنی وەربگرن ، لەماوەیەکدا کە لە روژی موئکداربوونی زەویەکەوە لە دوو ساڵ تێنەپەڕێتو (٥) ساڵیش بۆ تەواوکردنی بانەخانەنیشتەجێیەکان ، سەرەڕای مەرجو رێوشوێنی‌تر .

کۆڕێکی پێوو کە وەزارەتی ئیش‌و نیشتەجێکردنو وەزارەتی کارو کاروباری کۆمەڵایەتیو دادو دارایی‌و یەکیەتی هەرەوەزکاری نیشتەجێکردن بەشداریان تیداکردبوو ، دەوری کەرتی هەرەوەزکاری‌و کۆمەڵە نیشتەجێکردنەکانی لە بەجێهێنانی ئەرکەکانیان‌و هاوبەشی کردنێکی راستو دروستیان لە چارەسەرکردنی گیروگرفتی خانوو بەرەدا خستەروو . ئەو کۆڕەکەلێ لەو ئانەواوی‌و کۆسپانەی دەستنیشان‌کرد کە هاتوەتە رێی ئەو کۆمەڵانە کە کەموکورتی لەئیش بەجێهێنان‌و سروشتی کارەکەیان‌و چالاکی‌و خۆتەرخان نەکردنیان بۆ کارەکە تیدا هەیەو سەرەڕای ئەوەش کە هەر خەریکی کرین‌و دابەش‌کردنی زەوین .

ئەوەی راستی‌بێ ئەوەیە کە وەستانی کۆمەڵەو کەرتی هەرەوەزی لەوەندە رادە چالاکیەدا ، ناتوانێ بە شیوەیەکی چالاك بەشداری لەرەخساندنی قەبارەی پێویستی خانووبەرەدا بکا ، لەگەل ئەوەدا کە ئێستا ژمارەی کۆمەڵەکانی نیشتەجێکردن تەنها لە بغدادا ئەگەنە ((١٤٧)) کۆمەڵەو ((٤٨)) کۆمەڵەیان ماوەیەکی درێژ بە سەر دامەزراندنیاندا تێپەڕیوە .

خۆ ئەگەر بریاری ئەنجوومەنی سەرکردایەتی شۆڕش ئۆبالیکی گەورەی خستبێتە سەر ئەستۆی کەرتی هەرەوەزکاری نیشتەجێکردن لە ولاتدا ، سەبارەت بەوەی کە لایەکی سەرەکیو راستەوخۆی چارکردنی گیروگرفتی خانووبەرەیە ، چاوخشاندنەوەش بە واقیعی بزوتنەوەی هەرەوەزکاری نیشتەجێکردن لەولاندا بەشداری‌ی زیادبوونی چالاکی ئەو بزوتنەوەیە لەمەیدانی بەجێهێنان ورەفتارکردندا ئەکا، ئەمەش لەرێی ئاراستەکردنی ئەو بزوتنەوەیە ، ئاراستەکردنێکی سۆشیالیستانەو بەپێی تێروانینی شۆڕش بۆ چارەسەرکردنی گیروگرفتی لەودوایەدا وەزارەتی ئیش‌و نیشتەجێکردن رێوشوێنی ، بۆ بەجێهێنانی یاسای ژمارە (٦٧)ی ساڵی ٩٧٧ی تایبەت بە بابەندکردنی کۆمەڵە هەرەوەزکاریەکانی خانووبەرە دروستکردن دەرکرد کە ئەبێ بانەخانە بۆ نیشتەجێبوونی ئەندامەکانیان لەسەر ئەو زەویانە دروستبکەن کە بە بەدەل یا بێ بەدەل داریانەتێ یاخود لەمەودوا ئەیان درێتێ ، ئەگەر هانوو ئەو زەویانە لە سنووری ئەمینداریەتی پایتەختدا بوون، یاخود لەسنووری بەشی‌ومتازو ، یەکەمی شارەوانی پارێزگاکاندا بوون‌و کارو‌باری لێك‌جوداکردنەوەی زەویەکان‌و دابەش‌کردنیان بەناوی ئەندامەکانیانەوە لەدایەرەکانی تاپۆدا تا روژی بەسەرچوونی یاسای ناوبراو تۆمارنەکرابوو .

هەروەها رێوشوێنی ئەوتۆ دانراوە کە رێبازی کارکردنی کۆمەڵەکانی نیشتەجێکردن‌و چۆنیەتی دەستگیربوونی ئەو زەویانەیان بۆ دیاری ئەکا کە تەنها بەکەلکی دروستکردنی بانەخانەی نیشتەجێکردن دێن .

دەربارەی نەخشەو مەرجی هونەری ئەو بانەخانانەش ، ئەبێ کۆمەڵەکانی نیشتەجێکردن بیخەنە بەردەم دەزگای نیشتەجێکردن لەنێوان بیروباوەڕو‌کردەوەدایە .. چونکە بەرهەمێکە (بۆتاقیکردنەوەی بیروباوەڕەکان لە کردەوەو جێبەجێکردندا) .

ئەرکەکانی تێکۆشەر دوای شۆرش شێوەیەکی تازەی کارتێکردن لەگەل جەماوەرەوەر‌دەگرن ، ئەوەش لەبەرئەو لێپرسراویە تازانەیە کە دەکەونە سەرشانی‌تێکۆشەرانی حزبی شۆرشگێر لە بیناکردنی کۆمەڵدا بە بایەخو پێوەندیە تازەکانیەوە ، لەبەرامبەر ئەم وەزعەتازەیەدا رۆشنبیری شۆرشگێرانە نەك هەردەبێتە پێویستیەکی تێگەیشتنو کارتێکردنی راستەوخۆ لەگەل جەماوەر ، بەلکوو دەبێتە بەشێك لە ناوەرۆکی گۆرانکاری ئیشتراکی و بیناکردنی دەولەتو کۆمەڵ بەپێی بنەماکانی حزبو شۆڕش .. کەوابوو تێکۆشەر دەبێتە کاردرێکی بەرپرس لەدەزگاتازەکانی دەولەتو کۆمەڵدا .

لەبەرامبەر ئەو هەلو مەرجە نوێیەدا بۆ تێکۆشەری شۆرشگێر هەر ئەوەندە بەس نیە کە رۆشنبیری شۆرشگێرانەی گشتی کۆبکاتەوە ، بەلکوو رۆشنبیری توبەتیش لەومەیدانەدا کەتیدا دەجووڵێتەوە ئەرکو پێویستیەکی گرنگە .

---

(١) لەوتاریکی هاوڕێ صدام حسین لەبەکتك لە کۆبوونەوەکانیدا لەگەل کادرەکانی راگەیاندندا .

چەند رویەکی پرشنگداری پەنجاو حەوتەمین بیرەوەری شۆڕشی بیست

● کاتێك لەرۆژی یازدەی هێزە پەلاماردەرەکانی بەریتانیا مانگی ئازاری ساڵی ١٩١٧دا بەسەرکردایەتی ژەنرال سەودەهاتنە ناوشاری بەغدا رایانگەیاند کە بەغدایان نەگرتوە بەلکوو رزگاریان کردوەو بۆیە هاتوونە بەغداتا گازادی‌و شارستانیەت بۆ گەلی عیراق بێنن‌و لە زوڵم‌و رۆرو چەوساندنەوەی عوسمانیەکانی رزگاو بکەن‌و دەوری خۆیان یاری بکەن بۆ ئەوەی ئازادی بدرێ بە گەل تا حکوومەتێکی نیشتمانی‌ی سەربەخۆ دابمەزرێنن کە نوێنەری خواستی خۆی‌و دەرخەری ئاواتەکانی‌بن ، بەلام ئاوەڕۆکی ئەو بەئینە پووچو بی‌بایەخانە زوو ئاشکرابوو ، بۆ بیروڕای گشتی خەڵکی عیراق دەرکەوت کە ئینگلیزیەکان نیازی خراپیان هەیەو چاویان بریوەتە تالانکردنی خێروبێری ولاتو مژینی خوێنی رۆڵەکانیو دەیانەوێ زیاتر تەنگیان پێ هەڵچنن‌و بە زنجیری دواکەوتوویی‌و کۆیلەتی بیان بەستن‌و نیشتمانەکەیان وەك بازاریکی گرنگ بۆ قال کردنەوەی کەلوپەلی ئیستیعمارگەرەکان بهێڵنەوە ، چونکە گەلی عیراقمان بە عەرەب‌و کوردو کەمایەتیە ئەتەوایەتیە براکانیەوە بیچگە لەبێ بەشی‌و زوڵم‌وزۆرو دواکەوتوویی بەرهەمێکیان لەو رووداوانەو لەو سیاسەتە چەوتو چەوتڵانە دەست ئەکەوتوکەسانی کۆنەپەرستو کەدەرسەلاتی کۆنەپەرستی گورکراو بەکاری دەهێنان دەرەبەگ‌و هەلباز بەسەر بارەنووسی گەلدا زاڵبوون کە کردنی نەخشەو پیلان‌و فەرمانی ئاغا داگیرکەرەکانیانەوە کە دوژمنی ئازادی‌و سەربەخۆیی نیشتمان بوون .

● گەلە ئەبەزەکەمان بێزاری خۆی لە شێوەکانی داگیرکردنی عەسکەری‌و لەو پەیمانە نایەرامبەرانە دەربڕی کە بەدوای‌دا ئیمزاکران • بۆیە داخوازی جەماوەر بۆ دەرکردنی بێگانەی‌زەوتکەرو پاك‌کردنەوەی نیشتمان لە چەپەلی‌و پێکەو خراپەکانی بەردەوام‌بوو لە پێناوی دابین کردنو چەسپاندنی سەربەخۆیی‌و سیادەتی نیشتمانیدا ناوەکوو گەل بۆخۆی حکوومەتی خۆی بکا بێ دەست تێوەردانی هێندی لایەنی بێگانە کە هیچ پێوەندیەکیان بەوەوەنیە ، ئەمەش لە رێگای دامەزراندنی حکوومەتێکی نیشتمانیەوە کە لەناو جەماوەر هەڵقولیبێو بە ئاوەڕی بە ئازادی‌و دێموکراتیەت‌و ژیانێکی ئازادو سەرفیرازبۆ هەموو ئەو هێزانە هەبێ کە پێشکەوتن‌و کەشەسەندنی عیراقیان بێخۆشە •• بۆ وەدی‌هێنانی ئەم ئامانجە گشتیە جاروبار خۆبیشاندان‌و بێزاری‌دەربڕین‌و هێرشی توندی تووڕەی بەرپەرچدانەوە بەرز دەبوونەوە، خەڵك ڕق‌وقینی خۆیان بەرامبەر بێگانە داگیرکەرەکان ئاشکرادەکرد چونکە هیچ جیاوازیان لەگەل ئەوانی پێشتردانەبووو ئیستیعمار هەرچەندی رەفتارو فرت‌و فێل‌و خەڵك فریودانەکەی جیاوازبێ ناوەڕۆکەکەی هەریەکە ، جەماوەر داوایان لێدەکردن کە لە ولات بچنەدەرێ تاکوو رۆڵەکانی بتوانن مافی خۆیان لە بەرێوە بردنی ولاتەکەیاندا بەرەو خێرو رووناکی بەکاربەرن • هەرچەند ئینگلیزیەکان زۆر شێوەو رەفتاری جۆربەجۆریان بۆ گۆڕاندنەوەو کپ‌کردنی ئەو نووڕەیی‌و بێزاریانە بەکار دەهێنا ، بەلام جاروبار لە بنەوەچۆشی دەخرایەو هەرکاتێکیش هەڵومەرج لەبار بوایە سەری هەڵدەدا •

● گەلی عیراقمان کە بەهەڵوێستی نیشتمانیە روەرانەی بەرزو ئەویستنی هەموو شێوەیەکی پاشکێیەتی‌و کۆیلەتی‌و چەوسانەوە ناسراوە، لەبەرامبەر تاڵی‌و ناخۆشی ئەو دۆخەدا کە هەڵو مەرجی داگیرکەران سیاسەتی پەرش‌و بڵاوکردن پێکیان هێنابوو دەست لەسەردەست دانەنیشت بەنکوو لە بنەوە وەك بورکان جۆشی دەداو چاوەروانی دەرفەتبوو بۆ ئەوەی بەتوندوتیژی راپەڕێو جێبێ بە ئیستیعمارگەرەکان‌و پێگانەکان لەق بکاتو ترس‌و سام‌و هەیبەتیان لەدڵدا بێتێ •• جەماوەری ئەم گەلە نازایە لە خواروو ناوەراستو ژوورودا پاڵەوانانە هەستایە سەرپێو شۆرشی خۆی راگەیاندو کە یەکەم جەماوەری‌یەوە رایەڕی کە بڵێسەی لە (رمیثە)و (عارضیات) دەرکەوتو دوایە ئاگرەکەی پێوەچووتا هەموو فوراتی ناوەراستی گرتەوە ، پاشان هەموو شارەکانی تری عیراق بە کردەوە پشتگیری‌و پشتیوانی خۆیان ئەو رایەڕینە دەربڕی‌و هیچ ئوێیان نەدایە ئەو رەفتارە پڕ لە زەبرو زەنگە کە کاربەدەستە بڕیاری خۆی لە شێوەکانی داگیرکردنی عەسکەری‌و لەو پەیمانە نایەرامبەرانە دەربڕی کە بەدوای‌دا ئیمزاکران • بۆیە داخوازی جەماوەر بۆ دەرکردنی بێگانەی‌زەوتکەرو پاك‌کردنەوەی نیشتمان لە چەپەلی‌و پێکەو خراپەکانی بەردەوام‌بوو لە پێناوی دابین کردنو چەسپاندنی سەربەخۆیی‌و سیادەتی نیشتمانیدا ناوەکوو گەل بۆخۆی حکوومەتی خۆی بکا بێ دەست تێوەردانی هێندی لایەنی بێگانە کە هیچ پێوەندیەکیان بەوەوەنیە ، ئەمەش لە رێگای دامەزراندنی حکوومەتێکی نیشتمانیەوە کە لەناو جەماوەر هەڵقولیبێو بە ئاوەڕی بە ئازادی‌و دێموکراتیەت‌و ژیانێکی ئازادو سەرفیرازبۆ هەموو ئەو هێزانە هەبێ کە پێشکەوتن‌و کەشەسەندنی عیراقیان بێخۆشە •• بۆ وەدی‌هێنانی ئەم ئامانجە گشتیە جاروبار خۆبیشاندان‌و بێزاری‌دەربڕین‌و هێرشی توندی تووڕەی بەرز دەبوونەوە، خەڵك ڕق‌وقینی خۆیان بەرامبەر بێگانە داگیرکەرەکان ئاشکرادەکرد چونکە هیچ جیاوازیان لەگەل ئەوانی پێشتردانەبووو ئیستیعمار هەرچەندی رەفتارو فرت‌و فێل‌و خەڵك فریودانەکەی جیاوازبێ ناوەڕۆکەکەی هەریەکە ، چەماوەر داوایان لێدەکردن کە لە ولات بچنەدەرێ تاکوو رۆڵەکانی بتوانن مافی خۆیان لە بەرێوە بردنی ولاتەکەیاندا بەرەو خێرو رووناکی بەکاربەرن • هەرچەند ئینگلیزیەکان زۆر شێوەو رەفتاری جۆربەجۆریان بۆ گۆڕاندنەوەو کپ‌کردنی ئەو نووڕەیی‌و بێزاریانە بەکار دەهێنا ، بەلام جاروبار لە بنەوەچۆشی دەخرایەو هەرکاتێکیش هەڵومەرج لەبار بوایە سەری هەڵدەدا •

بڕوانە : ل : ١١

کەرتی لەهەرەوەزی نیشتەجێکردن وئەرکی بەشداری کردن لەچارەسەرکردنی گیروگرفتی خانوو بەرەدا ...

ئەزانین کە لەگەل راپەڕاندنی ئەو بڕیارەدا ، هەموو رەنجو تەقەلاکان یەکبگرنو لەرێی ئەو لایەنانەوە کە پەیوەندیان بەمەسەلەکەوە هەیە یارمەتی تەواوی ئەو کۆمەڵانە بدرێ بۆ راپەڕاندنی ئەو ئەرکانەی پێیان سپێراوەو بۆ ئاسان‌کردنی هاتوچۆشیان بۆ ئەو دایەرانەی مەبەستن .

بەلام لەمەیدانی کەرتی هەرەوەزکاریدا ، ئێستاکە ، پێویستە رەنجێکی زۆر بۆ پتەوکردنی باوەڕ لەنێوان ئەندامانی دەستەگشتیەکانی کۆمەڵەکان‌و ئەنجوومەنەکانی بەڕێوە بردنیاندابدرێ ، کە بەهۆی باری نالەباری بێشووەوە تێکچوون • بەپێوەندی نوێی پابەندانەش لەرێی بەهێزکردنی پەیوەندی هەرەوەزکاری، لەنێوان یەنێنی هەرەوەزکاری نیشتەجێکردن‌و کۆمەڵەکانیەوە لەلایەك ، لەنێوان ئەودایەرانەشدا کە کاروباری کۆمەڵەکان ، لەلایەکی‌ترەوە، بچەسپێنرێت .

لەکۆتاییدا ، دەست‌پێشکەری‌کردنی دەزگای گشتی نیشتەجێکردن بەوەی کە ئەبەوێ بەشێبکاتەوە کە خەریکی کاروباری کۆمەڵەکان بێت‌و هاوبەشی ئاراستەکردن‌و بشتگیری‌و ئامۆزگاری‌کردن‌و یارمەتی‌دانی هونەری‌یانەیان بکات ، مایەی ستایش‌کردن‌و رێزلێنانە .

دووبارە هیوامان وایە ، ئەو لایانەی پەیوەندی‌یان بەم کارەوە هەیە چاو لە دەزگای گشتی نیشتەجێکردن بکەن ، تاوەکو پەرە بەکاری ئەو کۆمەڵانە بدرێت ، لەکاتێکدا کە لە تاقی‌کردنەوەیەکی نوێی ئەوتۆدان کە بەراستی بەهەنگاوی سەرەتایەکی راستەقینەی کاری هەرەوەزکاری سۆشیالیستی ، لەولاندا دانەنرێ ، لەسایەی ئامۆزگاریەکانی سەرکردایەتی سیاسی حیزب‌و شۆڕشەوە .

Institut Kurde de Paris

نووسەرو رۆشنبیرە کانمان لە بارەی باری ئیستای رۆشنبیریان ئەدوێن « ١١ »

هێرۆ گۆران

لەهەستی مرۆڤایەتی و باری کارتێ کردن و لەهەڵجون لای ئافرەت و پیاو وەك یەكە

خوشكە « هیرۆگۆران » ،ئەوەی شاعیری ئەورە «عبدالله گۆران » یەكێكە لەو ئافرەتەرۆشنبیرانەی ، ئەمرۆ لە ناو بزوتنەوەی ئەدەبی و رۆشنبیریماندا ، رێگای خۆی لە دنیای چیروك نووسینداگرتۆتە بەروو ، تائیستا لە زۆر رۆژنامەو گۆڤارو کۆپو کۆمەڵە ئەدەبی و رۆشنبیری‌یەکاندا ، خەڵکی بە دەنگی ناشناوونو کورتە چیرۆکەکانیشی ، تۆماری واقعی باری ئەو ژیانە کۆمەڵایەتیەیە تیایە .

لە چوارچێوەی ئەو گفتوگویانەدا رۆژنامە کەمان لەگەڵ نووسەروروژشنبیرەکاندا ئەیکات . چاومان بە خوشکە « هیرۆگۆران » کەوت و لێمان پرسی :

هاوکاری : بەرای تۆ ، ئەدەبی « تایبەت بە ئافرەت » وەك دیاردەیەکی جیا لە هەموو رووەکانی شێوەو ناوەرۆکەوە ، ئەگونجێ دەستی بۆ بکێشرێ و لەبەرهەمی ئەدەبی پیاو جیابکرێتەوە یان ئەو .. بۆچی ؟!

هیرۆ :

کارتێ کردنی شەقڵەکانی رۆشنبیری لە زروفی دیاری‌کراودا لە وڵاتێکی دیاری‌کراودا ، وەك یەکە ؛ جا ئەگەر چی وێژنەیان کارتێ کراو بەو شەقڵانە ئافرەت بێ یان پیاو ، بەڵام لای هەندێ بەرهەمی ئەدەبی ئافرەت ، دیاردەی سۆزو جێ پەنجەی ناسکی ئافرەتی زیاتر پێوە دەرئەکەوێ ، لەگەڵ ئەوەشدا ئەبینین نووسەری ئافرەتی جیهانی چون ، کە لە رووی ئەدەبیەوە لەڕادەی جیهانیدا ناسراون ، هەتا ئەو بەرهەمە ئەدەبیانەی پێویستیان بەهێزو میشك قایمو بەرگەگرتنی دەروونی تەو هەیە پریەتی لە هەڵچون و هەلویستی ترسانو ناوان ، هەتا لەم جۆرە بەرهەمانەشداو لەڕادەی رومانداا ئافرەت دەوری هەبووە ، نووسەری ئینگلیزی « ئەجاتا کریستی » بەڵگەیە بۆ ئەم راستی‌یە ، کە رەخنەگرەکان هیچ جیاوازیەك لە نێوان بەرهەمی ئەوانو پیاودا ناتبینن ، ئەمە پیچکە لە چەندان ئافرەتی تری نووسەر کە ئەوەی بەدەستیان هێناوە لەبەرهەمی ئەدەبیدا بەکسانە لەگەڵ . ئەوەی ئەدیبەکانی تر بەرهەمیان هێناوە ، ئەگەر چی هەندی جاریش رووی‌دابێ لەنوسلوبدا هەبێ. جا بە رای من ، تا زروفی ژیانی ئافرەتی نووسەر ، لە زروفی ژیانی گشتی پیاوەوە نزیك‌بێ‌و تا بەیوەندی دەرەوەی پتەوبێ‌و تێکەڵ بە چالاکیە کۆمەڵایەتیەکان لێبو بچێتە بنج و بناوانی گیروگرفتەکانی کۆمەڵایەتی ناو وڵاتەکەیەوە ئەمە ، وائەکات بەرهەمە ئەدەبیەکانی « سیمای تایبەتی ئافرەت » هەڵنەگرێ بەڵکو کارتێ کردنی روداوەکانی بێوە دیاری‌و ئەو وێنانەبن کە ژیانی خەڵك پیشان ئەدەن ، چونکە من وای تێ ئەگەم ، هەستی مرۆڤایەتی‌و حالاتی کارتێ کردن‌و هەڵجون لای ئافرەت‌و پیاو وەك‌یەکە .

هاوکاری : باشە خوشکە « هیرو » تۆ نیستا باری کورتە چیروکی نوی کوردی چۆن ئەبینی ؟!

هیرۆ : لەگەڵ ئەوەشدا ، کورتە چیرۆك ، وەك هونەریکی ئەدەبی جیا ، لە بزوتنەوەی ئەدەبی کوردیدا تازەیە ، بەڵام هەنگاوی باشی‌ناوە ، نووسەرە لاوە کوردەکان ، لە نووسینەکانیاندا قوناغی تەنیا پیشاندانی وینەی « سۆز »و رۆمانسیەتیان تێ‌بەرکردوە بە تایبەتی ئەو وتنانەی تەنیا خۆیان لە بیروڕای «میسالیەت» و ساکاری‌و راستەو خۆیدا گیرداوە ، بەڵام دەست بۆ ئەوەش ئەکشیم کە جورە بەرهەمێکی ئەدەبی پر لە رەمزی تەمومژاوی وا کە شەپۆلیکە لەگەڵ رۆشنبیری رۆژ ئاوادا یەك ئەگرتەوە ، بۆ شایەکی ئەورەی لەتوان خوێنەوارو چیرۆك نووسدا دروست‌کردوە ، بەرهەمەکان لای خوێنەر غەریبن بەڵام ، لەگەڵ‌ئەوەشدا هەوڵو تەقەللای چاك لە ئارادایە بۆ رزگاربوون لەو تەنگانەیەو گەیاندنی چیروکی کوردی بەڕادەی بزوتنەوەی ژیانی خەڵك نیستا کورتە چیروکی وانەخوێنەوە کە زۆر موعاناتی راستەقینەی خەڵکی هەڵگرتوە، هەنوستی زیرەکانەی رووداوەکانی ئەمرۆی ژیان ئەنوێنن ، کە ئەو بەرهەمانە ، بەرهەمی سەربە خەڵکن‌و لە رووداوەکانی ئەوانەوە دروستبوە .

هاوکاری : دەربارەی خۆرۆشنبیرکردنی بەردەوامی ئەدیب . بۆ بەردەوامی پەروەردەی داهێنانی . باری سەرنجی تۆ چیە ؟!

هیرۆ : کەس وەك ئەدیب تینویەتی بەسەرچاوەی رۆشنبیری ناشکێ ، ئەم خوەش لای ئەدیب لەبەرئەوەی نووسەرەو داهینەرەو بەرهەمی ئەدات بە دەستەوە ، بێویستە ، بەڵام ، هەندێ جار بە تەنیا خۆیئەنەوە مەبەست ناداتە دەست ، لەبەر ئەوە راهاتن‌و رۆشنبیری نووسەر بە بیری زانستی تێکڕاو سوودوەرگرتن لە رۆشنبیری راستەقینە زۆرتر بێویستە . ئەدیب کە پشت‌وپەنای رۆشنبیری ئەبێ ، ئەمە یارمەتیەکی چاکی ئەدات بۆ هونینەوەو داهینان‌و پەروەردەکردنی توانای داهینانیش بێویستی بە فێربوون‌و ناسینی بەردەوامی رۆشنبیری‌و هونەری گەلان هەیە . ئەوەشمان لە بیرنەچێ کە راهاتن‌و ناسینی گەلەبوروو رۆشنبیری ئەتەوەبی ئەدیب دەوڵەمەند ئەکات لە پال سودوەرگرتن لە سامانی ئەمری گەلانی‌تر .

● بەشی لیکۆڵینەوە ●

ئەرکەکانی سەرشانمان

یەکێك لەوئەرکە مەرکەزیە گرنگانە کەلەم قۆناخە مێژوویە گرنگەدا دەکەونە سەرشانی رێزە پێشرەوەکانی کەلی کوردمان ، کارکردنە بۆ جێبەرکردن‌و چگەسپاندنی ئەو دەسکەوتانە کەلەمەبدانی‌سیاسی‌و ئابووریدا وەدەستهاتوون ، هەر لەبەیاننامەمێژوویەکەی ئازارەوە بۆرە تا دەتاتە یاسای ئۆتۆنومی‌وئەو بریارە گرنگانەی لەبارەی چاکردنی کشتوکال‌و بەرزکردنەوەی رادەی هەڤدەستو شتی‌ترەوە بەدواياندا هاتوون.

ئەگەر حکومەتی شۆرش‌لەوڵاتدا لەرووی‌شارەزایی‌و نیمانی تەواوەوە ئەمەدەسکەوتانەی وەدی‌هێناون کە لەپێشدا تەخەون‌و خەیال‌دەژمێردران ... وئەگەر دەزگا رەسمیەکانی نەخشەکێشان‌و جێبەجێ‌کردن‌و رێنکخراوە جەماوەریەکان‌هەوڵێکی لەرادەبەدەر دەدەن بۆ چەسپاندنی ئەو دەسکەوتانەودروست‌کردنەوەی ژوورووی نیشتمانی خۆشەویستمان .. ئیمەش هەموومان بەسیاسی‌و رۆشنبیرەوە سەربەهەلابەتێکی فیکری‌و سیاسی‌وبین لەسەرمانە کەهەموو توانامان‌لەوکردەوە شۆرشگێڕیدا وەکار بخەین کە ئەمرۆ لەوڵاتەکەماندا جێبەجێ دەکرێ .. مەسەلەی تێگەیاندن‌و رۆشنبیرکردن‌و ئەودەورەی رەرتەوەکەدا یاری‌دەکەن لەرێزی پێشەوەی ئەرك‌و ئیلتیزامەکانمان‌دایە ، شێمرو وتارو تابلۆی هونەری‌وچالاکیە رۆشنبیری‌و هونەریەکان هەموویان هۆیەکن بۆدەربڕینی بیداویستیەکانی کۆمەل .

ئەگەر جاران جێی خۆی‌وو ئەم هۆیانە هەموویان ئەو ئیش‌و ئازارە دەربڕین کەئەلی‌عیراقمان لەئەنجامی لەبیربردنەوەی مافەرەواکانی ئەلی کوردماندا دەچێژو ئەگەر سەنتیلی‌بێ کەهۆیەکانی راگەیاندن‌و رۆشنبیریمان ئەو ئیش‌وئازارە دەربڕن کەمرۆڤ‌لەپێشدا تووشی‌دەهات‌و بەربرسیاری فەئەم بەرامبەری‌دەرنجەن ، زۆر بەجێ‌و مەتیقیشە کە ئەمرۆ بەرهەمەرۆشنبیری‌و ئەدەبیەکانمان دۆخی بنیاتنان‌و خێروخۆشی‌و خۆشەویستی‌و خۆشەوزەرانی دەربڕن‌و .. دەری‌بخەن کەبەراستی پیداویستی‌و ناواتەکانی ئەل دەردەبڕن . بیناکردنەوە لەو چوارچێوەیەدا کە رابردوو دیاری‌کردوەبێ‌ومان ئەنجامێکی زیانبەخشی دەبێت‌و ئەوانەی بینابەکەدەکەن لەجەماوەری ئەلی کوردو ناواتەکانیان دووردەخاتەوە . رۆشنبیری ناتوانی بێجگە لەدۆخی سیاسی‌وئابووری‌و کۆمەلایەتی کۆمەل شتێك نیشان‌بداو دەبێ ئەو دۆخە بەشێوەو روخسارێکی دیاری‌کراو دەربخا . ئاکری‌بەرکێشانی ئووکی‌قەلەم‌و لەبەر مەیلێکی تایبەتی یاچەند هۆیەکی‌زاتی بەسەر ئەو دۆلاووەزعەدا بازبدرێ .

ئەو بنیاتنانەی ئیستالەکوردستان دەستپێ‌کراودو بلاوبوونەوەی سەدان پرۆژەی گرنگ بەناوچەکەدا ، ونەوەی کە ئەلی کوردمان بەئازادی‌تەواو مافەسیاسی‌و رۆشنبیریەکانی بەکاردێنێ راستەقینەیەکی‌ماددی مەنە کەبزێ کومان شوێنەواری روشنبیریشی‌دەبێ ..

هەموو شەوێك
وێنەی ڕوومەتت
مێوانی تەنها یێمە ..
هەموو شەوێك ..

چەند جۆرە گریانێك بۆم هەڵنە ڕێژیت
چەند جۆرە بزەیك بێم نەبەخشیت
با ئەم شەو
لە کۆناهی بێ‌بایانم ببوریت
هەرچەندە دووریت .. دوور
ئەوەندەی کۆشك‌و سك برسیت
ئەم شەو .. ناچارم ..
لەگەڵ بێ‌دەنگیت بدوێم ..
ئەم شەو
لە پەنجەرەی ئازارەمەوە
دیسان ..
چاو بەلەشتا ئەخشێنم ..
جارێکی کە ..
خۆم بەکلیلەی تووڕەییت ئەسووتێنم
بەڵام ..

لە ئاسۆی ئەدەبدا

دەردێکی کورتەچیرۆکەکانمان

صلاح احمد

هەر بەشێك لە بەشەکانی هونەرو داهێنانی هونەری کۆمەڵە بتچینەو سنوورێکی خۆی هەیەو ، بەردەوامیش داهێنەران هەوڵەدەدن ئەم بتچینانە پتەوتریکەنو ، ئەو سنوورانە فراوانتر .

کە دەوترێت : فراوانتر ، بە هیچ جۆرێك ئەوە ناگەیەنێت سنوورەکانی ئەوەندە راکێشرێت تا دەبێت .

چونکە لەو حاڵەتەدا هونەرە سیما بنەڕەتیەکانی خۆی لەدەست دەدات‌و لە باشترین حاڵەتدا دەبێت بەشێکی شێواوی بێرەنگ‌و بۆ ، کە ناتوانرێت بەناوەکەی خۆی بناسرێتەوە .

کە دەشوترێت « کورتە چیرۆك » ، یەکەم شتێك بە بیرماندا ئێت ئەوەیە : کورتە .

ئەك بە دێڕو لاپەڕەو بەس ، بەڵکو بەو بابەتەی دەشیخاتەروو . یان وەك دەوترێت : بریتیە لە گرتنی دیمەنێکی بچووکی ئەم ژیانە ، لە ماوەیەکی کورت‌و ، جێگایەکی تەسکدا ..

گەورەترین فراوانکردنەوەش لەم قالبە خۆگرتووەی کورتە چیرۆکدا تا ئیستا جێگای خۆی گرتووە : بەکارهێنانی « تەداعی »و «مەنەلۆگ »ە .

ئەم بابەتە تەکنیکەش بۆ بەهێزکردنی ئەو دیمەنە بچووکە لە رێگای بزووتنەوەی ناوەوەی کەسێك لە کەسانی کورتە چیرۆکەکەوە بەکار دەهێزێت ، بەڵام بەبێ ئەوەی سنوورەکان تەفرو توونا بکرێن‌و ، بەبێ هیچ لەنگەرێك بدرێت بە دەم چیرۆکەکەوە .

« مۆنتاژ »یش کۆلەکەی ئەم لەنگەرگرتنەیە .

ئەوەی لەلای زوربەی چیرۆکنووسەکانی ئێمەدا بەرچاودەکەوێت ـ سەرەرای شتی تریش ـ فراوانیی بابەتەکەو فرەلایەنییەتی .

بۆ نموونە : لە جیاتی گرتنی ساتو جێگایەکی کورت‌و بچکۆلانەی ئادەمیزادێك ، یان زیاتر ، روناککردنەوەی بە جۆرێك بەردەوامییەکی هونەری‌و تەمریەکی بدرێتی .. دێین بابەتێکی فراوان‌و ، بکرە قرتاغێکی دوورو درێژی مێژوویی پر لە رووداوی جۆراو جۆرو فرەلایەن دەگرین‌و ، دەمانەوێت لە رێگای چەند رەمزێکی سەرەکی‌و ، کۆمەڵێك رەمزی‌تری یارمەتیدەرەوە، بە کورتە چیرۆکێك چارەسەری بکەین ..

ئەمە وەك ئەوە وایە : وەرزێرێك لە ساڵێکی ئەهاتدا بێت‌و هەوڵبدات دەشتی گەرمیان بە گوێل ، یان بە مست ئاوبدات .. !

ئەنجامیش بێگومان خۆماندوو کردنێکی بێهوودەیەو، بە دەگمەن لەم بابەتە چیرۆکانەدا سەرکەوتن بەدەست دەهێنرێت .

چونکە ئەمە کاری رۆمانەو .. بابەتێکی تایبەتیش لە رۆمان . ئەگەر بمانەوێت بە کورتە چیرۆك چارەی بکەین لە دوو لاوە تیدەگەوین :

یەکەم : ناوەرۆکەکە ئەوەندە کورت دەبێتەوە ، کە هەرێ لە بڕی ناگرێتەوەو بە گۆچو ئیفلیجی دەگەوێتەروو .

دووەمیش : کورتە چیرۆکەکە پر لە گون‌و گەلەبەرو هەڕەمەکێتی‌و پەرت‌و بلاوی دەبێت‌و ، ناتوانرێت پێوستییە هونەرییەکانی بۆ دەستەبەر بکرێت .

ئێنجا ئەگەر تا ئیستا هۆکانی رۆمانوسینمان بۆ ئەرخسابێت‌و ، کەم ئەدیسمان هەبێت باوەڕی بە خۆی هەبێت‌و ، ئەوەندە هەناسە درێژبێت خۆی لە رۆمانێکی نوێ بدات بە شێوە هونەرییەکەی .. وا چاکە بە جاوێکی هوشیارانەوە بڕوانینە کورتە چیرۆك‌و ، ئاگامان لە تواناو سنوورەکانی بێت‌و ، تووشی باری ئەوەندە گرانی ئەکەین بەم ساواییە لە ژێربدا بپسێت‌و ، رەنج بە خەسار دەربچین .

چونکە لە راستیدا زۆرمان ماوەو ، ئەوەی کردومانە شتێکەو ، هەموو شتێك نییە .

ڕەچەتەیەکی هەزار ساڵە چارەسەری ئەوین و ئەشق دەدوزێتەوە !

مکرم رشید تاڵەبانی

لەگەڵ خۆشەویستی‌و ئەشق‌و ئەفین‌دا ئازارو ژان‌و ئەشکەنجەش لەدایك دەبێت‌و دێتەکایەوەو سەرهەڵ دەدات .

ئەمەشە راستی‌یەکەو ڕووی داوەو ڕوو دەدات‌و هەموو ئەوانەی دلداری‌یان کردووە بۆمانی دووپاتەو ناشکرای دەکەن .

ساوەرە باسەرێك لەبێشارانی‌ی ئەوین کوشتەو بەتیری‌یار دل بێکراوو لەدووری‌ی بالای دۆست فرمێسك رێژ .. بەمەین .. بزانین چی‌ی بەسەرها تووەو هێزی بەهێزی ئەوین چی‌ی لێ‌کردووەو ناواتی چی دەخوازێت .. کاتێك دەڵێت :

جەوساوە دیدەم دوور کەفتەن جەتۆ
لێلاویش لێلەن ، لێلاوترمەبۆ
ڕۆشنی بساتەوەنم بیەن تار
زیندەگیم تاڵەن وێتەی ژاری‌مار
کەسێ کەبەیتەور حالی جەستەش بۆ
بیسەجۆیای تۆ ئاواك واستەش بۆ
خاسش هەر ئێمەن مەرگش مهمان بۆ
مەگەر هەر بەمەرگ دەردش دەرمان بۆ

ئەنجا بزانین مستەفا بەگی کوردی چۆن باسی خۆی دەکات ، لە کۆڕی خۆشەویستی‌و یار خۆشویستن‌دا چۆن ئەوەمان بۆ دووبات دەکاتەوە کەسەری لێ‌شێتواوەو ، نازانێت سەربەچی لایەك‌دا بات‌و چی‌بکات لەدەستی ئەو یارە تفل‌فامە کە بووەتە داوی ئەوینیەوەو تەمەنی لەبێتاوی‌دا بەفیڕۆ چووە ..

هەموو عومرم بەزایع‌چوو لەڕێگەی عەشق‌دا چونکە گرفتاری ئەسیری داوی عەشقی تفل فافێکم

بۆیە فەیلەسووفی ئەندەلوسی (ابن حزم) لەکانی خۆیدا دەچێتە پیری‌ی ووتەی دلدارەکانەوەو ، بەزەیی پێیان‌دا دێتەوەو . باسی دەردەپەتای ئەوین‌و ئەشق‌و خۆشەویستی بەم جۆرە دەکات :ـ

« دلدار حەز دەکات تەنیا بێت .. لەشتێکی لاوازی هەیەو کەچی هیچ نەخۆشی‌یەکیشی نەگرتووە .. لەگەڵ ئەستێرەکان‌دا شەو دەباتە سەرو ناتوانێت .. هەمیشە پەرتشانە .. پەریشانی دای دەگرێت کە کۆسپو تەکەرەی بخەنە بەردەم ئەیەلن چاوی بکەوێتە یارەکەی‌و پێی‌بکات ، پەرۆشی ئەوەشە دای دەگرێت ئەك یارەکەی بشتی تێ‌بکات‌و وازی لێ‌بهێنێت .. حەز دەکات هەمیشە لەکەس‌و کارو خزمی یارەکەی‌و لەیارەکەیەوە نزیك بێت .. کە یارەکەی دەست بێتە ڕوویەوە دلگران دەبێت .. ئەگەریش دلڕەقی‌ی لەگەڵدا بەکارهێنا ئەوا دەداتە پرمەی گریان » .

بۆیە هەر لەکاتی خۆیدا « ابن الجوزی » ئەم باس‌و خواسە دەخوێنێتەوە ، بەزەیی بەحاڵی دلداران‌دا دێتەوە .. دێت‌و چارەسەری‌یان بۆ ئۆماد دەکات بۆ ئەوەی پەیڕەوی بکەن ..

ڕەچەتەکەشی کەتەمەنی هەزار ساڵەو کورتەی هەموو تاقی‌کردنەوەو خوێندنەکانیەتی بۆ چارەسەر کردنی دەردی ئەوین‌و خۆشەویستی .. لەڕەچەتەکەی‌دا دەڵێت ..

« کەربتەوێت لەدەردوبەتای دلداری‌و ئەوین بە دوور بیت‌و ساغ بیتەوە ئەوا لەخوابترسە .. مردن‌و ناخرزەمان و ناگرو دۆزەخ بهێنەوە یادی خۆت .. بزنی‌کوڵە بەئەوشەبکە .. خواردەمەنی‌ی تەڕوبڕ ناو بخۆ .. چونکە گیان‌و لەشی ئاشقی دلدار گەر لاواز بوو ..

ئەوا گەرما بەزووترین کات بەلەشیداتێ دەبەرێت‌و لەشی دادەگرسێت‌و گڕی تێبەر دەبێت .

باماوەی نووستنت درێژە بکێشێت .. کەچوویتە گەرماوەوە زۆری تێدا مەمێنەرەوە .. کوی لەنوکتەی کالتە جاڕی‌و پێکەنیناوی بگرە .. کەشت بکە تا لە بارەوە دوور بیت .. بادلت لەلای ئەو کاتە بێت کە تێیدایت‌و ڕای ببوێرە .. سەر لە نەخۆش بدەو خۆ بەدوور بگرە لەکۆڕی‌یادو یادکردنەوە .. لەگەڵ « لەخواترس‌و بیاوچاکان‌دا » هەڵس‌وکەوت بکە ! » .

بارەچەتەکە پیشانی دلداران بدەین ، بزانین بیروڕای ئەوان چۆنەو چی دەڵێن لەم بارەیەوە :ـ

کەپێشانی نائی‌ی دەدەین بەم جۆرە دێتە پێشەوەو دەڵێت :ـ

هەتاوێم ئاشنا بوویت ئاشنا بووم
ئەمێستا موو بەموو ئەغیارە بێ تۆ
لەکن من باوجودی ناس‌و ئەجناس
کەسی تێدا نی‌یە ئەم شارە بێ تۆ
هەموو ڕۆژێ ئەتاو هیجرانی ئەمسال
تەمەنای مردنی پێرارە بێ تۆ

بابێشانی دلدارێکی دیکەی بدەین بزانین ئەو چی دەڵێت :

من غەمم خواردو غەمیش خوێنی جگەرمی خواردەوە
بۆیە گریام چەند بەچەند فرمێسکی خوێنینم ئەهات

ئەنجا بیشانی دلداری ستێهەمی دەدەین :

بەیادی ڕووی گولی ، چاوم لەستەر بەردێ کە گریابێ
کە بەردیان کرد بەشووشە پر گولاوە عەشق ئەبێ وابێ

لەمانەدا چیمان بۆ ڕوون دەبێتەوە ؟.. ئەم باچارێك .. نیشانی یەکێکی دیکەی بدەین .. بزانین ئەو چی دەڵێت ؟ :ـ

تابەکەی قوربان بنالم من بەئیش‌و دەردەوە
دەست بە ئەژنۆ ، قوربەسەر ، دایم بەناهی سەردەوە
ڕۆژی ئەوەل بوو ژانیم من ئەبێ دێوانە بم
عاشقی تۆ ئەوعی مەجنوون وابەکیوو هەردەوە

بۆیە دلداران هەموو لەسەر دلداری‌ی خۆیان سوورن‌و ئەو ڕەچەتەیە ڕەت دەکەنەوە .. بەتێکڕا هەموویان ڕەفزی دەکەن‌و پشت‌گوی‌ی دەخەن ..! چش .. با چێژی تاڵی‌و نازارو ژان‌و شەونخوونی‌و دووری‌و ئەشکەنجەی ئەوین‌و ئەشق‌و خۆشەویستی بنۆشن !

ئای (ابن الجوزی)ی .. هەزارو بەستەزمان !!

داوودەرمانی بۆ نەخۆشانێك دۆزیوەتەوە .. کە ساغ بوونەوەو چاك بوونەوەیان مەبەست نی‌یە !!

Institut kurde de Paris

مرۆڤایەتی ولەخۆبوردن لە شیعری ـ نالی ـ ١

• محمد البدری •

● هەندێ کەس لەوانەیە وابزانن کەخەم‌وخەفەت‌و بەستێنی هەندێ نیشانەن کە لەقولایی بێزرای‌و بیچارەیی‌و هەست بەنەبوونی ژیان‌و ون بون لەبیچوبەناو عەبەس‌و وشکیدا هەلدەقولێت .. هەندێ کەسی‌تر وادەزانێت کەشان‌کوتان‌و یالەبەستێژی شاعیرەکان لەبیابانی بێهۆشی‌و کشانیان بەناو دەریاداو کەمەکردن بەناگاداری‌و هێمنی شەپۆلی ئاوارەبون‌و برش‌و بلاوی‌و هەناسەو ئاخەهلکێشان‌دا وانەزانن بەلگەی کشانەوەیانە لەو دەورە کۆمەلایەتیانەی پێیان‌سپیردراوە ، ئەویش لەئەنجامی هەست‌کردنێکی خۆبەخۆیی روت‌و قوتیاندا .. نەخێر .. ئەمجارەش نەخێر.. ئەواەتەنیا بەقدنەوەو نیشانەی سەلامەتی‌یە کە لەئەنجامی پتەوی هەست‌و هۆشمەندی‌و هەستێکی نەترسانەی رەسەنەوە بەتوبستی هەلگرتنی باچو پیمەرە بۆ تێکدان‌و بنیان‌نانەوەو هەلقولاوە ، تێکدانی ئەودیوارە رزیوە گەندەلانەی کەئیتر ئەوەیان لە توانادا نەماوە خۆیان بەرامبەر زریانی پێشکەوتن‌و شارستانیەتی رابگرن‌و دروست‌کردنی بونی مرۆڤێکی هاوچەرخ کە گالتەی بەکونرەوەری‌و لێقەومان‌و بەکنشەپێت لەکەل رۆژ‌ئاردا‌و باخی‌پێت لەقەلبی‌و ریاکاری‌و بەرەنگاری هەمو ئەوشتانە پێت کەرنگای‌پێشکەوتنی کۆمەل دەگرن لەهەنگاونانی رونا‌کی‌و تیشك خستنە سەر هەمو سوچ‌و بەنایەکی کونی‌بۆن دارزین‌و هەمو مێشك‌و بیرێکی‌مەیو .

● لای هەموکەس ئەوە ئاشکریە بەتایبەتی شەیداکانی ئەدەب‌و ئەوانەی لەدووی دەگەرێن‌و ئەوانەی سەرگەردانی قەسیدە بۆ‌ئینەو بالاکانن ئەو قەسیدانەی لەرێ‌وئینەیی‌و بەرزیدا کاری تۆپ‌و تفەنگیان دەکرد لە دارمان‌و روخاندنی قەلای زولم‌وزۆرو تۆقان‌و شالاوی ئیمپریالیزم‌و کۆنەپەرستانداو لەبەرەنگاربونەوەی زولم‌و چەوساندنەوەدا .. ئەو کەلە شاعیرانەی بەئاوازێکی دلفرین کۆرانیان بۆ مرۆڤایەتی‌و سەربەستی‌و ئاشتی‌و خۆشەویستی دەگوت ، لەوئینەی لورکاو ئاراگۆن‌و نیرۆداو نازم حیکمت‌و جەواهیری‌و بەیاتی‌و کۆزران‌ەو بێ‌کەس ، ئەو کەلە بیاوانەی وشە شۆرشگیرەکانیان وەک شەبازلەیەکی توندەدرا بەروی ئیمپەریالیزم‌و نۆکەران‌و بەکری‌گیراوەکانیان وشەکانیان قامچیەکی ئاگرین‌بو لەپشتی ئەوانە ئەدرا کە گەمە بەچارەنوسی گەلانی خەباتگەر دەکەن ئەو گەلانەی ئاواتەخوازی هەلزینی بۆنی ئازاری‌و سەربەخۆیین .. ئەگەرچی تارمەی خەم‌و بەستی وەک شتێکە خودی لە شیعری شاعیرانەدا بەدی‌بکرێت‌و وەک جوارچێوەیەک دنیا فراوەنەکەی هێنابێتەوە یەک ، ئەوانە هەر تەریك لەجەماوەر دەمیننەوە بەندن بەقوناغی‌کات‌و سەردەمێکی کورتەوە کەئەوەندە نایات هێزو توانای بەبەرەوە نامێنێت‌و لەئالوگوری شارستانیەتی دەکەوێت‌و زێندویەتی خۆی لەگەل جەماوەردا لەدەست دەدات ، بەلام لەحالەتێکدا ئەگەر هاتو هەنگاوی بەسەرسنوورو کات‌و حەزی خەلکی‌دانا،ئەوکاتە بۆبینینێکی ئاشکراو رونیەکی پرشنگدار دەڕی ، ئەوکاتە لەهەمو شتێکی وەختی بچوک خۆمان قوتار دەکەین چانەوە لەبارەی کاتەوەبێ یاشوێنەوە ..

شتێکی ئێجگار جوان‌و قەشەنگە کەمرۆڤ بەتایبەتی شاعیر کەهەست بەبەربلاوی گشتی مرۆڤایەتی‌و سەرانسەری ئازارو جیهانی غەمگینی بکات خۆخواردنەوە لەهەمو کۆشەو سوچ‌و بەنایەکی ئەم دنیایەدا هەمان خۆخواردنەوەیە لەوەتی‌بونی مرۆڤایەتیەوە .. مرۆڤ لەهەر شوێنێك بێت‌و ببێ هەمان ژان کردوو بەئازارو پرئیش‌و خۆکرۆژو هاپراوە بەتایبەتی لەژیرباری ئەورژیمە سەرمایەداریانەدا کەلەسەر بیروباوەری چەوسانەوەی مرۆڤ بومرۆڤی بنیات‌نراوە .. مرۆڤ توانای بەگژا چونەوەی هەیە ، بەگژاچونەوەی ئەو شەپولە تورەیی‌و توندیەی لەگەردکی ئەو مرۆڤایەتی‌یەئالاوە کەچاوی بریوەتە ئەوەی خواستەکانی خۆی لەباوەش‌گرێ بەبێ ئەوەی گوی‌بدانە بریتەکانی جەستەی ، مرۆڤایەتی شۆرشگیری یاخی‌بو لەشەوگاری برسێتی‌و ئاخ‌وئازار ، ئەوەشیان شتێکی ئێجگار بالاوجوانە کەئازاری تەنیا کەسێك لەهەست‌کردن بەئازاری خەلکانی ترەوە هەلقولابی ، چونکە ئەوانیش وەک‌خۆی لەئاتونی کوێرەوەریدا دەسوتێن شاعیری عەرەب بشاری کوری بورد لەکۆندا وتویەتی : بەوەش ویستویەتی ئازارو دەردو غەمی خۆی دەربڕێت :

« لەژێر ئەم کەولەمدا لەشێکی هێندە لاوازی تێدایە
ئەگەر شانی بدەیتێ‌سەر دادەرمێن »

شاعیری گەورەی عەرەبی جواهیری لەهەلبەستەکانیدا دەلێت :

« کۆیرەوەریم هێندەی چیایەکە
بۆ هەرلایەک بچم‌شان‌بەشانم دێت »

● لەلابەرەکانی مێژووی ئەدەبی کوردیدا ، قەسیدەی ئێجگارجوان‌و رازاوەی پرناوەرۆکمان بەرچاو دەکەوێت ، کە دەربارەی ئازاری مرۆڤایەتی دەدوێنت گۆرانی ، بۆخواست‌و خەمەکانی مرۆڤایەتی دەڵێت و گالتەی بە ئەندیشەکان‌دێت‌و بەهێزی هێزو‌توانا‌و شانازی دادەنێت ، ئەگەر ئەوە بەلکەیەک بدات بەدەستەوە بەلکەی شاعیریەتێکی بێهاوتا‌و هۆشمەندیەکی قولە بەچونەبال جەماوەری هاپراوی شۆرشگیر بەسەر خۆشی ئەم دنیا لەدەستچوەدا و بەهیوای هێنانەدی ئامانجی جەماوەرەکەیان لەقەسیدەیەکی شاعیری کلاسیکی کورد مەلا خدر « نالی » شەفافیەتی مانای هونەری‌و بەربلاوبی هەست‌و خۆبەخت‌کردن لەپێناوی خەلکانی دیکەداو وەستانێکی سەربلندانەو رون لەمەیدانی ئەدەبیداو هێنانەوەی وێنەی ناسک‌و بێ‌گرێ لە باسی خەم‌و چونیەتی شان‌دانەبەر ئازارو خەم‌وخەفەت بەدەرونێکی پاک‌و سێکی فراوان‌و قەناعەتێکی تەواو بەدی دەکەیت .. جی‌لەوە جوان‌و بلندترە کەمرۆڤ بە ئازارو خەم‌و داخی خۆی قایل‌بێ بەهیوای ئەوەی کەمی‌باری خەم‌و ئەشکەنجەی خەلکی‌تر سوک‌کات ..

« نالی » لەهەلبەستێکی‌دا دەڵێ :

کەر دەپرسی من لەبەرچی‌کەم دەخۆم
من بەپرسی قەت مەزانە ، عەم دەخۆم

شاعیر لێرەدا مانای برسێتی ئازانێت‌و عیشق بایەختێکی بێ‌نادات،چونکە ئەولەباتی نان‌و‌ئاو خەم‌و داخ‌و پەژارەکانی دەخوات ، ئایا لەم بەرەوپێش چونەیەکدا وێنەیەکی قەشەنگی بەرزی‌و بلندی‌نی‌یە لە شۆرش‌کردنی بەروی خۆشی‌و لەزەت‌و پێویستی‌یە وەختیەکانیدا ؟! ئایا لەوەدا یاخی‌بونێك نی‌یەبەسەر حەزەمەنی‌یە لەدەست چۆەکانی ژیاندا ؟! بەلام ئایا شاعیر بەم برسێتی‌یە نارەوایەو ئەم خۆخواردنەوە بێ‌ئامانە قایل دەبێت ، یاشتێکی دیکە دەدۆزێتەوە بۆ ئەوەی خۆی بێ‌تێر بکات ، ئەو دەڵێت !

ئاوی سوێری چاوو باری تالی‌ی لێو
سوێرو تالی‌ی دەم‌دەم‌و ژەم‌ژەم دەخۆم

ئەو بێ‌هودە لە خەمێکی ئێجگار گەورەو قورس‌و گراندا دەگەوزێت‌و گینگل دەدات ئەویش لەرێگای تێکەل‌کردنی خەمەکانی لە دڵوبی فرمێسکە سوێرو پڕ لە خوێنکانیدا ، زۆری گریان‌و کولی غەم‌و هەنسکی وای لەفرمێسک کردوە کەبەسەرلێوەکانیدا بباریت‌و بێتە خۆراکی رۆژانەی ..

تاسەری زولفت لەسەر رۆ حەقەدا
من وەکو ماری سەر ئاگر خەم دەخۆم

شاعیر لێرەدا مەبەستی ئەوەیە کە تاوەکو زولفت ئاوا لەسەر گۆنەی پێچی دابێ ، من خۆم وەک مارێکی سەرئاگر دەزانم چۆن هەست بە ئازارو خۆ خواردنەوە دەکات لەکاتێکدا کە کێشەی مردن‌و ژیان لەگەل پشکوی سوری ئەو ئاگرانەدا دەکات .. ئای لەو دەربڕینە جوانە بۆ کەسێك کە ئارەزوی دیداری یار دەکات‌و پشکوی دووری لەناو دڵیا دەکەشێتەوە بەپێچەوانەی شەوقدانەوەی سۆفیەتی بەتین کە لەقەسیدە سوفیایەتیکاندا بەدیان دەکەین ، لەجیابونەوەو قوتاربونی تەواویان لەهەمو خۆشی‌یەکی دنیاو توانەوەیان لە برشنگدانەوەیەی یەک بون‌و چونەناویەک ، ئێمە « نالی » شاعیرمان دەبینین هەلمژینی لیوی حەبیبەو شکانی تینوێتی لە لێوەکانی ئەو نادات بەناوی کەوسەرو حوری بەهەشت .. لەبارەی ئەم بەیتەوە کە ئێستا نیشانی ئەدەین ئەتوانین بڵێین کەزیاتر لە دیسانەوە جێی‌ی تەختەکە ، دووا ختووکەی خۆی لە جزنەو جوتیارەکانیا لەسا نشتەوە .. ترس لە شتەکی درندەیەکی سامناك‌دا شالاوی بۆهێنا .. تەق دەستێکدا بەلاروومەتیا ودکو ئەوەی مرلکە بەهاداراەکەی لە هیچ دۆزاندبێ ، تەماشایەکی ئەم‌لاولای خۆی‌کرد ، دەستی بۆسەر سنگی‌برد .. ئاهێکی دلنیایی بیاداهاتەوە .. سەهۆل بەندانی خەیالی لە بەردەم رۆژی قیزهاتنەوە لە هەندێ جاری مرۆڤدا تووایەوە ، تاسێك بردی‌یەوە ، راستبووەوە ، سەری لێری خستە ناوهەردوو دەستی‌یەوە ، بەئازیکەوە قژەکەی بەلاداهەلداوە ..

کاغەزەکە لەژێریا چرچ‌ولۆچ‌بووبوو ، بەبەلە هەلی‌کرت‌و شێواوی‌یەکەی راست‌کردەوە .

ـ هەموو کاتێکت باش .

« زیانت باش هۆ کشت ناسەو هیواو ناواتم » بێ سەوەی نیو ووشەی تری لێبخوێنێتەوە یەکسەر خۆی ئەیانده دووا ووشە .

ـ نیتر بە دووعا .

« دەسا حوا ئاتادارت‌بێ .. تروسکەکەی هیوام » کاغەزەکە خرایە ناو گیرفانەوە .

ئەگەر چەند رۆژە تەماشایەکی بکرایە ، ئەوا شەوو رۆژێ لەناو ئەلاری رازاوەی خەیالدا لافی شاجوانی لێدەدا ..

ـ سەیرە .. ڕووی کامیرای ڕوانینەکانی ئەمڕۆ لە منە ، ئیشکی نیگاکان سەرایام دەیشکێنێ .. زمانی چاو بە ئاشکرا دەبێژێ ئە دوورکەی دەنگ‌و باسەکانەوە هەوالێکی نایبەتیم بۆ هانیوی ..

« هەر کە گەشتەوە یەکسەر دیوارەکەی لای چەی دەرئاکەوە ئیرساوە ، سەرێکی بادا .. ئەرمە بزەیەك بایی ئەوەندە لیژەکانی لێك‌ترازانە کە بە ئاستەم دانەزێرەکەی دەربکەوێ ..

... باشە ئەم زەلامە خۆشی بەکوێی مناچووە ؟ خۆ کەر من کوڕبایام هەرگیز ئاکەوتمە دازی کیژی خزم ئاساییەوە ، هەرچەند دەگەڕێم بەشوێن ئۆزە جوانی‌یەك ، ئەختە رووح سووکی‌یەك ، کەمە خوێن شیرینی‌یەلادا لە خۆمیا بدی‌ناکەم » .

ـ پەری‌خان ، ڕۆلە پەری‌خان .

ـ بەڵێ دایکە گیان واهاتم .

« پەری‌خان ئاوەکەیشم نە گوێرەی خۆم نی‌یە ! کێ دەڵێ خۆشی بە ئاوەکەما نەچووە .. ؟ »

هەلبەتە بانگ‌کردنی دایك ئاسکە شیعرئکەو ئاوەرۆکەکەی سۆزەو لە رووخساری ئاوازا خۆی دەنوێنێ ، بۆیە ئاوەکو ئەم دەمەو هەرگیز ـ ئاوی خری ـ وا لە لاخۆش‌و سەرنج راکێشەر نەبووە ، دیاربوو دەیویست سەرچاوەی جوانی خۆی بدۆزێتەوە .. بۆیە زۆرجاران شەوی بە یادی ئەو نامە ئەنێراوەوە رۆژ دەکردەوە کە بە هیوابوو سەرچاوەی جوانی خۆی تیادابدۆزێتەوە ..

بەدەم ئاخواردنەوە ، مەنی خەیالیش لە ئاسمانی بیرا دەهات‌ودەچوو .. جاری واهەبوو زۆر بەرز دەفری و دەیویست لە هەموو بوون‌و ئەنانەت لە سووری ئاسمانیش یاخی‌ببێت ، هەندێ جاریش وا نزم‌دەبووەوە ، دەستەودامێنی سەرەوێلکی شەرمەزاری دەکەوت .

« ئافرەتیش هەندێ جار پەستو نزمە ، جا بۆ هەر ئافرەت .. هەموو نادەمیزادێك ، بێ‌گومان ئەویش هەنووکە گەڕیدەیەکەو هەمان جیهانی من پەی‌دەکات ، ئەم ساتانەی من دەژی ، بە بێزین بە کەمە جیاوازی‌یەکەوە .. ئوایە کۆمەڵگای ئێمە دەرئای رەوابینینی بۆ ئەو تۆزێ زیاتر کردۆتەوە »

ـ جزز .. زز .. جزز .

هاوارێك لە هۆزلەکەوە بەرزبووەوە ، بەناو ژوورەکانا دابەشبوو ، لەناو کرکراکەی گوێچکە سوکەکانی پەری‌خان‌دا دامرکایەوە ..

ـ پەری‌خان ئەوەچی‌یە ، ئاکاداربە رۆلە .

ووردە ووردە لەشکری رۆژ مەیدانی بۆسوبای شەوچۆل دەکرد .. ئەمیش وەکو سەربەرشتیارێکی ئەو سوپایە ووردە ووردە چاودێری هەموو ووردو درشتێکی دەکرد .. هەر سەر لە ئێوارێ ئەوو جێگا یەك کەسی‌یەکەی‌و بالانماکەی بەرابەری .. شەوکار راکشا ، گیان‌سرپوو، بێ‌ئەوەی بیەوێ خۆی خستە سەرگازی پشت ، دوکمەکانی سینەرەوەی سینەی ترازاند .. تەختی سنگ چاوەنواڕی هاتنی پاشایەکبوو ، قاچەکانی هەلکشاند .. چۆلەکەی حەیال کەوتە قوونەقوون .

« ئامانج لە تەنشتی‌یەوە راکشا ، هالاوی هەناسەی تێکەل بوویان گەرمی‌یەکی تاسەشکێنی بەجێگاو بان‌و سەراپای زوورەکە بەخشی ، قومری سرکی مەمك کەونە سەرچلی پەنجە، شیلەی توڵی لێو تك‌تك دەچۆڕایە ناو دەم‌و گیانی هەنگی نارەزوەوە .. دەستو پەنجەی زبری هەڵبەو ..و نەرمەی ناو ڕان‌و لاتەڕاف داستانی ئەو مەیوونەیان دەگێڕاوە کە تۆزێك لەمەویەر ئادەمیزادبوو .. ئەشك بەسەر رووماەتا بەرەو لالغاوە شۆڕبووەوە ، گەرمی‌و سوری لە کەناری لێوی لە خۆشیا داگیرساو پەنگیان‌خواردەوەو لەگەل جیرەی تەختەکەدا بەرەو نشێوی هەزار بەهەزاری شەرمەزاری هەندێرا .

ـ پەری‌خان : پەری‌خان ، بەرکە رۆلە ناچی بۆ دەوام ؟!

چاوی هەلێنا هەمان دیمەن لە ئاوێنە بالانماکەدا پێشەبرکێی ئەم دەدانەوە .. ملچەی لیوی بەدەمابردوو رەنگی ئەو دەنگەی دەرشت کە ووردە شەپۆلی دەم دەریایەکی فێڵی‌هاتوو دەی سازێنێ ..

دواقسە دەربارەی بەهرەی داهێنان

ـ عبدالله عباس ـ

لە بەشەکانی پێشوی ئەم زنجیرە وتارەدا ، باسی بەهرەی داهێنانمان کرد ، چەندان بەلگەو باری سەرنجی دیارو زانستی‌و جێگای باوەڕمان لەم لایەنەوە بەرچاوخست ، ئەوەی لەم بەشەدا ، ئەمانەوێ لێی بدوێین ، دواشت‌ئەبێ لەبارەی لایەنی بەهرەی داهێنان لای شاعیری هاوچەرخ .

لە پێشەوە ، ئەبێ ، ئەو راستی‌یە بزانین ، کە دیاردەی بەهرەی داهێنانی شاعیر ، هەرتیز ، درۆی لەگەل ناکرێ ، زیادە رۆیی‌و زۆر لەخۆکردن ، لە زوربەی زۆری دیاردەکانی ئەم زیانە فراوانە جەنجالەی مرۆڤا ، بە هەرشێوەیەك لەشیوەکانی هەنگاونان‌و هاتنە پێشەوەو چوونە دواوەدا بگونجێ ، زۆر لەخۆکردن‌و زیادە رۆیی لەگەل بەهرەی داهێنانی شاعیرانەدا ناکرێ ، هەرکەسێکیش دەست بدانە پێنووس‌و بیەوێ بەهرەی داهێنانی ئاخی بخانە روو ، مستلزماتی شاعیرانەی پاك‌و راستی ئاخی مرۆڤی هونەریی بێ‌گەیشتوی وەك شاعیر ئەبێ ، ڕەنگ‌و بۆی دەستکرد ، ئابلۆکانی ئاشیرین ئەکات‌و کە ئەشکاتە ئەم راستیە ، ئەوا رووبەرووی مەرگی بەهرەی داهێنانەکەی ئەبێ !

کەواتە ، بەچی ئەم بەهرەی داهێنانە ، لای شاعیر دەولەمەند ئەبێ‌و شتی ئەمر ئەدات بەدەستەوەو کەورە ئەبێ‌و هەر کەورە ئەبێ ؟!

بەدەست پێ‌کردنی ، خۆبەستنەوە بەرەئەوە ، رەگی ژیان‌و وشەی پیرۆزو بەچاکی هامەلە پێ‌کردنی لەدنیای شیعردا ، ئەمە ، وەك یەکەم هەنگاوی چەسپاندنی جێگا پێ ، بەلام ، دووبارە ، دەست بۆ ئەوە ئەکێشینەوە ، رەگ ئەبێ ، جێگا پێ‌نابێتەوە ، لەو دەست پێ‌کردنەوە ، لەدنیای فراوانی شیعردا ، بەرهەمەکان، کە بەهرەی رەگ داکوتاو دروستیان ئەکات ، لەسەر زەمینەی چەسپاوی پشت‌بەستو بەتوانای داهێنانی نوێ‌تر دەست پێ‌ئەکا ، دەست پێ‌کردنەکە ، بەهەلامەتی بەرەو دروست کردنی بەیوەندی نوێ‌تر لە نێوان رەگی داکوتراوو بوونی ئیستاداو چاوکردنەوەی هونەرمەندانە بەرەو سبەینێ هەنگاو ئەنێ .

« دنیای داهێنانی ، هونەری شیعری جوان ، کە دەربڕینی خواستو ئاواتەکانی باشەرۆژی شاعیری مرۆڤە » بەوە بایەخ‌و نرخە جوانیەکەی دەست ئەخات ، شاعیر ، خۆی چەندە ئەتوانێ راستبێ لەگەل ناخی خۆی‌و چەندە هونەرمەند ئەبێ لە دەربڕیندا ، بە وانایەکی تر ، ڕێزو نرخی شیعری جوان ، لای داهێنەر خۆیەتی‌و ئەبێ شاعیر ، ڕێزی شیعر بکرێ ، کە زۆر پیرۆزە ، بەمەش ئەتوانێ ، ڕێزی مرۆڤایەتی‌و بەهرەی داهێنانی خۆی وەك مرۆڤ دەستگیر بکات ، لێرەوە ، مەوزوعیەت‌و وردبینی‌و جاوکراوەیی زیرەکانەی شاعیر ئەبێ ، لای شاعیر خۆی بلەی یەکەمی بایەخدان وەربگرێ ، بەر لەوەی لەلوتکەی ئەلخۆپایبەوەدا وا لە خەلك بکات رێزی‌و شیعرەکانی بکرن ، شیعرو بەهرەی داهێنانی شیعری یاری‌کردن نیە بە « عاتیفەی » خەلك ـ وەك هەندێ بەداخەوە ئەمەیان کلردۆتە زەمینەی ناوبانگ ـ ، چونکە کردەوەکانی رۆژانەو رووداو دیاردەکانی دەسکردانەو بەزۆرەملێ لەشیعرا رەنگ ئادانەوە بە یەکگرتنەوەو کارتێ‌کردنی ناخی پاك‌و بەهرەی داهێنانی دنیای فراوانی ژیانی شاعیرانەو هونەرمەندانە ئەبێ ، ئەمەش بەلای شاعیرێکەوە قەدری شیعری پیرۆز بزانی ، حقیقەتێکە کەمەی لەگەل ناکرێ بەسانتمەتر بێوانەی بۆ دانانرێ ، شیعر ، ئەگەر بەم جۆرەی لێهات « سنعەتێکی رەزیل »ەو دورە لە دنیای شیعری پیرۆز ، چونکە ئەو دنیایە ، دنیای لەبەرکردن‌و داکەندنەوە ، داکەندن‌و لەبەرکردنەوە نیە ، دنیای شاعیر دنیای رەنگ داکوتان‌و داهێنانەو ئینجا کشان بەرەو رووناکی بەرەدەوام ، بەردەوامی لەداهێنانی تازەترا ، بەلام وەك لەبەشەکانی ترا دەستمان بۆ کێشا ، بەرەو رووناکی رزگاری مرۆڤ‌و قیمەتی مرۆڤایەتی .

ئەو شاعیرەی لەم بۆچوونەوە ، پشت بەستوو بەرەگی چەسپاوی دنیای بەهرەی داهێنانی شاعیرانەی هەنگاو ئەنێ ، جێگا هەنگاوەکانی دیار ئەبێ ، لە هەموو بارو زروفێکا دیارو بەهێز ئەبێ ، چونکە «گۆران»ی مەزن وتەنی (**شیعری بابەتی جوان ، شیعری بیرو ئیکدانەوەی وردو رەنگین ، سنووری ماوەو سەردەمی بەرەتلایە** ، لەهەموو کاتێکا ، لەناو هەموو بەرەو باوەڕێکا ، بەسەند کەر بۆ خۆی ئەدۆزێتەوە .) .

Institut Kurde de Paris

هاوری صدام حسین پێشوازی له وه‌زیری ناوخۆو به‌رگری کوێت کرد

سه‌عات دوانزه‌ی دوێنێ‌نیوه‌رو به‌ڕێز صدام حسین له جێگا که‌ی خۆی له باره‌گای ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی پێشوازیی له به‌ڕێز شێخ سعدالعبدالله سالم الصباح وه‌زیری ناوخۆو به‌رگری کوێت‌و وه‌فده‌که‌ی ته‌گی کردوه .

له‌م چاوپێکه‌وتنه‌دا که ٥ ده‌قیقه‌ی خایاندوه باسی به‌یوه‌ندی دۆستایه‌تی‌و برایه‌تی هه‌ردوو ولات کراوه ، له‌که‌ل ڕێگای پشه‌وکردنی ئه‌و به‌یوه‌ندیانه به جۆرێک که هاکه‌ی مه‌سه‌له‌کانی ته‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌بی تیدا بێت . له چاوپێکه‌وتنه‌که‌دا به‌ڕێز عزه ابراهیم ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکرایه‌تی شۆڕش‌و وه‌زیری ناوخۆ به‌شداربوه ..

میوانداری کۆشکی کۆماری

دوێنێ به‌یانی به‌ڕێز فواد قاسم الامیر به‌ڕیوه‌به‌ری گشتی‌ی کۆمپانیای کشتی‌ی فۆسفات چونه کوشکی کۆماری‌و به‌ڕێزی دانانی له‌و پله نوێیه‌دا سوپاسنامه‌ی خۆی بۆ سه‌رۆکی به‌ڕێز له ده‌فته‌ری میواندارییدا تۆمار کردوه .

هه‌روه‌ها به‌ڕێز فالح عبدالرزاق بالوزی کۆماری عیراق له مه‌مله‌که‌تی عه‌ره‌بی سعودی‌و به‌ڕێز فاروق صبری ئه‌لخطیب بالوزی کۆماری عیراق له مه‌غریب چونه‌ته کوشکی کۆماری بۆ دوعاخوازی ڕۆیشتنه‌وه بۆ شوێنی نیشته‌جێبونیان ناوی خۆیانیان له ده‌فته‌ری میواندارییدا تۆمار کردوه .

هه‌روه‌ها به‌ڕێز فاضل سلوم خلف به‌ڕیوه‌به‌ری گشتی‌ی ده‌زگای کاروباری قرن‌و ئاته‌واخانه‌کان چونه‌ته کوشکی کۆماری‌و به‌بۆنه‌ی دوعاخوازی سه‌فه‌ری بۆ ده‌ره‌وه‌ی وڵات ناوی خۆی له‌ده‌فته‌ری میواندارییدا تۆمار کردوه .

باسی په‌یوه‌ندی دوو قۆڵی نێوان عێراق‌و کوێت ..

دوێنێ کۆبوونه‌وه‌یه‌ک له‌نێوان به‌ڕێز عزه ابراهیم ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکرایه‌تی شۆڕش‌و وه‌زیری ناوخۆو شێخ سعد العبدالله السالم الصباح وه‌زیری ناوخۆو به‌رگری کوێتدا به‌سترا .

له‌و کۆبوونه‌وه‌دا پێوه‌ندی دوو قۆڵی نێوان هه‌ردوو ولاتی برا و ڕێگای پته‌وکردنی ئه‌وپێوه‌ندیه باس‌کرا بێجگه له‌باسی دۆخی ناوچه‌ی عه‌ره‌بی‌و ڕووداوه جیهانیه‌کانیش .

وه‌زیری به‌یوه‌ستی پێشوازی وه‌زیری نه‌وتی هیند له‌کات

بێڕێ نیوه‌ڕۆ به‌ڕێز سعدون غیدان ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکرایه‌تی شۆڕش‌و وه‌زیری به‌یوه‌ستی پێشوازی له‌به‌ڕێز هموانی نان‌دان باهوکۆنا وه‌زیری نه‌وت‌و کیمیاو به‌ینی هیندی‌و نه‌و وه‌فده‌ی له‌گه‌لیابوو کرد .

به‌ڕێز ئه‌ندامی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکرایه‌تی شۆڕش وه‌زیری به‌یوه‌ستی باسی نه‌و به‌ره‌سه‌ندنانه‌ی کرد که وڵات له‌هه‌موو بوارێکدا به‌خۆیه‌وه ته‌بینیتی‌و نه‌و ته‌قلایانه‌ی که‌سه‌رکرایه‌تی سیاسی حزب‌و شۆڕش ئه‌یدات له‌پێناوی بنیاتنانی بناغه‌کانی کۆمه‌لگایه‌کی سۆشیالیستی به‌گه‌ڕتوو .

هه‌روه‌ها له‌م به‌یه‌ک گه‌یشتنه‌دا باسی به‌یوه‌ندی دووقۆڵی‌و ئه‌وشتانه‌ی که گه‌لی هه‌ردوو وڵات به‌یه‌ک ئه‌به‌ستنه‌وه‌و ئه‌و هۆیانه‌ی که‌ئه‌بنه‌مایه‌ی پته‌وکردنی به‌یوه‌ندی هاوکاری نێوان هه‌ردوو وڵات له هه‌موو بوارێکه‌وه گراو به‌تایبه‌تی له‌باری به‌یوه‌ستی بۆ ته‌ل‌و ته‌ل‌دا‌ردا .

موناقه‌شه‌کردنی ڕێگای گه‌شه‌پێکردنی کشتوکال له هه‌ردو شاری سلێمانی و هه‌ولێردا .

به‌ڕێز لطیف نصیف جاسم وه‌زیری کشتوکال‌و چاکردنی کشتوکال‌و به‌ڕێز هاشم حسن سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی ڕابه‌راندن له ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی واقیعی کشتوکالی ناوچه‌که‌و ڕێگای به‌ره‌وپێش بردنیان خسته ژێر باس‌و لێکۆڵینه‌ی بۆ وه‌دی هینانی ئاوانه‌کانی سه‌رکرایه‌تی سیاسی .

له‌و کۆبوونه‌وه‌دا که دوێنێ له هه‌ولێر به‌سترا هاوڕێ عدنان داود جێگری ئه‌میندار‌ی سه‌رکرایه‌تی لقی ژووروی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی ئیشتیراکی‌و ژماره‌یه‌ک له هاوڕێیان ئه‌ندامانی سه‌رکرایه‌تی لق‌و به‌ڕێزان سعاد ادیب جێگری سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی ڕابه‌راندن وبشیر عبدالرحمن ئه‌میندار‌ی کشتوکال به‌ڕێوه بردنی کشتوکال‌و چاک‌کردنی کشتوکال به‌شدار بوون .

وه‌زیری به‌ڕێز پێشتریش سه‌رۆکایه‌تی کۆبوونه‌وه‌یه‌کی ئه‌نجومه‌نی کشتوکالی کردبوو که بۆ باسی بێداویستیه‌کانی خۆ ئامادەکردن بۆ وه‌رزی داهاتووی تۆوچاندنی زستانی ته‌رخان کرابوو .

به‌ڕێز لطیف نصیب جاسم ، وه‌زیری کشتوکال‌و چاکردنی کشتوکال ، چاوی به‌سه‌رۆکی به‌ش‌ودایره‌کانی ناوچه‌ی کشتوکالی شاری سلیمانی‌و لقه‌کانی له‌قه‌زاو ناحیه‌کان‌دا که‌وتوه .

له‌و چاوپێکه‌وتنه‌دا . وه‌زیری به‌ڕێز وتویه‌تی : ئه‌بێ به‌وردی پشت به‌ئه‌خشه کشتوکالیه‌کان ببه‌ستن‌و به‌کارامه‌یی‌و دلسۆزی جێ‌به‌جێ‌ی بکه‌ن شان‌به‌شانی کادیره‌کانی کشت‌وکال‌و جوتیاره‌کان ، له‌پێناوی ده‌س‌نیشانکردنی هه‌مو ئه‌و کۆسپانه‌ی که ڕێگای لێ‌به‌ربه‌ست ئه‌کاو سه‌ره‌ڕای هه‌لخستنی گه‌لێ ده‌قی‌وا که به‌سه‌ر ئه‌و کۆسپانه‌دا هه‌تکاوینێ ..

به‌نجه‌بشی بۆ ئه‌و بابه‌خه گه‌وره‌یه‌ی که سه‌رکرایه‌تی سیاسی حیزب‌و شۆڕش بۆ پێش‌خستنی کشتوکال‌و به‌رزکردنه‌وه‌ی ئاستی جوێیارانی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی کێشاوه ، که له‌ئه‌نجامی دلسۆزی‌یه‌وه هه‌لقه‌ولاوه له‌پێناوی بوژاندنه‌وه‌ی ناوچه‌که له‌پاش‌ئه‌وه‌ی که‌له‌نێو گه‌لی باری ئاناسایی‌دا ئه‌٦یا .

هه‌روا پێڕی‌شه‌و ، به‌ڕێز لطیف نصیف جاسم وه‌زیری کشتوکال‌و چاکردنی کشتوکال کۆبونه‌وه‌یه‌کی له‌گه‌ل ئه‌نجومه‌نی کشتوکالی شاری هه‌ولێری کرد‌و باسی باری کشت‌وکال‌و ڕێگای پێش‌خستن‌و ڕێک‌خستنی توانای هه‌مو لایه‌ک بۆ ئه‌و مه‌به‌سته‌کرد‌و ئه‌وه‌یشی دوباتکرده‌وه که : ئه‌بێ پشت به‌ڕابازی زانستی ببه‌ستین له‌ئه‌خشه‌داناناو بابه‌خێکی زۆرتریش بده‌ین به‌ده‌وری جوتیار بۆ سه‌رخستنی ئه‌خشه کشتوکالیه‌کان .

کۆبونه‌وه‌ی لیژنه‌ی به‌ره له هه‌ولێر

لیژنه‌ی به‌ره‌ی نیشتمانی‌و ئه‌ته‌وه‌یی پێشکه‌و تنخواز له هه‌ولێر له‌کۆبونه‌وه‌یه‌دا به سه‌رۆکایه‌تی سه‌رۆکی لیژنه‌که هاوڕێ نامر حسن ئه‌میندار‌ی ئه‌ته‌وه‌یی لقی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست له‌هه‌ولێر ، باسی بارو دۆخی سیاسی ئێستای نیشتمانی عه‌ره‌ب‌و ئه‌رکی هێزه نیشتمانی‌و ئه‌ته‌وه‌یی‌یه پێشکه‌وتنخوازه‌کان له به‌ره‌نگار بوونه‌وه‌ی هێزه له‌ڕێ‌لاده‌رو خۆبه ده‌سته‌وه ده‌ره‌کان کردووه .

عه‌ره‌ها هاوڕێ سه‌رۆکی لیژنه‌که ده‌ربڕه‌ی ئه‌و ئۆباله مه‌زنه‌ی داواه که‌ئه‌یوێسته هێزه‌کانی ئه‌وبه‌ره‌ی نیشتمانی‌و ئه‌ته‌وه‌یی پێشکه‌وتنخوازی پارێز گاکه ڕای به‌رئه‌ن بۆ چه‌سپاندن‌و به‌ره‌یه‌کی فراوان‌و جالاکیه‌کانی ده‌زگاکانی ئۆتۆنۆمی‌و داکۆتان‌و چاندنی بیروباوه‌ڕه‌کانی شۆڕش‌و حزبی سه‌رکرده حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سۆشیالیست له ڕیزی جه‌ماوه‌ردا .

باس‌کردنی ڕێ‌وشوێنی به‌ره‌یه‌کی به‌یوه‌ندی دووقۆڵی نێوان عێراق و هه‌ندستان .

به‌ڕێز به‌یانی دکتۆر سه‌عدون حه‌مادی وه‌زیری ده‌ره‌وه‌ی شۆڕشی به‌ڕێز (هموانی نان‌دان باهوکونای) وه‌زیری پترۆل‌و کیمیاویات‌و په‌ینی هندستانی کرد له‌گه‌ل ئه‌و وه‌فده‌ی که له‌گه‌لیابوو .

له‌چاوپێکه‌وتنه‌که‌دا له‌باره‌ی به‌یوه‌ندی دوو قۆڵی نێوان هه‌ر دوو لاوڕی‌و شوێنی به‌ره‌یه‌ی کۆڵرایه‌وه .

باس‌کردنی به‌یوه‌ندی به‌ئابوری و به‌ره‌نگاری نێوان عێراق و هه‌ندستان

بێڕێ به‌یانی دکتۆر مکرم جمال وه‌زیری ئاودێری له‌دیوانی وه‌زاره‌ته‌که‌ی‌دا پێشوازی‌ی به‌ڕێز (هموانی نان‌دان باهوکونا) وه‌زیری پترۆل‌و کیمیاویات‌و په‌ینی هندستانی‌ی کرد له‌گه‌ل ئه‌و وه‌فده‌ی له‌گه‌لیدا بوو .

له‌چاوپێکه‌وتنه‌که‌دا باسی به‌یوه‌ندی ئابووری‌و هونه‌ریه‌کان‌و ڕێ‌و شوێنی به‌ره‌یه‌کانیان کرا به‌جۆرێک خزمه‌تی به‌رژه‌وه‌ندی‌ی هه‌ردوو وڵاتی دۆست‌بکات .

هه‌روه‌ها باسی شێوه‌ی هاوکاری‌کردن‌و ئاڵ‌وگۆڕ‌کردنی پسپۆڕایه‌تی‌و زانیاری‌کرا له‌لایه‌نه‌کانی ئاودێری‌و داشۆرگه‌و دروست کردنی به‌سته‌وه .

مۆرکردنی مه‌حزه‌ری لیژنه‌ی هاوکاری ئابوری عێراق و هه‌ندستان .

بێڕێ له باره‌گای ئه‌نجومه‌نی نیشتمانی‌دا ، مه‌حزه‌ری گشتی کۆبونه‌وه‌ی سێیه‌م ده‌وره‌ی لیژنه‌ی عێراقی‌و هیندی ، له مه‌یدانی ئابوری‌و هونه‌ری‌دا مۆرکرا .

به‌ڕێز غانم عبدالجلیل هه‌مان‌کاتا وه‌زیری ده‌وله‌ت‌و سه‌رۆکی لایه‌نی عێراقی‌و به‌ڕێز(هموانی نان‌دان باهۆکۆنا) وه‌زیری پترۆل‌و کیمیاکه‌ری وپه‌ین‌و سه‌رۆکی لایه‌نی هیندی مه‌حزه‌ره که‌یان مۆرکرد .. له مه‌حزه‌ری لقه‌لیژنه‌کان له‌لایه‌ن سه‌رۆکی لیژنه‌کانی پیشه‌سازی‌و نه‌خشه‌و کشت‌سازی‌و ئاوه‌دانی‌و گوازته‌وه مۆرکرا .

به‌م بۆنه‌یه هه‌ردو سه‌رۆکی عێراقی‌و هیندی . چه‌ند قسه‌یه‌کی ڕابانه‌یان کرد ، به‌ڕێز غانم عبدالجلیل له‌باره‌ی گرینگی سه‌ردانی به‌ڕێز باهۆکۆنا دواو وتی : ئه‌م سه‌ردانه ده‌ورنکی گه‌وره ته‌بینێ له‌به‌ره‌یه‌دانی به‌یوه‌ندی نێوان هه‌ردو ولاتی برا‌و له‌گشت ده‌رفه‌تیکا .

به‌ڕێز وه‌زیری پترۆل‌و کیمیاکه‌ری وپه‌ینی هیندیش ، باسی گیانی هه‌ره‌وه‌زی وتوێژه‌کانی هه‌ردولای کرد له‌پێناو به‌رژه‌وه‌ندی هاوکێی هه‌ردو ولاتی‌برا . سه‌رباری به‌یوه‌ندیه‌کانی نێوان عێراق‌و هیندستان .

گفت‌وگۆی ئاڵ‌وگۆڕکردنی پسپۆڕایه‌تی له‌بواری گواستنه‌وه‌ له‌نێوان عێراق و هه‌ندستاندا .

به‌ڕێز عه‌زیز ره‌شید عه‌قراوی وه‌زیری گواستنه‌وه بێڕێ نیوه‌ڕۆ چاوی به به‌ڕێز (هموانی نان‌دان باهوکونا) وه‌زیری پترۆل‌و کیمیاویات‌و په‌ینی هندی که‌وت له‌گه‌ل ئه‌و وه‌فده‌ی له‌گه‌لیدایه به‌ڕێز عه‌قراوی پێشوازی له‌وه‌زیری میوان‌کردو به‌درێژی باسی ڕۆژه‌کانی وه‌زاره‌ته‌که‌ی کرد بۆ به‌ره‌یه‌دانی که‌رتی گواستنه‌وه .

هه‌روه‌ها به‌ڕێز باهوکونا باسی به‌یوه‌ندییه به هێزه‌کانی نێوان عێراق‌و هندستانی‌کرد له گه‌ل به‌ره‌سه‌ندنی به‌یوه‌ندی دۆستایه‌تی نێوان گه‌لی هه‌ردوولا .

هه‌روه‌ها له چاوپێکه‌وتنه‌که‌دا باسی لایه‌نه‌کانی هاوکاری کردن‌وڕێ‌و شوێنی ئاڵ‌وگۆڕ کردنی پسپۆڕایه‌تی له‌لایه‌ن گواستنه‌وه له‌نێوان وڵاتی‌دا کراو توانستی دامه‌زراندنی چه‌ند کومپانیایه‌کی هاوبه‌شی له‌لایه‌ن گواستنه‌وه‌ی ده‌ریایی‌یه‌وه‌و دروست‌کردنی شتومه‌کی هێلی ئاسنین بۆ خزمه‌ت‌کردنی به‌رژه‌وه‌ندی یه‌کانی گه‌لی هه‌ردوو ولاتی دۆست .

باسکردنی پێویستیه‌کانی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی .

به‌یانی ڕۆژی یه‌ک‌شه‌مه‌ی ڕابردوو ئه‌نجومه‌نی ڕابه‌راندنی ناوچه‌ی ئۆتۆنۆمی کۆبونه‌وه‌یه‌کی به‌سه‌رۆکایه‌تی هاشم حسن سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌ن به‌ست .. له‌م کۆبونه‌وه‌یه‌دا باسی بارودۆخی ناوچه‌که له‌هه‌مو لایه‌نێکه‌وه‌کرا بۆ دابین‌کردنی پێویستیه‌کانی‌و و هه‌وڵدان بۆ زیادن‌کردن‌و به‌ره‌بندانی ئه‌و خزمه‌تگوزاریانه‌ی که دامودەزگا جۆربه‌جۆره‌کان پێشکه‌شی ئه‌م ناوچه‌یه‌ی ئه‌که‌ن .

هه‌روه‌ها ئه‌نجومه‌ن له‌سه‌رئه‌وه ڕێک‌که‌وت که ٣٧٥ هه‌زار دینار ته‌رخان‌بکات بۆ کڕینی (١٥) پاس بۆ ده‌زگای گواستنه‌وه‌ی هاتوچۆکه‌ران له‌پارێزگای سلێمانی .

دیسان له‌م کۆبونه‌وه‌یه‌دا گه‌لێ له‌و بریارانه‌ی که به‌یوه‌ندی‌یان به کاروباری دارایی‌و ئیداری پارێزگاکانی هه‌ولێرو سلێمانی‌و دهۆک هه‌بوو مۆرگران .

له‌لایه‌کی تره‌وه بریاردرا زماره‌یه‌ک له کادیره‌کان دابه‌زرێن بۆ به‌ڕیوه بردنی کاروباری به‌ڕیوه به‌رایه‌تیه‌کانی ئه‌نجومه‌ن .

پاشماوه‌ی ئه‌ده‌بیات

ئه‌ته‌وه‌یی ساڵانی ٧٦ - ٨٠ له‌لایه‌ن ئه‌نجومه‌نی سه‌رکرایه‌تی شۆڕشه‌وه دروبات‌که‌ره‌وه‌ی ئه‌و ڕێبازه مه‌بده‌ئیه ساغه‌یه که‌شۆڕش گرتویه‌ته به‌ر له‌مه‌یدانی تێکۆشانی بێ‌وچاندا‌و له‌جوارچێوه‌ی کاری شۆڕشگێڕانه‌و بنیاتنانی به‌یوه‌ندیه سوشیالیستیه‌کان‌وه به‌دی‌هێنانی کامه‌رانی کۆمه‌لایه‌تی‌و بنیاتنانی بنکه‌ی‌مادی پێویست بۆ جێ‌به‌جێ‌کردنی گۆڕانکاری شارستانی‌و پێشکه‌وتنی ته‌کنیکی له‌وڵاته‌که‌ماندا .

نه‌خشه‌که ئامانجی جێ‌به‌جێ‌کردنی کۆمه‌له ئه‌رک‌و فرمانێکی جه‌مسه‌ری‌یه پێش‌قه‌تاری هه‌مووبان به‌دی‌هێنانی په‌ره‌پێدانیکی سه‌رانسه‌ره ئه‌مه‌ش له‌وێدا ده‌رده‌که‌وێ که ووتراوه ((په‌ره‌پێدان کردارنکی شۆڕشگێڕانه‌یه به‌ره‌و جه‌سپاندن‌و پاڵپشتکردنی ئازادی‌و سه‌ربه‌خۆیی ئابووری‌و به‌دی‌هێنانی پێشکه‌وتنی کۆمه‌لایه‌تی)) ... هه‌رووها له‌دانانی ئه‌و ڕێ‌وشوێنانه‌دا به‌شداری‌ده‌کات که ڕێ بۆ بیناکاری سوشیالیستی خوش‌ده‌که‌ن . ئامانجی ئه‌خشه‌کانی شۆڕش‌و کرده‌وه شۆڕشگێڕانه یه‌ک له‌دوای‌یه‌که‌کانی بریتیه له‌وه‌دی‌هێنانی ڕابه‌رێنکی ئابووریانه‌و کۆمه‌لایه‌تیانه‌ی سه‌رانسه‌ری‌ی له‌پێناوی به‌شداربوونی به‌رینترین که‌رته‌کانی کۆمه‌لانی خه‌ڵک له‌مه‌سه‌له‌ی په‌ره‌پێداندا‌و دروست‌کردنی بارودۆخی ئه‌وتۆ که په‌ره‌پێدانی به‌ته‌فینه‌وه به‌ئینته‌دی .

هه‌ر له‌م جوارچێوه‌یه‌دا ، شۆڕش به‌بڕیاره‌ی میژوویینه‌که‌ی ، واته بڕیاری خۆماڵی کردنی نه‌وت‌و شکاندنی ئیحتیکاری کومپانیا بێگانه‌کان ونه‌و هه‌وڵه ئاناسایانه‌ی که بۆ پێشخستنی جولانه‌وه‌ی پیشه‌سازی‌و گوڕانکاری له‌مه‌یدانی کشتوکالدا ده‌یدا ، به‌مانه قۆناغێکی گه‌وره‌ی بڕی له‌مه‌یدانی زیادکردنی داهاته‌مالیه‌کانی عراقدا که‌بوونه سه‌رچاوه‌یه‌کی باش بۆ دابین‌کردنی پێویستی بڕۆژه‌کانی په‌ره‌پێدان ، وئه‌م کاره‌ش بوبه‌یه‌کێک له‌هۆیه‌کانی خیراکردنی جولانه‌وه‌ی بیناکاری ئاوه‌دان‌کردنه‌وه‌و کردنه‌وه‌ی ده‌رگای کار بۆ هه‌رکه‌سێک که‌توانای کارکردنی هه‌بێت ، هه‌ر ئه‌مه‌ش خۆی بوو به‌دروستکه‌ری په‌ره‌پێدانێکی ئابووری‌و کۆمه‌لایه‌تی سه‌رتاپاگیر .

نه‌خشه‌که کۆمه‌لێک ئامانجی بۆخۆی دەست‌نیشان کردوه ، که له‌پێش‌هه‌مووبانه‌وه به‌رزکردنه‌وه‌ی ڕاده‌ی په‌ره‌پێدانی سه‌رانسه‌ری وپه‌ره‌سه‌ندنی که‌رته ئابووریه بنه‌ڕه‌تیه‌کان دته‌پێش‌چاو به‌جۆرێک که‌ببێته هۆی به‌دی‌هێنانی ئامانجی شۆڕش له‌به‌واری دروستکردنی ئابوریه‌کی هاوکێش‌و پشت‌به‌به‌ستان به‌ه‌وت وه‌کو سه‌رچاوه‌یه‌کی سه‌ره‌کی .

نه‌خشه‌که ده‌وری که‌رتی سوشیالیستی قایمه‌کردوه قوونکردنه‌وه‌ی گۆڕانکاریه سوشیالیستیه‌کانی دووپات‌کرده‌ته‌وه به‌زیادکردنی به‌شی که‌رتی سوشیالیستی له‌چالاکی‌و مه‌یدانی جۆراوجۆری ئابووری بنه‌ڕه‌تیداو به‌وه‌ی ده‌ورنکی سه‌رکرداته‌ی‌داوه‌تێ‌و به‌روتشتن له‌سه‌ر بنیاتنانی قه‌واره‌ی سه‌ره‌کی که‌ئه‌بنه کۆله‌که‌ی ئابووری نیشتمانی‌و فراوان‌کردنه‌وه‌ی خزمه‌تگوزاریه کۆمه‌لایه‌تیه‌کان له‌سه‌ر ڕێ‌وشوێنی هاوکێش شان‌به‌شانی زیادکردنی ده‌سکه‌وتی ته‌وایه‌تی‌و پێشکه‌وتنی جولانه‌وه‌ی بیناکاری سوشیالیستی .

نه‌خشه‌که ، هه‌روه‌ها ، بابه‌خێکی ئاناسایی داوه‌ته ده‌وری کۆمه‌لانی خه‌ڵک‌و به‌رین‌کردنه‌وه‌ی به‌شداری‌ی میللی له‌جێ‌به‌جێ‌کردنی پڕۆژه‌کانی نه‌خشه‌که‌دا ، له‌مبش‌ه‌وه‌کو دارشتنی داب‌ونه‌ریتی دیموکراتیانه‌ی شۆڕشگێڕانه‌و کونجان له‌که‌ل ڕێ‌نوێیه‌کانی سه‌رکرایه‌تی سیاسیدا به‌تایبه‌تی ئامۆژگاریه‌کانی هاوڕێ‌ی تیکوشه‌ر صدام حسین له‌کۆڕی هۆیه‌کانی نزم‌بوونه‌وه‌ی به‌رهه‌مدا ، ئه‌و ئامۆژگاریانه‌ی که پیویستی به‌شداری کریکارانیان له داڕشتنی نه‌خشه‌ی به‌رهه‌مهێنان‌و ئه‌و ئۆباڵه‌ی له‌مه‌یداده‌ست‌و هه‌ڵسوڕاندن‌و چاوه‌دێری‌کردندا ده‌که‌وێته ئه‌ستێیان‌و به‌کارهێنانی ڕێ‌وشوێنی دیموکراتیانه له‌نێوان ڕووورده‌ست‌و ژێرده‌ست‌دا له‌کرداری ڕۆژانه‌دا له‌پێناوی ئه‌وه‌ی هه‌موو وزه‌وتوانا وشاره‌زاییه‌کان بۆ زیادکردنی به‌رهه‌م بخرێته‌کار ، خسته‌به‌رچاو .

له‌م بواره‌دا ، نه‌خشه‌که داوای له‌ڕێکخراوه‌کانی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی سوشیالیست وده‌زگاکانی به‌ره‌ی نیشتمانی ونه‌ته‌وه‌یی ورێکخراوو یه‌کیه‌تیه پیشه‌یی‌و جه‌ماوه‌ریه‌کان کردوه که بی‌وچان له جێ‌به‌جێ‌کردنی نه‌خشه‌که ، له‌هه‌موو بوارێکیدا ، به‌شداری‌بکه‌ن .

ئه‌و هه‌وڵ‌و ته‌قه‌للا زۆره‌ی که سه‌رکرایه‌تی حزب‌و شۆڕش ونه‌و ده‌زگایانه‌ی به‌ربرسیاری که‌رته به‌رهه‌میه‌کانیان که‌وتوته له‌سه‌ر ده‌بده‌ن له‌ستایشتی مه‌بده‌ئیه‌وه هه‌ڵده‌قوڵین ئامانجیان دروست‌کردنی تاقیکردنه‌وه‌یه‌کی شۆڕشگێڕانه‌ی وابه که‌ببێته مایه‌ی سه‌رفرازی‌و کامه‌رانی بۆ به‌رینترین کۆمه‌لانی زه‌حمه‌تکێشی خه‌ڵک وببێته به‌ڵگه‌ی ئاشکراو وێنه‌ی‌برشنگداری وزه‌وتوانای تیکۆشانی شۆڕشگێڕانه به‌جۆرێک که کۆمه‌لانی خه‌ڵک ، له‌هه‌مو کون‌وقوژبنێکدا ، هان‌بدات به‌ره‌و توندترکردنی تیکۆشانی نازادیخوازانی وببێته هۆیه‌کی یارمه‌تیده‌ر بو کامڵ‌کردنی شیوه خه‌باتگێڕانه‌کانی له‌مه‌یدانی زه‌بردان له‌نیمپریالیه‌ت‌و هه‌مو دوژمنانی پێشکه‌وتندا .

Institut kurde de Paris

ده‌قی یاسای نه‌خشه‌ی په‌ره‌پیدانی نه‌ته‌وه‌یی ساله‌کانی ١٩٧٦-١٩٨٠

به‌ناوی که‌له‌وه
ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆرش
ژماره‌ی بریار ٧٥١
مێژووی بریار ٢٥ـ٦ـ١٩٧٧

نه‌خشه‌ی په‌ره‌پێدانی نه‌ته‌وه‌یی ساله‌کانی ١٩٧٦ ـ ١٩٨٠ .

« سه‌ره‌تا »

بۆ جێبه‌جێ کردنی فه‌رمانه‌کانی ماده‌ی دوازده‌هه‌می ده‌ستووری کاتی که ده‌لێ ده‌بێ ده‌وله‌ت سه‌رکردایه‌تی‌و رێنوێنی‌و نه‌خشه‌دانانی نابووری نیشتمانی بگرێته ئه‌ستۆ به‌ه‌به‌سته‌ی داهه‌زراندنی رژێمی ئیشتیراکی له‌سه‌ر بنچینه‌یه‌کی زانستی‌و شۆرشگێرانه‌و له‌ورنگایه‌وه که پێداویستیه‌کانی یه‌کیه‌تی ئه‌ته‌وه‌ی عه‌ره‌ب دابین‌ده‌کا .

● ئه‌رکه مه‌رکه‌زیه‌کانی به‌رنامه‌ی په‌ره‌پێدانی نه‌ته‌وه‌یی

هه‌روه‌ها به‌پێی ئه‌و ئامانجو بیروباوه‌ڕه‌نیشتمانی‌و نه‌ته‌وه‌ییه مه‌رکه‌زی‌یانه که ئۆنگه‌ره‌ی هه‌ریمایه‌تی هه‌شته‌می حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی ئیشتیراکی ده‌ستنیشانی کردوون ئامانجی نه‌خشه‌ی په‌ره‌پێدانی نه‌ته‌وه‌یی ١٩٧٦ ـ ١٩٨٠ به‌شێوه‌یه‌کی بنه‌ره‌تی‌و راستوخۆ وه‌دی‌هێنانی ئه‌م ئه‌رکه‌مه‌رکه‌زی‌یانه‌ی خواره‌وه‌یه

ا ـ به‌ره‌پێدانی هه‌موولایه‌نی‌و خێرا ، چونکه په‌ره‌پێدان کرده‌وه‌یه‌کی شورشگێرانه‌یه که ئامانجی جێگیرکردن‌و چه‌سپاندنی رزگاری‌و سه‌ربه‌خۆیی نابووری‌و بێشکه‌وتنی کۆمه‌لایه‌تیه‌و مه‌رجی‌یه‌ش په‌ره‌پێدانێکی هه‌موولایه‌نی نابووری‌و کۆمه‌لایه‌تیه که تێده‌کۆشێ بۆ کۆرینی کۆمه‌ڵ به‌ته‌واوی .

● په‌ره‌پێدان له‌خزمه‌تی بنیاتنانی ئیشتراکیه‌تدا

ب ـ په‌ره‌پێدان چه‌ند شێوه‌و رێبازێکی داناوه بۆ خزمه‌تی بیناکردنی ئیشتراکیه‌ت له‌رێگای پته‌وکردن‌و په‌ره‌پێدانی به‌رهه‌م هێنانی ئیشتراکیه‌وه به‌چه‌شێنێك که‌ببێته هۆی له‌ناوبردنی هه‌موو دیمه‌نێکی چه‌وساندنه‌وه‌ی نابووری‌و به‌ره‌ووه‌دی هێنانی ئامانجه دوورمه‌وداکانی بنیاتنانی کۆمه‌ڵی ئیشتیراکی یه‌کگرتوو بڕوانه‌پێش .

که‌وابوو به‌رنامه‌ی دووکۆنه‌که‌ی به‌ره‌تی هه‌یه که ده‌بنه‌هۆی وه‌دی‌هێنانی ئامانجه هه‌موولایه‌نیه‌کانی به‌شێوه‌یه‌کی راست‌و دروست .

١ ـ ئیلزامی بوونی نه‌خشه به‌وه‌مانایه که ئامانجه چه‌ندی‌و چۆنیه‌کانی ئیلتیزامێکی بونه‌وکاریه‌ن‌و له‌سه‌ر ده‌زگاکانی ده‌وله‌ت پێویسته که زۆر به‌وردی هه‌ول بده‌ن بۆجێبه‌جێ کردن‌و به‌دی هێنانیان‌و له‌ماوه‌ی ساله‌کانی به‌رنامه‌دا به‌به‌رنامه‌ی کار داده‌نرێ .

٢ ـ په‌ره‌پێدانی به‌کار هێنانی پێوه‌ندی دیموکراتی‌یانه له‌دواچێتوه‌یه‌کی به‌ربلاودا به‌چۆرێك که هه‌ووی ده‌وڵه‌ی له‌ده‌زگا رەسمی‌و ئه‌هلیه‌کانداد ئیش ده‌کەن به‌ه‌شێوه‌یه‌کی به‌رین‌و کاریگه‌ر تێیدا به‌شداربن بۆ ئه‌وه به‌رنامه‌که به‌ئاراسته‌ی ده‌و به‌رنامه‌ی زه‌مانه‌ی بۆی داریژراوه جێبه‌جێ بکرێ‌و ده‌و راوانانه‌ی بۆی دانراون بنه‌دی .

له‌به‌رئه‌وه‌ی باس‌کراو به‌پێی فه‌رمانه‌کانی ماده‌ی چل‌و دووهه‌می ده‌ستووری کاتی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆرش له‌دانیشتنی رۆژی ٢٥ـ٦ـ١٩٧٧ی خۆیدا بریاری ده‌رکردنی ئه‌م یاسایه‌ی خواره‌وه‌ی‌دا .

ژماره (٨٩)ی ساڵی ١٩٧٧

یاسای نه‌خشه‌ی په‌ره‌پێدانی نه‌ته‌وه‌یی ساله‌کانی ١٩٧٦ ـ ١٩٨٠ .

فه‌سڵی یه‌که‌م
« په‌سند کردنی نه‌خشه‌که‌و ته‌عریفه‌کان »

ماده‌ی یه‌که‌م :ـ به‌پێی ئه‌م یاسایه‌به‌رنامه‌ی په‌ره‌پێدانی نه‌ته‌وه‌یی ساله‌کانی ١٩٧٦ ـ ١٩٨٠ په‌سندده‌کرێ که له‌ل‌و به‌نگه‌نه‌ی خواره‌وه ئاماژه‌هاتووه که هه‌ووریان به‌سه‌ریه‌که‌وه به‌شێکی بنچینه‌یی ئه‌م یاسایه‌ن .

١ ـ نه‌خشه‌ی په‌ره‌پێدانی نه‌ته‌وه‌یی ساله‌کانی ١٩٧٦ ـ ١٩٨٠ .

٢ ـ یادداشتێکی روون کردنه‌وه که له رۆژی ١٩ـ٤ـ١٩٧٧دا له‌لایه‌ن وه‌زیری نه‌خشه‌کێشانه‌وه دراوه به‌جێگری سه‌رۆکی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆرش‌ـ سه‌روکی ئه‌نجومه‌نی نه‌خشه‌کێشان .

٣ ـ رێ‌وشوێن‌و راسپارده‌کانی تایبه‌تی به‌رنامه‌ی سه‌رمایه‌ دانانی ساڵی ١٩٧٧ .

٤ ـ رێ‌وشوێن‌و راسپارده‌کانی تایبه‌تی به‌رنامه‌ی شته‌له‌ده‌وه‌ی هێنانی ساڵی ١٩٧٧ .

ماده‌ی دووهه‌م :ـ مه‌به‌ست له‌م زاراوانه‌ی خواره‌وه بۆ مه‌به‌سته‌کانی ئه‌م یاسایه ئه‌وه‌مانایه‌ن که له‌به‌رامبه‌ریاندا دانراون .

١ ـ نه‌خشه .. نه‌خشه‌ی په‌ره‌پێدانی نه‌ته‌وه‌یی ساله‌کانی ١٩٧٦ ـ ١٩٨٠ که به‌پێی ئه‌م یاسایه په‌سند کراوه .

٢ ـ نه‌خشه‌ی ساڵانه .. به‌شێکه له‌نه‌خشه که‌نه‌جومه‌نی نه‌خشه‌کێشان کیشانی پێشنیارده‌کا ساڵانه جێبه‌جێ بکرێ‌و نه‌جومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆرش په‌سندی‌ده‌کا ، به‌رنامه‌ی سه‌رمایه‌دانانی ساڵانه‌و به‌رنامه‌ی شته‌له‌ده‌ره‌وه‌هێنانی ساڵانه به‌به‌شێکی بنچیابوونه‌وه له به‌رنامه‌ی ساڵانه داده‌نرێن .

٣ ـ پرۆژه .. کۆمه‌ڵێك کاروچالاکی پێوه‌ندیدار به‌وکارانه‌وه‌یه که به‌ناوێکی تایبه‌تی‌و له‌ژێر ماده‌یه‌کی تایبه‌تی خۆیدا له نه‌خشه‌ی ساڵانه‌دا باسی کراوه .

٤ ـ کار .. به‌شێکه له‌و پرۆژه‌یه که له نه‌خشه‌ی ساڵانه‌دا باسی‌کراوه .

٥ ـ خه‌رجی تێکرایی .. ئه‌واوی ئه‌و پاره‌یه که ئه‌نجومه‌نی نه‌خشه‌کێشان بۆجێبه‌جێ کردنی پرۆژه‌که‌یان کاره‌که به‌ته‌واوی پشتی پێ ده‌به‌ستێ .

٦ ـ تخصیصاتی ساڵانه .. ئه‌و پاره‌یه که ئه‌نجومه‌نی نه‌خشه‌کێشان له‌به‌رنامه‌ی ساڵانه‌دا بۆخه‌رجی پرۆژه‌که‌یان کاره‌که‌یان به‌شێکی به‌کێك له‌وانه پشتی‌پێ ده‌به‌ستێ .

٧ ـ لایه‌نی جێبه‌جێ که‌ر .. ئه‌ولایه‌نه‌یه که ئه‌نجومه‌نی نه‌خشه‌کێشان جێبه‌جێ کردن‌یان چاوه‌دێری پرۆژه که‌یان کاره‌که‌ی پێده‌سپێری

٨ ـ لایه‌نی سوودوه‌رگر .. ئه‌و لایه‌نه‌یه که پرۆژه که‌یان کاره‌که بۆ به‌رژه‌وه‌ندی‌و خستنه‌کارو پاراستن یان سوودلێ وه‌رگرتن پێوه‌ندی پێ‌وه‌ هه‌یه .

فه‌سڵی دووهه‌م
مه‌به‌ه‌و ئه‌رکه سه‌ره‌کیه‌کانی ● راده‌ی هه‌ڵدان

ماده‌ی سێیه‌م .

١ ـ له‌که‌ل له‌به‌رچاوگرتنی ئه‌و مه‌به‌ئه سه‌ره‌کی‌یانه که له‌پێشه‌کی ئه‌م یاسایه داماتوون پێویسته راده‌ی هه‌ڵدان به‌گشتی‌و راده‌ی هه‌ڵدانی که‌رته نابووریه‌کان له‌مه‌ی خواره‌وه که‌متر نه‌بێ ..

- راده‌ی هه‌ڵدانی ساڵانه‌ی داهاتی نه‌ته‌وایه‌تی ٨ر١٦٪
- راده‌ی هه‌ندانی ساڵانه‌ی داهاتی تاوه‌که‌س ٣ر٣٪
- راده‌ی هه‌ڵدانی ساڵانه‌ی که‌رتی ئه‌وتوکانه‌کان ٥ر١٥٪
- راده‌ی هه‌ڵدانی ساڵانه‌ی پیشه‌سازیه ته‌حویلیه‌کان ٩ر٣٢٪
- راده‌ی هه‌ڵدانی ساڵانه‌ی که‌رتی کشتوکان ١ر٧٪
- راده‌ی هه‌ڵدانی ساڵانه‌ی که‌رته‌کانی دابه‌شکردن ٩ر١٦٪
- راده‌ی هه‌ڵدانی ساڵانه‌ی که‌رتی خزمه‌تگوزاریه‌کان ٤ر١٠٪

٢ ـ له‌سه‌ر هه‌موو وه‌زاره‌ته‌کان‌و ده‌زگاکانی به‌رپرس له‌که‌رته‌کانی به‌رهه‌م هێنان پێویسته که ئه‌وراده هه‌ڵدانه‌ی له‌به‌رکه‌ی (١)دا باس‌کراوه به‌دی بهێنن به‌چه‌شێنێك که ببێته هۆی ئۆرینی هه‌یکه‌ڵی نابووری نیشتمانی‌و که‌م کردنه‌وه‌ی پشت به‌ستنی به‌نه‌وت بۆ ئه‌وه‌ی له‌دوا ساڵی به‌رنامه‌دا به‌شداری نه‌وت له‌پێك هێنانی به‌رهه‌مه‌ی خۆڕاڵیدا به‌گشتی بگاته (٦ر٥٠٪)

٣ ـ پێویسته ئه‌وه‌ئاماده‌یه که بۆراده‌ی هه‌ڵدان له‌به‌رچاو گیراوه وه‌دی بهێنرێ‌و له‌به‌نه‌ره‌ته‌وه‌و له‌سامانه‌کانی به‌رنامه‌دا پاڵ به‌زیادکردنی به‌رهه‌مداری سه‌رمایه‌ی وه‌کار خراوه‌وه بدرێ‌و ئه‌مه‌ش پێویستی به‌وه هه‌یه که شێوه‌کانی به‌رهه‌مداری ئه‌شه‌یان پێ‌بدرێ‌و هه‌موو ئه‌و سه‌رمایانه‌ی وه‌کارده‌خرێن باشترین که‌ڵکیان لێ‌وه‌ربگیرێ .

● رێبازه‌کانی قووستر کردنی ئاو و کۆره‌ـ ئیشتراکیه‌کان

٤ ـ بێجگه ئه‌وانه‌ی پێشه‌وه ئامانجی نه‌خشه‌ قووتر کردنی ئاو و کۆره ئیشتیراکیه‌کانه له‌م چه‌ند ریازه سه‌ره‌کیه‌دا ..

ا ـ زیادکردنی به‌شه‌ی که‌رتی ئیشتیراکی له‌هه‌موو چالاکی‌و مه‌یدانه ئه‌ساسیه‌کانی نابووریدا به‌جۆرێك که‌ده‌وری پێشره‌وو رێنوێن وه‌ربگرێ‌و وه‌دی هێنانی گوریتکی ئه‌وعی له‌چه‌شن‌و شێوازه‌کانی کاردا به‌جۆرێك که‌ڕێگا بۆ په‌ره‌سه‌ندنی پێوه‌ندیه‌کانی به‌رهه‌م هێنانی ئیشتیراکی خۆش‌بکا .

ب ـ به‌رده‌وام بوون له‌سه‌ر دروست کردنی چه‌ند هه‌یکه‌ڵێکی گۆڵه‌که‌و بنچینه‌یی بۆ نابووری نیشتمانی وه‌ك ئه‌ویه‌کی به‌ئه‌ره‌تی به‌جێ کردنه‌وه (استیعاب)ی ئه‌و ئه‌و پێداویستیه نابووری‌و کۆمه‌لایه‌تی‌و سیاسی‌یانه که ئه‌شه‌کردنی باشه‌ڕۆژ پێویستی پێیان ده‌بێ .

ج ـ په‌ره‌پێدانی خزمه‌تی کۆمه‌لایه‌نیه‌کان به‌شێوه‌و رێبازێك که‌له‌که‌ڵ زیادبوونی داهاتی نه‌ته‌وایه‌تی‌و پێشکه‌وتنی بزووتنه‌وه‌ی بنیاتنانی ئیشتیراکی هاوکێش بێته‌وه ، ئه‌مه‌ش پێویستی به‌وه هه‌یه که‌نه‌خشه راده‌ی هه‌ڵدانی خزمه‌ته کۆمه‌لایه‌نیه‌کان له ساڵدا بگه‌یه‌نێته ٥ر٨٪ ئه‌مه‌ش به‌چه‌شێنێکی به‌ئه‌ره‌ی قۆرکردنی خۆرایی‌و خزمه‌تگوزاری ته‌ندروستی پێشکێری له‌ئه‌خۆشی ده‌کرێته‌وه بێجگه له‌مه‌یدانه‌کانی سه‌رمایه‌دانانی رێ‌نوێنی کراو بۆ چاوه‌دێری کردنی مرۆڤ به‌چه‌شێنێکی تایبه‌تی واته به‌ره‌پێدانی به‌شه‌ری له‌چوارچێوه‌ی فێرکردن به‌هه‌موو قۆناخه کانیه‌وه‌و مه‌شق پێکردن له‌هه‌موو شێوه‌کانیدا وه‌ك مه‌شق ئاینکردنی پیشه‌یی‌و هونه‌ری‌و ئاماده کردنی کادری شاره‌زاولێزان ، شتێکی که‌ش که پێوه‌ندی به‌و ئه‌رکانه‌وه هه‌یه کارکردنه بۆ درێژه‌پێدانی په‌روه‌رده‌کردنی جه‌ماوه‌ر به‌شێوه‌یه‌کی ئیشتیراکی‌و قوولتر کردنی مه‌فهوومه‌کانی نه‌ته‌وه‌یی ئیشتیراکی به‌جۆرێك که‌ببێته هۆی زیادبوونی توانای هاونیشتمانیه‌کان له‌سه‌ر به‌رهه‌م هێنان‌و کۆرین به‌گوێره‌ی پێداویستیه‌کانی دروست کردنی کۆمه‌ڵی ئیشتیراکی .

د ـ پایه‌خدانێکی تایبه‌تی به‌و پرۆژ خزمه‌تگوزاری‌یانه که تایبه‌تی بارنزگاکان‌و ناوچه لادێیه‌کانن که به‌شێك له‌وان پرۆژه‌ی نیشته‌جێ‌کردنی لادێ (پرۆژه‌کانی ناوی خواردنه‌وه) پرۆژه‌کانی کاره‌بابردن بۆ لادێن به‌جۆرێك که له ماوه‌ی ساله‌کانی نه‌خشه‌دا پێشکه‌وتنێکی راسته‌قینه بۆ پله‌ی ژیانی دانیشتوانی لادێ دابین بکرێ‌و خزمه‌ته پێویسته‌کانیان بۆ پێك بهێنرێن به چه‌شێنێك که به‌ره‌به‌ره جیاوازی پێداویستیه کانی ژیانێکی به‌ته‌ندروستی له‌نێوان شاره‌ولادێ‌دا هه‌نبگیرێ .

● هێڵه پانه‌کانی هێندێ سیاسه‌تی ئابوری

٥ ـ وه‌دی‌هێنانی ئامانجه بنه‌ره‌تیه‌کانی نه‌خشه پێویستی به‌دانانی هێندێ سیاسه‌تی‌ئابووری ئه‌وتۆ هه‌یه که جێبه‌جێ کردن به‌شێوه‌یه‌کی رێك‌وپێك‌و هاوکێش له‌هه‌موو که‌رته بنه‌ره‌تیه‌کاندا ده‌سته به‌ربکه‌ن ، هه‌ربۆیه‌ش نه‌خشه هێڵه‌پانه‌کانی هێندێ سیاسه‌تی ئابووری تێدایه به‌وجۆره که له‌خواره‌وه روون کراوه‌ته‌وه .

ا ـ هه‌وڵدان بۆ گه‌شه‌پێدانی پاشه‌که‌وته نیشتمانیه‌کان‌و دانانی سیاسه‌تێکی پێویست بۆهاندانی پاشه که‌وت کردن له‌باره‌ی گه‌شه پێدان‌و رێك‌وپێك کردنی دامه‌زراوه‌ـ کانیه‌وه .. هه‌روه‌ها هه‌وڵدان بۆ رێك‌و پێك‌کردن‌و رێ‌نوێنی به‌کار هێنان (الاستهلاك) به‌چه‌شێنێك که پێداویستیه‌کانی جه‌ماوه‌ر بۆ شتومه‌کی به کارهێنان به‌جۆرێکی هاوکێش دابین بکا ، و کارکردن بۆ که‌م کردنه‌وه‌ی دیارده‌کانی زیاده‌ڕۆیی‌و به‌ربه‌ره‌کانی له‌وشێوه به‌کارهێنانه که داهات به‌فیڕۆده‌دا چ له‌مه‌یدانی به‌کار هێنانی گشتی‌و چ له‌به‌کار هێنانی تایبه‌تیدا .

ب ـ رانه‌یاندنی پێشه‌کی سیاسه‌تی نرخ‌دانان به‌تایبه‌تی بۆ به‌رهه‌مه کشتوکالیه‌کان به‌ئه‌ره‌ته‌کان له‌پێش وه‌رزی کشتوکالیدا بۆده‌سته‌به‌رکردنی داهه‌زراوی له پێوه‌ندی‌و شێوه کانی به‌رهه‌می کشتوکالداو بۆ ده‌سته‌به‌رکردنی رانه‌یه‌کی باڵاره‌ی داهات بۆجووتیاره‌کان‌و به‌چه‌شێنێك که داهاتی کاری کشتوکانی دلخۆشکه‌ر‌و هاندەرێ بۆ زیادکردنی به‌رهه‌م‌و بۆ ئه‌شه‌پێدانی داهاتی ره‌وانه‌ی له‌لادێ ئیش ده‌که‌ن به‌پێی رێبازه‌کانی بنیاتنانی ئیشتیراکی‌و به‌چه‌شێنێك که ره‌وه‌ندێکی به‌رچاوی ره‌ندی‌و چۆنی له‌به‌رووی به‌رهه‌م دابین بکات .

ج ـ وه‌دی هێنانی به‌پێوه‌ندی له‌نێوان نه‌و شوێنه واره نابوورییانه‌دا که له حه‌رج‌و داهاتی میزانیه‌ی گشتی ده‌وله‌ت به‌یداده‌بێ‌و له نێوان ئامانجه‌کانی به‌رنامه‌ی به‌ره‌پێدانی نه‌ته‌وه‌یی‌دا به‌جۆرێك که نه‌و حه‌رج‌و داهاته له‌که‌ڵ پێداویستیه‌کانی گۆرینی ئیشتیراکی له‌هه‌یکه‌ڵی نابوورێ‌و کۆمه‌ڵدا رێك بکه‌وێ نه‌مه‌ش له رێگای دانانی سیاسه‌تێکی به‌جێی نرخ دانانه‌وه ده‌کرێ که دامه‌زراوی له نرخی ئه‌و که‌ل‌وپه‌له ئه‌ساسی‌یانه‌دا دابین بکا که به‌شی هه‌ره‌زۆری دانیشتوان به‌کاریان دێنن‌و هه‌رله‌وکاته‌شدا پێش به‌رێبازانه بگرێ که ده‌بنه هۆی ناوسان .

● پێویستی په‌ره‌پێدانی رێ‌وشوێنی به‌شداری دیموکراتیانه له‌کاردا

٦ ـ بۆ ئه‌وه‌ی نه‌خشه جوان جێبه‌جێ بکرێ‌و موتابه‌عه‌ی بکرێ ده‌بێ به‌ره‌وپێشچوونی نابووری به‌ئاراسته‌ی به‌ره‌ی به‌رنامه‌ی به‌ره‌پێدانی نیشتمانی که‌له‌ نه‌خشه‌دا هاتووه ئه‌شه‌ی رێ‌بدرێ‌و رێ‌وشوێنی به‌شداری دیموکراتی‌یانه له کاردا به‌وه‌ی پێ بدرێ به‌ره‌وئه‌شه پێدانی ئه‌رکو فه‌رمانه‌کانی ده‌زگاکانی‌ده‌وڵه‌ت‌و چاوه‌دێری‌و ئاراسته‌کردنی به‌جێ هێنان‌و (الاداء) ئه‌شه‌پێدانی سیستمه‌و شێوه‌کانی به‌جێ هێنان‌و موتابه‌عه‌و دانانی نیزامێك بۆ هاندەره نیجابیه‌کان‌و به‌گێکی‌تر بۆ دیارده‌سه‌لبیه‌کان به‌پێی رێ‌وشوێنێکی دیاری‌کراو .

● ئاماده‌کردنی توانا و وزه‌کان بۆ وه‌دی‌هێنانی ئامانجه نابووری‌و کۆمه‌لایه‌تیه کانی نه‌خشه

ماده‌ی چواره‌م .. بانگ کردنی رنکخراوه‌کانی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی ئیشتیراکی‌و ده‌زگاکانی به‌ره‌ی نیشتمانی‌و نه‌ته‌وایه‌تی بێشکه‌وتنخوازو رنکخراوه وه‌کیه‌تیه پشه‌یی‌و جه‌ماوه‌ریه‌کان بۆ به‌شداری له دانانی نه‌و شێوه‌و رێ‌و شوێنانه‌دا که زامن بۆ به‌ره‌پێدانی ده‌وری نه‌وان له‌به‌شداری به‌رده‌وامدا بۆ جێبه‌جێ‌کردنی نه‌خشه به نه‌هه‌وو ئاسۆزه‌مانیه‌کانیه‌وه هه‌روه‌ها کارکردن بۆ ده‌ست نیشانکردنی ئه‌وه‌ڵادان‌و چه‌پره‌وی‌یانه‌ی تێیدا روودەدەن به‌شه‌وه‌یه‌کی مه‌وزووعی‌و دۆزینه‌وه‌ی ئه‌و سه‌رچاوانه‌ی بیکارماونه‌وه له نه‌خشه کیشانی به‌ره‌پێدانداد.

ئه‌مه‌ش پێویستی به‌مانه‌ی خواره‌وه هه‌یه ..

١ ـ ئاماده‌کردنی هه‌موو وزه‌و تواناکان‌و به‌کارهێنانی هه‌وڵ‌و تێکۆشان‌و خستنه‌کاری شێوه‌ی ئاناسایی‌و ئوسلووبی گه‌شه کردوو ئه‌و ده‌ست پێشخه‌ریه فه‌ردی‌و هه‌ره‌وه زی‌یانه که له‌سه‌ر بنچینه‌یه‌کی زانستی‌و مه‌وزووعی دانراون بۆ وه‌دی هێنانی ئامانجه نابووری‌و کۆمه‌لایه‌تیه‌کانی نه‌خشه .

٢ ـ زیادکردنی کاریگه‌ریه‌تی ده‌زگاکانی راگه‌یاندن‌و به‌کار هێنانی رۆژنامه‌گه‌ری نیشتمانی بۆهاندانی جه‌ماوه‌ر بۆ به‌شداری به‌رده‌وام‌و کاریگه‌ر له‌کرده‌وه‌ی په‌ره‌پێداندا‌و دۆزینه‌وه‌ی نه‌وکه‌م‌و کوڕتی‌یانه که ده‌بنه کۆسپی جێبه‌جێ کردنی ئامانجه‌کانی نه‌خشه‌به ئاماده‌کردنی ده‌ره‌تانی وتووێژی مه‌وزووعی بۆ راست کردنه‌وه‌ی هه‌له‌وچه‌وتیه‌کان‌و لادان له‌رێبازی به‌رنامه‌و بۆ ئه‌شه‌پێدانی شێوه‌کانی جێبه‌جێ کردنی .

٣ ـ له‌سه‌ر وه‌زاره‌ت‌و دامه‌زراوه پێوه‌ندی داره‌کانی که‌رتی ئیشتیراکی پێویسته پێداویستیه‌کانی به‌شداری جه‌ماوه‌ر وه‌ك له پرگه‌ی (١)و (٢)ی ئه‌م ماده‌یه داهاتوه له‌به‌رچاو بگرن‌و هه‌نگاوی پێویست باوێژن بۆ وه‌دی هێنانی مه‌به‌ست له‌وبه‌شداریه به‌چه‌شێنێك که کارێك‌کردنی زیاتری ده‌زگا رەسمی‌و گه‌له‌کان ده‌سته‌به‌ربکا به‌گوێره‌ی ئه‌و بنچینه‌و رێبازانه که له دووبه‌یاننامه‌که‌ی ئه‌نجومه‌نی سه‌رکردایه‌تی شۆرش‌و سه‌رکردایه‌تی هه‌رێمایه‌ی حزبی به‌عسی عه‌ره‌بی ئیشتیراکیدا که‌له‌ئه‌یلولی ١٩٧٦دا ده‌رچوون ، باسیان‌کراوه .

● که‌رتی تایبه‌تی‌و ده‌وری له‌چوارچێوه‌ی ئامانجه‌کانی نه‌خشه‌دا

ماده‌ی پێنجه‌م ..

١ ـ ئه‌وشه‌خسه ئاسایی‌و مه‌عنه‌وی‌یانه‌ی له‌که‌رتی تایبه‌تیدا ئیش ده‌که‌ن ده‌بێ به‌پێی ئه‌وپریارو سیاسه‌تانه ره‌فتاربکه‌ن که ئه‌نجومه‌نی نه‌خشه‌کێشان دایان ده‌نێ‌و پێوه‌ندیان به‌و کاروچالاکی‌یانه‌ی که‌رتی تایبه‌تیه‌وه هه‌یه که له نه‌خشه‌دا دیاری‌کراون.

٢ ـ له‌سه‌ر وه‌زاره‌ته‌کان پێویسته هه‌نگاوی ئه‌وتۆ بهاوێژن که جێبه‌جێ‌کردنی بریاره‌کانی ئه‌نجومه‌نی نه‌خشه‌کێشان که له‌پرگه‌ی (١)ی ئه‌م ماده‌یه‌دا باسیان کراوه ده‌سته‌به‌ر بکات به جۆرێك که‌زامنی ئه‌وه‌بێ که‌که‌رتی تایبه‌تی ده‌وروچالاکی‌خۆی له‌چوارچێوه‌ی ئامانجه‌کانی نه‌خشه‌دا بنوێنێ.

ماده‌ی شه‌شه‌م .. له‌سه‌ر وه‌زاره‌ت‌و دامه‌زراوه‌کانی که‌رتی ئیشتیراکی پێویسته هه‌رکامه ئه‌وه‌نده‌ی پێوه‌ندی به‌خۆیه‌وه هه‌یه هه‌نگاوی پێویست بهاوێژن بۆ چاوخشاندنه‌وه به‌و یاساو ته‌شریعاته نابووری‌و کۆمه‌لایه‌تی‌و ئیداری‌و دارایی‌یانه‌دا که کۆسپ ده‌خه‌نه سه‌رێگای وه‌دی‌هێنانی ئامانجه‌کانی نه‌خشه وده‌بێ له‌جێگای ئه‌وانه جه‌ند صیغه‌یه‌کی ئه‌وتۆ پێشنیاربکه‌ن که له‌گه‌ڵ پێداویستیه‌کانی جێبه‌جێ‌کردنی نه‌خشه‌و پێویستیه‌کانی ئاڵ‌وگۆری شۆرشگێرانه‌و ئیشتیراکی ئیستاوگه‌شه‌کردنی داوروژیدا رێك‌بکه‌ون .

● نه‌خشه‌ی ساڵانه‌ی وه‌زاره‌ته‌کان‌و ده‌زگاکانی ده‌وله‌ت

ماده‌ی حه‌وته‌م ..

١ ـ هه‌موو وه‌زاره‌ت‌و ده‌زگاکانی ده‌وله‌ت هه‌رکامه به‌گوێره‌ی ئیشی خۆیان نه‌خشه‌ی ساڵانه‌ی دوورودرێژ بۆ به‌جێ‌هێنانی نه‌و ئه‌رکانه که له‌نه‌خشه‌ی به‌ره‌پێدانی نه‌ته‌وه‌یی ٧٦ـ١٩٨٠دا له‌به‌ر چاوگیراون ئاماده‌ده‌که‌ن به‌جه‌شێنێك که‌نه‌خشه‌ی ساڵانه به‌گوێره‌ی سروشتی چالاکیه‌کان‌و ته‌فاصیلی پێویستی ده‌رباره‌ی نه‌خشه‌کانی به‌رهه‌م‌هێنان‌و هێزه ئیشکه‌ره‌کان‌و ناردنه‌بازارو به‌رنامه‌ی سه‌رمایه‌دانان‌و به‌رنامه‌کانی شته‌له‌ده‌ره‌وه‌هێنان‌و شته‌له‌ده‌ره‌وه‌ناردن تێدا بێ‌و وه‌ك نه‌خشه‌یه‌کی ته‌واوو رێك‌وپێك‌بدرێ به‌وه‌زاره‌ته‌ نه‌خشه‌کێشان بۆ لێکۆڵینه‌وه‌و ئاماده‌کردنی بۆ ئه‌وه‌ی بخرێته به‌رچاوی ئه‌نجومه‌نی نه‌خشه‌کێشان .

٢ ـ نه‌خشه‌ی ساڵانه‌ کاتێك به‌پێی په‌سندکردنه پێوه‌ستکان هێزی یاسای‌وه‌رگرت ده‌بێته ئیلزامی .

٣ ـ کاتی پێشکه‌ش‌کردنی نه‌خشه‌کانی ساڵانه‌و رێ‌وشوێنی ئاماده‌کردنیان به‌گوێره‌ی ته‌علیماتێك دیاری‌ده‌کرێ .

فه‌سڵی سێیه‌م

● فه‌رمانه‌ گشتیه‌کان‌و ده‌سه‌ڵاته‌کانی ئه‌نجومه‌نی نه‌خشه‌ کێشان

ماده‌ی هه‌شته‌م ..

١ ـ ئه‌نجومه‌نی نه‌خشه‌کێشان داهات‌و تخصیصاتی نه‌خشه‌ی ساڵانه به‌پێی فه‌رمانه‌کانی ئه‌م یاسایه دیاری‌ده‌کا .

٢ ـ خه‌رج‌کردن بۆ ئه‌و پرۆژه‌و کارانه‌ی له‌نه‌خشه‌ی ساڵانه‌دا ده‌گونجێنرێن به‌پێی بریاره‌کانی ئه‌نجومه‌نی نه‌خشه‌کێشان‌و له‌و تخصیصاته ده‌بێ که‌بۆیان داده‌نرێ .

بروانه ل : ١١

Institut Kurde de Paris

ژۆرجار منداڵ چ کوڕ بێت چ کچ تووشی دەردی شەرمەزاری ئەبێتو شەرم ئەکات خۆی بشانی خەڵك بدات وتێکەڵاویان لەئەنداو بکاتو ، دایك و باوکی منداڵەکەش بەرئشان ئەبنو ئەکەونەوە دوودڵیەوە کە ئایا منداڵەکەیان بۆچی شەرمەزارە ؟

لێرەدا ئەڵێین کەشەرمەزاری منداڵەکە لەوانەیە لەبەر چەندشتێکی نا سروشتیانە بێت کە لەلەشی منداڵەکە خۆی هەیەوکو حیلی چاوی یاخود خواری قاچەکانی تاقە رنگەش بۆچارەسەرکردنی ئەم کەموکوڕیە ئەهێشتنی کەموکوڕیەکەخۆیەتی . لەوانەشە هۆی ئەمە بەچۆنیەتی ژیانی ئەو منداڵەوەبەستراوبێت کە لەگەڵ دایك و باوکیا ئەژی ، وەك بڵێین دایك و باوکی منداڵەکە حەز لە تێکەڵاوی خەڵك ناکەنو زۆرکەمدەر ئەکەون ..

ئەمەش لەوانەیە چارەسەر ـ بکرێت بەڵام چارەسەرکردنەکە ئەمەیان لەلایەن دایك و باوکەوەدەست پێدەکات ئەویش بە دەرچوونیان لەو ئۆشەڤیریەی کە تێدا ئەژینو تێکەڵاوی کردن لەگەڵ خەڵك و چوونە ئەوجێگایانەی کە جاروبار خەڵك بۆی ئەچێنو منداڵەکەشیان لەگەڵ خۆیان ببەن لێرەدا بەرەبەرە منداڵەکە بەسەرشەرمەزاریەکەی زاڵ ئەبێتو ، حەز لەتێکەڵاوی و یاریکردن و گفتوگۆکردن ئەبێت لەگەڵ منداڵەکانی تر ..

رجاء خضير

باڵەوانی بەرهەم هێنان

لە باکوری خۆشەویستماندا کە ئەڵێن کارگەی تیدایە ، رۆژەی ئافرەتی ئیشکەر لەبیرەودایە ، بە بەیدابوونی هەستو هووشیاری ، بەشێك لە ئافرەتانی ئیشکەر بەرهەمی زیاتریان خستەروو ، ئەمەش بانی بەکاربەدەستانو سەرەك ئیشەکانەوە تا ئەمە بنرخێنو نازناوی « داهێنەر » یاخود « باڵەوانی بەرهەمهێنان » بەو جۆرە ئافرەتە ئیشکەرە ببەخشن ...

لیمرۆ جاومان بە ئافرەتێکی ئیشکەرئەکەوێ ، کە خەڵاتی یەکی ئایاری پێبەخشراوە . ئەویش (ناظمە حمزە عزیز) لە کارگەی « تریکۆ » ئیشدەکا ...

● باشە خوشکە ، چۆن توانیت نازناوی « داهێنەر » دەستگیربخەیت ؟

ـ لەبەر ئەوەی لەسەر خاکی ئەم نیشتمانە ئەژیم ، خۆم وانەبینم کە لەسەرمە خزمەتێکی پیرۆز بنوێنم ، تاوەکو بەشداری بەرزکردنەوەی رادەی پێشکەوتنی نیشتمانەکەمبکەم ، بۆیە بەهەموو چالاکیو دڵسۆزیەکەوە هەوڵمداو کارمکرد ، ئەمەش پاڵی بەکاربەدەستانەوەنا بۆ خەڵاتی یەکی ئایارم هەڵبژێرن ..

● دوا لەندازە چەندە کە لە کارەکەتدا کەیشتوی ؟

ـ تواینومە بەتەنیا لە رۆژێکدا « ٢٠ » دەستە کەوڵە خوری بچنم ، ئەو رۆژەیەش زۆرزیاترە لەو رادەیەی کە پێویستە .

● ئەوشتانە چین کە هانی کرێکارئەدەن زیاتر بەرهەمەوە بەربهێنێ ؟

ـ بە باوەڕی من کرێکار پێویستی بە هاندانێیە بۆ ئەوەی کاربکاو بەرهەم زیاتر بێشکەش بکا ، لە کاتێکدا کە ئەو بیر لە حزمەتی ولاتەکەی ئەکاتەوە ... لەگەڵ ئەوەشدا بەخششی ماددیو مووچەزیادکردن هانی کرێکاریداوە ، بەرهەمەکەی زیادبکات .

● لەئەنجاما ئەمانەوێ خواستی دوا رۆژت بزانین ؟

ـ ئەمەوێ بارمان لەوە باشتربێت کە ئێستا تێیداین و ولاتەکەم لەریزی ولاتە پێشکەوتوەکانی جیهاندابینم . ماڵئاوایمان لێکردو هیوای بەرەسەندنو پێشکەوتنمان لە بواری کارەکەیدا بۆخواست .

حەبی خەواندن ئەبێتە هۆی شەونخونی

راستیەکی سەیر دەربارەی حەبی خەواندن خراوەتەروو ، ئەم راستیە ئەوە ئەسەلمێنی کەئەم جۆرە حەبانە چارەسەری شەونخوونی ناکەن بەڵکو بەپێچەوانەوە ئەبێتە مایەی شەونخوونی مرۆڤ .. لە بەرئەوە بارە زورەی ئەمەریکاییەکان لە کرینی ئەم جۆرە حەبانە خەرجیئەکەن دەگاتە ١٠٠٠ ملیۆن دۆلار لەساڵێکداوە هەمووشی بە فیرو ئەچێت .

ژمارەی ئەو ئەمەریکاییانەی کە تووشی شەونخوونی هاتوون ئەگاتە ٢٥ ملیۆن کەس لەلایەکی ترەوە پزیشکەکانی کارگەکانی لێکۆڵینەوەی زانکۆی ئەستانفۆرد دەریانخستووە کە نزیکەی لە ٤٠٪ ئەوانەخۆشانەی کە تووشی شەونخوونی بون چێژلەنووستن وەرناگرن لەبەر پشت بەستنەوەیان بە حەبی خەواندن . لەدواییدا دەرکەوت کە لەباشی ئەوەی وازیان لەخواردنی حەب هێنا لە ٢٠٪ نوستێکی ئاسایی ئەتوون ، شەونخوونیش کەڵێ جۆری هەیەو هۆیەکانیشی گەڵێجۆرەو بە پێی ئامۆژگاریەکانی یەکێ لە پزیشکەکانی زانکۆی کالیفۆرنیا نوستێکی خۆشی شەونگیان دووشەو ئابێتە هۆی شەونخوونی بەردەوامی مرۆڤ بەڵکو هۆی سەرەکی ئەم شەونخوونیە بەستراوە بە دوودڵی مرۆڤەوە لەکاتی نوستنیدا .

دەربارەی هۆیەکانی شەونخوونی ئەوە لێرەدا جۆرە شەونخوونیەك هەیە کەئەبەستراوە بە هۆیەکی دیارکراوەوە بەڵکو فێربوونی مرۆڤو راهاتنی لەسەر ئەخەوتن هەرچەندە کە پێویستی بە کاتێکی دیارکراو هەیە بۆ نووستن .. ئەمەژۆرجار ئەبێتە مایەی ئەم شەونخوونیە .

چارەسەرکردنی ئەم ئەخۆشیەش هەمیشە لەرێگای دڵنەوازی ئەخۆشەکەوە ئەبێتو ئەویش بە دڵدانەوەی کە نوستنەکەی شێتکی سروشتی ناسایە هەروەکو هەموو مرۆڤێکی تر ئەم جۆرە شەونخوونیەش پێی ئەوترێ زرەخەوە ئەم جۆرەیشی لەئەنجامی ئەوەوە دێت کە

بروانە ل : ١١

ماڵداری

● ئەگەر ویستت لەکاتی ماسی سووورکردنەوەدا خۆت لەبێن ماسی بدزیتەوە ، چەند دڵۆپێك سرکە بکەرە سەر رۆنی ناو قابی ماسی سووورکردنەوەکە .

● تاوەکو ئەو کاغەزەی ، لەو ئۆشتەیەوە ئەبێجی کە ئەتەوێ بیخەیتە فرێزەرەوە بێیەوەنەلکێ ، کاغەزەکە بەدەرەبەر ناوی ساردی بەلوعە ، ئینجا ئۆشتەکە بیبێجەرەوە .

● ئەگەر ویستت لەلەی میوە لەراخەرتك بکەیتەوە ، یەکەمجار بەلەکە بەسرکە لەباشا بەناوو سابڕن بیشۆ .

لاوان وقوتابیان

دەرمان کردنی دەردی بەدەرد

ئیمرۆکە بلاوبوونەوەی سەرخۆشی لەریزی لاواندا نموونەیەکی نوێی خراپ بەنار ـ هێنانی مەی خواردنەوە یەك ـ ئەهێنێت ، وە ئەمە لە ناوزوریەی دەولەتە ئەوروپاییە رۆژ ئاوایی یەکاندا بلاوبۆتەوە ، وەك فەرەنساو سویسرەو ئەمەریکا ، لەم وولاتانە ، لەنێوان هەر چوارکەسی مەی خۆردا یەکێکیان ئافرەتە ، لەرابوردوودا ئەم رۆژەیە یەك بەشەش وو » ، ئەوەلێکۆڵینەوانەی لەسێ ناوچەی فەرەنسادا کران (ناوچەی باریسو مەرسیلیاو بوش دورون) دەری خست کەسەدی دەی لاوی ئەو ناوچانە کە قوتابی ئامادەبین ئەتوانرێ وا لە قەنەم بدرێن کە « بەر مەترسی ی هەمیشەخواردنەوە ئەکەون » .

لێکۆڵەرەوە فەرەنسیەکان هەوڵ ئەدەن بزانن کام مەی وەیا کام توتنی بیسکوتروب ماددەی هێمن کردنەوەو چالاکی بەیداکردنەو کار ئەکاتە سەر چالاکی ئەقڵ ، وانە ئەو ماددانەی ئەتوانرێ بۆزەحمەتکێشان بەبێجەوانەی بەئەکەوە ، لەلایەن قوتابی یەنامادەیی کانەوە بەیدا بکرێن .

لێکۆڵینەوەکان بەئاشکرا دەریانخست ، کە قوتابی یەنامادەیی یەکان مەی وەکوو بەنگ بەنارەهێنن ، وانە هەوڵ ئەدەن خۆیان سەرخۆش بکەن ، وە مەی بەشێوەیەکی تێکرایی ئەخۆنەوە ، هەر وەك چۆن بەنگ بەکار ئەهێنن . دوو جۆرە مەی خۆر لەناو قوتابی یەنامادەیی یەکاندا هەن :

١ ـ ئەو لاوەکراوە شۆڕشگێڕەیە کە رەفزی کۆمەڵی هاوچەرخ ئەکات .

٢ ـ ئەو لاوە گۆشەگیرەیە کە کەس و کاری لێی ترناکاو ، خۆی لەکۆمەڵ دوور ئەخاتەوە ، بگرە بەهۆی ئەو بەستێو بۆ ماوەیەکی بێشی بەسەرا ئەشاوە خۆی لەریانیش دوور ئەناوە .

★★

کە قوتابیان چینێکی شۆڕشگێڕو کەرتێکی زیندەو فراوانی کەرتەکەکانی کۆمەڵ بن و لە هەموو شۆڕش و بزووتنەوەیەکی جەماوەری میللی لە پێزی پێشەوەبن و ئەودەستە رۆشنبیرەو هۆشیارەی کەڵ بن ، کەواتە ئەوانیش مافی خۆیان هەیە بەدوای زوبانی حالی خۆیاندا بگەڕێن و هیواو ئامانجەکانیان وەڕوو بخەن و پیشانی جەماوەری خەڵقی بدەن ، بێگومان رۆژنامەگەری پیرۆز ترین رێگایەکە کە ئەو ئاواتو وویستانەو بەرژەوەندی یەکانیان مسۆگەر بکات . بۆیە قوتابیان لەسەردەمی پاشایەتی ئۆپەئۆڕو حوکمی دیکتاتوری قاسمی و هەردوو عارفی درنقیان نە کردووەو بە هەر کلۆجو شێوەیەك بووبێ ، هەرچۆنێ فرسەتیان بۆ هەلکەوتبێ ئۆفارو بەخشنامەیان بلاو کردۆتەوە .

رۆژنامەگەری قوتابیان

جمال الدين محمد امين

مامۆستا عزالدين رسول لە « حول الصحافة الكردية » دا دەڵێ ـ دوای شۆڕشی (١٤)ی تموز ـ مێژووی رۆژنامەگەری ناشکرای کوردی جۆرێکی نوێی لە ئۆفارو رۆژنامە بە خۆوەدیت ئەوانەش رۆژنامە گەری رێکخراوەکان بوو ، لە هەمودان دیارترو باڵاتر رۆژنامە گەری قوتابیان .

هەر چەند شۆڕشی ١٤ی تموز وەرچەخانێك بوونەك هەر لە مەیدانی گەشەو بەرەسەندنی رۆژنامەگەری رێکخراوەکانی قوتابیان بەڵکو ئاماوەیەکی کەم دەروازەی رۆژنامەگەری والا کرابۆوەو سەربەستیەکی رۆژنامەگەری لە جۆرێکی نوێدا هەبوو ، کەچی ئەوەش هەندەی نەبرد ، کە ووشەی ئازاو بیری سەربەستو دەنگی زوڵالی رزگاری لە کۆتو زنجیری رابردوو قەفەکراو دەرگای رۆژنامەگەری داخراو بەڵام ئەم کردارە هیچی لە خەباتی بێ ووچانی قوتابیان کەم نەکردەوە بەڵکو بووە هەوێنی ئەوەی کەزیاتر سووربن لەسەر دەرکردنی رۆژنامەو ئۆفاری تایبەتی بە خۆیان ، تا ئەوکاتەی رۆشنایی شۆڕشی (١٧)ی گەلاوێژ لە ناسۆی عیراقدا وەدەرکەوت ، کە ئیترکاتی ئەوە نەما کە قوتابیان خاوەنی رۆژنامەگەری تایبەتی خۆیان ئەبن ، راستەو خۆدوای سەرکەوتنی ئیرادەی جەماوەرو شۆڕش بەکرێتی نیشتمانی قوتابیانی عیراق ئۆفاری « صوت الطلبة » ی دەرکرد کە ئانیستاش ئەم ئۆفارە هەر دەردەچێو تەمەنی واخۆی لەنۆسال دەدا ، رۆژنامەگەری ئیستای قوتابیان لە سایەی شۆڕشی گەلاوێژو نۆژەنی کوردستانی عیراق بە شێکی گرنگی رۆژنامەی جەماوەرو شۆڕشە بەشێوە یەکی گشتی .

یاری و یاساکانی لەتۆپی باسکەدا ..

دەرسە تیورێکانو کاروبارە زانستیکان وەك جمەك وانە یا هەر هیچ نەبێت وەك دوو نیوەوان کە پێکەوە شتێك تەواوەکەن سۆزوبیر کردنەوە دوو باسن وەك نا ـ ـ ـ رو بەزنزیوانو ناتوانن لەیەکتری نزیك بینەوە .. جێگەی یەکەم دڵە ، سەرچاوەی دووهەمیش مێشکە ، ئەوەی ئەم دەیڵێت ئەو پێی قایل نابێتو ئەوەی ئەو دەیڵێت ئەم پێی قایل نابێت .. لەبەر روناکی ئەم پێشەکی یەدا ، ئەتوانین بڵێین کە جۆرە وشکی یەکو ناقایلی یەك لە نیوان بریاری حەکەمەکان لەهەمو جۆری یاری یەکداو ئەوانەی ئەو یاریە دەکەنو بەتایبەتی جەماوەری تەماشاکەراندا هەیە .. لەم بارەیەوە وتراوە کە ئەم دوولایەنە یەکتریان تەلاق داوە ئەگەرچی وەك هەناسەدانو هەناسە هەڵکێشانی گیانی وەرزشوانە .. وە بۆ ئەوەی ئەم دورە بەرزی و زویریە نەمێنێ ئیبن زەیدون وانەنی : دوور بونەوە جێگای نزیك بونەوەی گرتوین .. پێویستە یاساکانی یاری کردن رون کەینەوە ، بۆئەوەی بێتە بردیك لەنیوان حەکەمی لایەنەکەی دیکەدا ، کە ئەوساکە ئەتوانێت لایەنی شاور لە ملەکان بگرێت یا خەتاباریان بکات .

وەبۆ چونە ناو یاسای هەریاریەکەوە دەبی بیزانین و بەلای کەمەوە تاریفی کەین ..

بۆ نمونە تۆپی سەبەتە یاریەکە لەنیوان دووتیمدا دەکرێت کە لایەنی هەرتیمە لە پێنج یاریکەری سەرەکیو حەوتی یەدەك پێکدێت .. مەبەستی هەر یاریکەریەك ئەوەیە تۆپەکە بگرێتەوەو گول لە تیمەکەی تر بکات ئەویش بەهۆی ئەوەوە کە راستەوخۆ فریدانە سەبەتەی تیمەکەی ترەوە یا وەکو بە پاس بیدات بە یاریکەریکی هاورێی ، ئەویش بە هەوادا بۆی فرێدات یا بەسەر زەویدا بۆی بخشێنو تاوێری کاتەوە ئەویش لەسنوری ئەو یاسایانەدا کە بۆ ئەویاریە دانراوە ..

یاریگای تۆپی سەبەتە برتیی یە لە مەیدانێکی لاکێشی کە هیچ کێسپو تەگەرەیەکی تیدانی یە ، درێژکەی ٢٦ مەترەو پانیکەی ١٤ مەترەیە ، ئەش توانرێت لەباری درێژی دوومەترە لەو ئەندازەیە زیادکرێتو لەباری پانیش مەترەیەك زیادکرێت .. ئەبێ ئەوەمان لە بیرنە چێت تۆپی سەبەتە لە یاریگایەکدا ناکرێت کە زەمینەکەی سەوزە نیابێت لە ناوەراستی یاریگاکەدا بازنەیەك دەکێشرێت کە نیوەی بەرەکەی ١٨٠ سم لە ناوەندی بازنەکەوە بۆ قەراغی دەرەوەی دەپێورێت وە لە ناویدا قوتریکی بەرامبەر هەردوو کۆتایەکی دەکێشرێت .

بیرەوەری باڵەوانەکانی بۆکسێن لەکێشەی قورسدا

■ ماکس شملنگ ■

■ فورمان ■

■ فرایزر ■

■ کەلای ■

لە شاری « لاس فیگاس » ئاهەنگێکی رێزگەتن بۆ هەموو ئەو کەسانە کەرراکە لەقەبی باڵەوانیەتی جیهانیان لە بۆکیسنی کیشەی قورسدا وەرگەتوەو تەنیا « جاك دمسی » کەتەمەنی (٨٢) ساڵەو « جینی تونی » کە تەمەنی « ٧٩ ساڵە » ئامادە نەبوون .

محمد علی کلای باڵەوانی ئیستای جیهانی ئامادەبو وەکسانی پێشکەشکردو میوانداریش « جون وایت »ی ئەکەرد ، ئەم ئاهەنگە « جو فریزر » و « جو لویس » و « ماکس شملنگ » و « جاك شارکی » و « ئەنگەلار جوهانسون » و « جیمی ئیلیس » و « کلوت » و « جورج فورمان » ئامادەبوون .

هەر باڵەوانیك پێشتنیکی باڵەوانی پێدراکە نرخەکەی (١٥٠٠) دۆلارە .

باڵەوانەکان یا دانساری خۆیانیان ئیررایەوە لەو کاتەوە « تونی » ساڵی ١٩٢٦ لەقەبەکەی لە « دمسی » سەندوو دوای ئەوە بە دوو ساڵ وازی هێناو ئینجا گەرایەوەو گرەوی لەگەڵ « شملنك » کردکە ئیستا تەمەنی (٧١) ساڵەو بەو جورە بوبە یەکەم باڵەوان بەبێ دزراندنی وازی لەیاری هینا .

دوای ئەوە بەدوو ساڵ « شارکی » گرەوی بردەوە ، لەئاهەنگەکەدا پرسیاریکی ئاسایی هاتەکایەوە :

ـ بۆکسێن ئەو ساباش بویان ئیستا ؟

ـ شملنك وتی : بەراورد ـ گرانە لەنێوان باڵەوانی ٤٠ یان پەنجا ساڵ لەمەوبەردا ، من وا ئەزانم کلای بوکیسنیکی چاکترە لەوەی شەڕکەرێ .

ـ شارکی وتی : باڵەوانەکانی ئیستا مەزنن بەڵام بەربەستی ئەوانیان بەهێزنیە .

ـ جو فریزر بەگالتەوە بەکلای وت : ئیستا دوو باڵەوان هەن پەنایان نەبردۆتە بەر کێشەی قورس « کین نورتون » و « جیمی یۆنگ » وابزانم گرەویان بۆ بکرێ تایزانین کامیان باڵەوانی ئەم کێشەیەن .

کەلە « فلویدباترسون » یان پرسی گەورەترین شەڕ لە یاریدا کردویەتی لە وڵاماونی : لە گەڵ باجدا ئەو شەڕە گەورەیەم کردوە .

Institut Kurde de Paris

هەنگاوێکی بەرەوپێشەوەی جۆرەکی لەژیانی سینەمای عیراقیدا

کەرتی سینەما وەك هەموو کەرتە چالاکەکانی تری وڵات بەهوی سەربەرشتیو بایەخ پیدانی شۆڕشی١٧ی تەموزەوەو گرنگی پیدانی وەزارەتی راگەیاندن بەم دەزگا راگەیاندنە هەنگاوی بەرەوپێشەوە ئەنێ ، دوای ئەوەی ماوەیەکی زۆربوو لەکێشەوبەرە یەکدابوو ،هەندی جار هەنگاوی بۆدواوە ئەنا جارێ ئەوەی زیاتر کاروباری کەرتی سینەما روون بێتەوە چاومان بە

وێنە

• بدریە •

یادداشتەکانی شارلی شاپلن

بەچێژترین شتێك .. بەرزەی خوێنەریکەوە .. کە زۆر بخوێنتەوە .. لە هەموو کونو قوژبنی جیهاندا .. ئەوا خوێندنەوەی یادداشتەکانە کە بەردەوام سەرنج رادەکێشێت .. لێرەدا نووسەر لە سەر کورسیی دان پیدانانداداده‌نیشێتو .. باسی ئەو رووداوانە دەکات کە لە ژیانیدا رووبان داوە .. بە دەستەلاتی خۆیو ئارەزووی خری .. ئەمە شتێکی سەرنج راکێشەری جوانە بەتایبەتی بۆ کەسە ناودارەکان .

« شاپلن »یش بێویستی بەناسراندن نییە .. یادداشتەکانی کراونەتە عەرەبی ..من خۆم دووجارم خوێندوەتەوە هیچ کاتێکیش بەم جۆرەم لێ نەوەشاوەتەوە .. بەڵام خۆشەویستیم بەرانبەر بەشاپلنی مرۆڤو دڵکرتنی قوولم بۆی وەك هونەرمەندێك بالیان پێوە بەنامو بەدەستی خۆم نەبوو .. ئەم پیاوە کورتە بالایە .. زۆر زیرەکە .. کە هەمیشە دەم بەپێکەنینە لەگەڵ ئەو هەموو دەردی سەری‌یانەی بەسەریدا هاتوون .. کەشبینی‌یەکی بەردەوام دەخاتە دڵمەوە بەرانبەر ژیان. لەوانەشە ئەمە هۆی ئەوە بێت کە بە دڵمدا چووە .

دیارترین شتێك لە یادداشتەکانی شاپلندا بێت ئەو باشکرایی‌و راشکاوی‌یەیە ، و نەکێشانی رووداوەکانو هەستو نەست دەربڕینەدا بەبێ هیچ پاکانە کردنێك بۆ هیچ کەسێك .

لە بەرگی یەکەمدا باسی ئەمەنی منداڵیی‌ی بۆ لە شکەنجەو راوتان دەکات .. کە لە نێوان باوکێکی سەرخۆش‌و دایکێکی نەخۆشی لەژێر رکێفی هەژاری‌یەکی رەشی قورسدا هەردەم

بروانە : ل : ١١

« ضیاء بەیاتی » بەریوەبەری سینەما لەدەزگای گشتی سینەماو شانۆکەوت .

• نەخشە

بەریوەبەری سینەما ئەڵێ :

نەخشەی ئەمسال وەك لەوەزارەتی راگەیاندنەوە راگەیەنراوە ، بۆسالی ١٩٧٧ دووفلیمی رۆمانو (١٢) تا (٢٠) فلیمی تۆماری‌تر بەرهەم ئەهێنێ دەربارەی جێبەجێ کردن ، دەزگاکە توانیویەتی ئەو نەخشەیەی بری دانراوە جێبەجێی بکات ، هەردوو فلیمە رۆمانەکەبەرهەم هێنراون کەبریتین لە « مالەکانی ئەو کۆلانە » کە دەرهێنانی « قاسم حول »ەو فلیمی « تاقی کردنەوە » دەرهێنانی « فوناد تهامی »و بەهۆزوانەش دەست ئەکرێ بەبەرهەمهێنانی فلیمی « رووبار » دەرهێنانی « فیصل یاسری »و چەند کاریکی‌تر هەن لە مانگەکانی ئاب‌و ئەیلولدا دەستیان پێ ئەکرێ . هەروەها فلیمی رۆمانی چوارەم هەیە ئەتوانرێ جێبەجێ بکرێ ، ئەمەمانای ئەوەیە دەزگاکە توانیویەتی لە ١٠٠٪ بەرهەمی بەدی بهێنێو ساڵیش هیشتا نیوەی ئەواوی ماوەو ئەتوانین کاری‌تر بەرهەم بهێنن .

دەربارەی فلیمی تۆمار ، ئەو نەخشەیەی دانراوە ـ١٢ـ تا ـ٢٠ـ فلیمی دیاری کردوە ، بەڵام بەرهەمی نیوەی ئەمسال ئەیشتێ‌تە ٢٧ فلیم، ئەمانە « بیرەوەری‌یەکانی ئەبات » دەرهێنانی محمد شکری جمیل‌و « میهرەجانی بەهار » دەرهێنانی صاحب حداد و «شارستانیەتی سۆمەری‌یەکان » دەرهێنانی توفیق صالح‌و ((ڕێکەوەبەرەو بەهارە » دەرهێنانی رفیق حجارو چەند فلیمێکی تریش هەنە بەم زوانە ئەواو ئەبن .

ضیاء بەیاتی وتی

هیشتا کاتێکی باشمان بەدەمەوەو ئەتوانین زیاتر لە (٥٠) فلیمی تۆمار بەرهەم بهێنین . دەزگای گشتی سینەماو شانۆ هەندێ خزمەت گوزاریش پێشکەش بە دام‌و دەزگا بەرهەم هێنەرەکان ئەکات . وەك دەرهێنانی فلیمك بۆ دەزگای خورماو هی‌تریۆ وەزارەتی جارەسەر کردنی کشتوکاڵو نەخشەو ئەندروستی‌و کومپانیای باتری‌و هی‌تر .

• میرەجانە جیهانیەکان

دەزگای گشتی سینەماو شانو لە چەند میهرەجانیکی جیهاندا بەشداری کردوە ، دواییەکەیان میهرەجانی کراکوفی سینەمای جیهانی‌بوو وەفدەکەمان بۆ ئەم میهرجانە (٥) کەس‌و (٣) فلیمە ، بەرلەوەش عیراق خەلاتی یەکەمی زنریشی لە سەر فلیمی « سۆزی بەرەوخاك »ی محمد شکری جمیل وەرگرت لە میهرجانی « کراکوف »داو چاوەرێ ئەکەین ئەمسالیش یەکێك لە فلیمە کانمان ئەرەو بەرئەوە .

ئەوەی شایانی باسە ئەو وەفدانەی لە میهرجانە جیهانیەکانی سینەمادا بەشداری ئەکەن ، [illegible] بەبەستو سینەمای عیراق لە وڵاتان ئەناسێنین ، دەرگاکەمان نیستا خزی ئامادە ئەکات تالە میهرەجانی جیهانی سینەمادا لە شاری « موسکۆ » بەشداری بکات‌و ئەو فلیمەش بۆ ئەم مەبەستە هەڵبژێردراوە فلیمی « سەر » « الراس »ەو وەرگێڕراوە بۆ زمانی روسی ، هەروەها فلیمی « الاعوار » کە ئەویش کراوە بە روسی .

• فلیمی سەر « الراس »

دەربارەی ئەم فلیمە بەرێوەبەری سینەما ئەڵی :

من ئەم فلیمە بەسەر ئای دەست پی کردنەوەی بزوتنەوەی سینەما لە وڵاتەکەماوا ئەزانم دوای ئەوەی سێ‌سال بوو وەستابوو ، بەباشی راپەرتنراو تەقەللایەکی باشی بۆدرا لە لایەن ئەو کادیرانەوە کاریان تیاکرد . سەرەتا فلیمی (تینوەکان ـ الظامئون » بو کە دوای شورشی ١٧ی تەموز بەرهەم هێنرا ، فلیمی «سەر» دەربارەی سامانی شوێنە وارەکانمان ئەدوێ کە ئەویستری بەزری ئەەش سامانی نەتەوەیە لەوڵاتدا ،کە ئەوسەمیری بەزری مانای ئەویستری شارستانیەتی نەتەوەیەمان بەزری ، فلیمەکە هەڵویستو وینەی سەرنج راکێشەری تیایە .

• فلیمی « رووبار »

ضیاء بەیاتی باسی فلیمی « رووبار » ئەکات کە بەمزوانە دەست ئەکرێ بەکارو ئەڵێ :

فلیمی « رووبار » باسی زیانی هاورێ یەکی تیکوشەری حزبی بەعسی عەرەبی سۆشیالست ئەکات لەتاوچەی سلمان باك ، چون ئەم هاورێیە بەشداری چالاکی کردوە بە قوربانی دانی کەیاندن‌و بڵاوکردنەوەی چایکراوەکانی حزبو چون توانیویەتی لەگەڵ هاورێ کانیا دژی بازرگانەکان کە راوچیە ماسی گرەکانیان ئەچەوساندەوە راوەستێنێ فلیمەکە لە جیرۆکی « رووبارو خۆلەمیش »ی محمد شاکر السبع وەرگیراوە .

• ناواتەکانی سینەما

دەزگاکە نیازی هەیە فلیمی زۆرتر بەرهەم بهێنێ ، نیستا هەوڵ ئەدات سیناریوی باش ئامادە بکات کە مادەی ئەساسی ساڵی‌دا هاتوبن ، کەئەەش بوو،ئەوا کادیرەکانی نیستاو کەرەستەی تەکنیکی توانای زیادکردنی بەرهەمی هەیە تارادەی زیاتر لەدوو فلیم ، بەەەش تارادەیەك ویستی وڵاتەکەمان بەفلیمی سەتەلی ی ڕەکەینەوە ، کە نیستا پارەیەکی زۆر بۆکرینی خەرج ئەکرێ . ئەمە لەلایەك لەلایەکی تریشەو دەزگاکە پارەیەکی باشی لە رنگەی فرۆشتنی فلیمەکانیەوەبەوڵاتانی تری عەرەبو هی‌تر دەست ئەکەوێ .

ـ بەشی لیکۆڵینەوە ـ هونەریە لەناو جەرەی

گەشتێکی « هاوکاری » بەناو تیپە هونەریەکانی سلێمانیدا

تیپی پێشرەوی شانۆی کوردی

